ڕووداو
RÛDAW
ژماره (510) دووشەممە 2018/6/25 - 4ی پووشپەڕ 2718 (750) دینار

## خوشک و برایەک لە سۆران بێسەروشوێن دەبن



**ڕووداو – سۆران**

زیلان و زریان کاژێر 10ی بەیانیی ڕۆژی هەینیی ڕابردوو ڕوخسەت لە دایکیان وەردەگرن بۆ ئەوەی سەردانی ماڵی داپیریان بکەن، بەڵام لە نێوان گەڕەکی شەهیدانی جوندیان و نەورۆزی قەزای سۆران دیار نامێنن و تاوەکو ئێستاش چارەنووسیان نادیارە. مامێکی ئەو دوو منداڵە گومان دەکات برازاکانی ڕفێنرابن.

زیلان عەلی عەزیز، تەمەن 13 ساڵ و زریانی برای کە تەمەنی 9 ساڵە، دانیشتووی گەڕەکی شەهیدانی جوندیانن لە قەزای سۆران.

ئەزوەر عەزیز کە مامی ئەو دوو منداڵەیە بە (ڕووداو)ی گوت: "زیلان و زریان ئەو ڕۆژە ڕوخسەتیان لە دایکیان وەرگرتووە، بۆ ئەوەی سەردانی ماڵە داپیریان بکەن کە لە گەڕەکی نەورۆزە لە سۆران، بەڵام بەداخەوە هەر لەسەر ڕێگای گشتی دیار نامێنن و تا ئێستا چارەنووسیان نادیارە".

وەک ئەزوەر باسی دەکات، زیلان و زریان کاتێک چوونەتە دەرەوە مۆبایلیان پێبووە، بەڵام لەو کاتەوەی دیارنەماون، مۆبایلەکانیشیان داخراوە.

بەڵام عەمید محەممەد موهاجیر، بەڕێوەبەری ئاسایشی ناوشاری سۆران ڕەتیکردەوە ئەو دوو مێردمنداڵە ڕفێنرابن و لە لێدوانێکدا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "هەموو سەرەداوەکان ئەوە دەردەخەن کە منداڵەکان نەڕفێنراون، بەڵکو دایکەکەیان کە خەڵکی باکووری کوردستانە، منداڵەکانی بردووە و ئەو شارەشی جێهێشتووە".

2 »

**ئیمپراتۆرییەتی تورکیا لە باکووری سووریا ڕەگ دادەکوتێ**
6

**ناڕازییەکان بەهۆی گۆڕانەوە لیستی هاوبەشیان پێ دروست نەکرا**
3

ئەحمەد تورک بۆ (ڕووداو):
**لەگەڵ ئەوە نەبووین لەیلا زانا بە کوردی سوێند بخوات**
7

ئاکەپە و هەدەپە هەڵبژاردنیان بردەوە و جەهەپە دۆڕا

## لە پەرلەمانییەوە بۆ سەرۆکایەتی

# تورکیای ئەتاتورک کۆتایی هات

4




(فۆتۆ: AFP)

ڕاپۆرت 6

**یەپەگە لە حکومەتی سووریا نزیک دەبێتەوە**



ڕاپۆرتەهەواڵ 2

**لە دهۆک شەش بەڕێوەبەر لە پۆستەکانیان دووردەخرێنەوە**

ئابووری 8

**داهاتی گەشتیاریی جەژنی ڕەمەزان 70 ملیار دینار بووە**



هونەری 10

سەلما میسری بۆ (ڕووداو):
**درامای سووری لە کوردستان وێنە دەگرین**



## ئەنجوومەنی ئاسایش هۆشداری دەداتە ئەوانەی "داڵدەی تاوانبار" دەدەن

**ڕووداو - هەولێر**

ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان رایدەگەیێنێت، لە راگەیێندراوێکدا دەڵێت، بەپێی ئامارەکان ماوەیەکە ڕێژەی تاوان لە شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان زیادیکردووە و ئەوەش بووەتە جێگەی نیگەرانیی هاووڵاتییان. ئەنجوومەنی ئاسایش راشیگەیاندووە، بە هاوکاری و هەماهەنگی لایەنە پەیوەندیدارەکان، دەستی بە جێبەجێکردنی ڕێکارە پێویستەکان کردووە بۆ ئەوەی بە توندی ڕووبەڕووی سەرپێچیکەران و تاوانباران ببنەوە. لە راگەیێندراوەکەدا ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان "هۆشداری دەداتە هەموو ئەو لایەن و کەسانەی کە بە داڵدەدانی تاوانباران یاخود دەستوەردان لە ڕێرەوی یاسا زەمینە بۆ پەرەسەندنی تاوان و دیاردەی درێو خۆشدەکەن.

### گومان دەکرێ ڕفێندرابن

# خوشک و برایەک لە سۆران بێسەروشوێن دەبن



زریان و زیلان لە ڕۆژی هەینی رابردووەوە لە ماڵ دەرچوون و نەگەڕاونەتەوە

**مەهدی محەممەد رواندزی**
**ڕووداو- سۆران**

کاژێر 10ی بەیانی ڕۆژی هەینیی رابردوو روخسەت لە دایکیان وەردەگرن بۆ ئەوەی سەردانی ماڵە داپیریان بکەن، بەڵام زیلان و زریان لە نێوان گەڕەکی شەهیدانی جوندیان و نەورۆزی قەزای سۆران دیار نامێنن و تاوەکو ئێستاش چارەنووسیان نادیارە. مامێکی ئەو دوو منداڵە گومان دەکات برازاکانی رفێنرابن.

زیلان، تەمەن 13 ساڵ و زریان عەلی عەزیز، تەمەن 9 ساڵ کە خوشک و بران، دانیشتووی گەڕەکی شەهیدانی جوندیانن لە قەزای سۆران. ڕۆژی هەینی رابردوو 2018/6/22 لە ڕێگای چوونیان بۆ ماڵە داپیریان دیار نامێنن و ون دەبن، کەسوکاریان لەو ڕۆژەوە سۆراخیان دەکەن، بەڵام هیچ سەرەداوێکیان دەستنەکەوتووە.

ئەزوەر عەزیز کە مامی ئەو دوو منداڵەیە بە (ڕووداو)ی گوت: "زیلان و زریان ئەو ڕۆژە روخسەتیان لە دایکیان وەرگرتووە، بۆ ئەوەی سەردانی ماڵە داپیریان بکەن کە لە گەڕەکی نەورۆزە لە سۆران، بەڵام بەداخەوە هەر لەسەر ڕێگای گشتی دیار نامێنن و تا ئێستا چارەنووسیان نادیارە".

> **ڕفێندراون**
> مامی دوو منداڵەکە

ئەزوەر گومان دەکات هەردوو برازاکەی لەلایەن باندێکەوە رفێندران و دەڵێت: "بەپێی جۆری دیارنەمانەکەیان دەردەکەوێ کە زیلان و زریان رفێنراون، بۆیە تەواوی دامودەزگا ئەمنییەکانی ناوچەکەمان ئاگادار کردووەتەوە. هەر شوێنێک بیرمان بۆی چووبێ سەردانمان کردووە".

باوکی زیلان و زریان پێشمەرگەیە، کاتێک منداڵەکانی دیار نەماون ئەو لە گوند بووە، بۆیە تا ئێوارە کە باوکیان گەڕاوەتەوە، ئەوکات هەستیان بە دیارنەمانی ئەو دوو منداڵە کردووە. هەروەک ئەزوەر باسی دەکات "کەوتینە سۆراغ پرسینیان، هەروەکو ئەوە وایە کە زەوی قووتی دابن"، ئەزوەر گوتیشی "کێشەمان لەگەڵ کەس نییە و ئەوەندەش دەوڵەمەند نین بڵێین بۆ پارە رفێنراون، ئەو ڕۆژەش کە لە ماڵەوە چوونەتە دەرەوە نەک هیچ کێشەیەکیان نەبووە، بگرە زۆر دڵیان خۆش بووە و خۆیان گۆڕیوەو جلوبەرگی جوانیان لەبەر کردووە لە خۆشی ئەوەی سەردانی ماڵە نەنکیان دەکەن، لەگەڵ ئەوەشدا پێشتر هیچ حاڵەتێکی رفاندن لە گەڕەکەکەی ئێمە نەبووە، بەڵام هەموو ڕێگاکانی دیارنەمانی ئەو دوو منداڵە ئەوەمان پێ دەڵێن کە رفێنرابن".

> **لەگەڵ دایکیان چوونەتە باکووری کوردستان**
> ئاسایشی سۆران

وەک ئەزوەر باسی دەکات، زیلان و زریان کاتێک چوونەتە دەرەوە مۆبایلیان پێبووە، بەڵام لەو کاتەوەی دیارنەماون، مۆبایلەکانیشیان داخراوە.

مامی زیلان و زریان لە ڕێگای (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ەوە داوا لە خەڵک دەکات خۆیان بە خاوەنی ئەو دوو منداڵە بزانن و لە هەر شوێنێک ئەوانیان بینیبێ یان زانیارییان لەبارەیانەوە هەیە پەیوەندی بە دەزگا ئەمنییەکانەوە بکەن، یان لە ڕێگەی ئەو ژمارە مۆبایلەوە (07501996464) ئەوان ئاگادار بکەنەوە.

### ئاسایشی سۆران: نەڕفێنراون

عەمید محەممەد موهاجیر، بەڕێوەبەری ئاسایشی ناوشاری سۆران ڕەتیکردەوە ئەو دوو مێردمنداڵە رفێنرابن و لە لێدوانێکدا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "دۆسیەکەیان لەلای پۆلیسە و لەژێر لێکۆڵینەوەدایە، بەڵام هەموو سەرداوەکان ئەوە دەردەخەن کە منداڵەکان نەڕفێنراون، بەڵکو دایکەکەیان کە خەڵکی باکووری کوردستانە، منداڵەکانی بردووە و ئەو شارەشی جێهێشتووە، بڕێک پارەشی لەگەڵ خۆی بردووە، بۆیە ئەوەی دەگوترێ لە بارەی رفاندنی ئەو دوو منداڵەوە دوورە لە راستی و ماوەیەکی دیکەش راستیی ڕووداوەکە دەردەکەوێت".

### خێزانی عەلی بەشار داوای لێبوردن لە حکومەتی ئەڵمانیا دەکەن

# کچە ئەڵمانییەکە لە خۆشەویستیی عەلی بەشار خۆی فێری کوردی کردبوو

**ناسر عەلی**
**ڕووداو- دهۆک**

ئەو کچە ئەڵمانەی بەدەستی کۆچبەرێکی کورد لە ئەڵمانیا کوژرا، لە خۆشەویستی بۆ ئەو گەنجە کوردە خۆی فێری زمانی کوردی کردبوو، هاوڕێیەکی تۆمەتبارەکە دەڵێت چەندینجار گوێی لە کچە ئەڵمانەکە بووە بە کوردی قسەی کردووە. ماڵباتی کۆچبەرە کوردەکەش بەهۆی تاوانی کوڕەکەیانەوە داوای لێبوردن لە حکومەتی ئەڵمانیا دەکەن، بەڵام راوێژکارێکی پەرلەمانی کوردستان رادەستکردنەوەی ئەو کۆچبەرە بە حکومەتی ئەڵمانیا بە ناسایی دەزانێ.

ڕۆژی 2018/6/8 پۆلیسی دهۆک گەنجێکی تەمەن 20 ساڵانی بەناوی عەلی بەشار، لە شارۆچکەی زاخۆ دەستگیرکرد، ئەو گەنجە تۆمەتبارە بە کوشتنی کچێکی تەمەن 14 ساڵانی ئەڵمانی بەناوی سوزانا فیلدمان. دوای دەستگیرکردنیشی رادەستی حکومەتی ئەڵمانیا کرا.

عەلی برا گەورەی پێنج برایانە و، سێ خوشکی لە خۆی گەورەتری هەن. دوو لە خوشکەکانی شوویان کردووە و لە ئەڵمانیان، عەلیش لە تشرینی یەکەمی 2015 چووەتە ئەڵمانیا.

> **رادەستکردنی عەلی بە حکومەتی ئەڵمانیا نایاسایە**
> راوێژکارێکی پەرلەمانی کوردستان

هاوڕێیەکی عەلی کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بە (ڕووداو)ی گوت: "دوای دوو ساڵ عەلی لە ئەڵمانیاوە پەیوەندی پێوەکردم و پێیگوتم هاوڕێیەکی کچی ئەڵمانیم هەیە، چەند جارێک کە قسەم لەگەڵ عەلی دەکرد، خۆشەویستەکەشی لەوێ بوو، بە کوردی پێیدەگوتم چۆنی، کوردستان زۆر خۆشە؟ لەبەر خاتری عەلی زۆر حەزی دەکرد فێری کوردی ببێ". هاوڕێکەی عەلی سەری لەو ڕووداوە سوڕماوە و دەڵێت: "ئێستاش باوەڕ ناکەم عەلی ئەو کارەی کردبێ".

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) تاوەکو ئێستا زیاتر لە 15 دەزگای میدیای بیانی بە تایبەتیش ئەڵمانی سەردانی دهۆکیان کردووە، بۆ ئەوەی قسە لەگەڵ ماڵباتی عەلی بکەن، بەڵام قسە ناکەن.

(ڕووداو) سەردانی ماڵی عەلی کرد لە گەڕەکێکی زاخۆ، دایکی عەلی کە عەرەبی فەللوجەیە و شووی بە کوردێکی زاخۆ کردووە، بە زمانی کوردی گوتی "ماڵمان وێران بوو، نازانین ئەمە چییە ڕوودەدات".

برایەکی عەلی کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، باسی گەڕانەوەی عەلی بۆ کوردستان کرد و گوتی: "عەلی لە ئەڵمانیا کاری دەکرد، پێش ساڵێک باوکم کە ئەویش لە ئەڵمانیا بوو، تووشی جەڵتە بوو، تەندروستیی زۆر خراپ بوو، بەردەوام دەیگوت کەی دەمبەنەوە کوردستان، لە کۆتایی مانگی رابردوو بڕیارماندا بۆ سەردان و لەبەر تەندورستیی باوکم بگەڕێینەوە کوردستان".

براکەی عەلی بێ ئاگایی خۆی و خێزانەکەی لەو تاوانەی عەلی نیشان دا و گوتی:"چەند ڕۆژێک بوو لە کوردستان بووین، تەندروستیی باوکم باش بوو، ڕۆژێک لە فەیسبووک هاوڕێکانم گوتیان عەلی کچێکی ئەڵمانی کوشتووە، کە بە ماڵەوەم گوت هەموویان تاسان، دواتر پۆلیس هات و عەلی دەستگیر کرد".

برای عەلی داوایەکی لە حکومەتی ئەڵمانیا هەیە و دەڵێت: "هەتا ئێستا هیچ بەڵگەیەک نییە کە بیسەلمێنێ عەلی ئەو کچەی کوشتبێت، چونکە ئەو ڕۆژەی ئەو کچە لە ئەڵمانیا کوژراوە، کوڕێکی دیکەش لەگەڵ عەلی بووە و پەنجەمۆری لەسەر جەستەی کچەکە بەجێماوە. بۆیە ئومێدەوارم براکەم ئەو کارەی نەکردبێ، ئەگەریش دەستی لەو تاوانەدا هەبووبێ، داوا لە حکومەتی ئەڵمانیا دەکەم کێشەی عەلی تێکەڵی ژیانی خێزانەکەی نەکەن، ئێمە سوپاسی حکومەتی ئەڵمانیا دەکەین کە چوار ساڵە باوەشی بۆ ئێمە کردووەتەوە".

لیوا تارق ئەحمەد، بەڕێوەبەری پۆلیسی دهۆک بە (ڕووداو)ی راگەیاند: "حکومەتی ئەڵمانیا لە ڕێگای وەزیری ناوخۆی هەرێمی کوردستانەوە زانیارییەکانی لەبارەی عەلی بۆ ناردین، دوای گەیشتنی سەرجەم زانیارییەکان، لەماوەی نۆ کاژێردا عەلیمان لە ماڵی خزمێکی لە دهۆک دەستگیر کرد".



عەلی بەشار

دوای دوو ڕۆژ لە دەستگیرکردنی عەلی، بەرپرسێکی ئەمنی لە ئەڵمانیاوە گەیشتە هەولێر و دواتر عەلی رادەستی حکومەتی ئەڵمانیا کرایەوە، ئەمەش کاردانەوەی لێکەوتەوە و هەندێک دەڵێن لە دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا نییە هاووڵاتیی خۆی رادەستی وڵاتێکی بێگانە بکات.

د.وەعد مزوری راوێژکاری یاسایی پەرلەمانی کوردستان بە (ڕووداو)ی گوت: "بەپێی یاسا نابێت هیچ تومەتبارێکی عێراقی رادەستی هیچ وڵاتێک بکرێت، ئەگەر لە وڵاتێکی دیکەش کێشەیەک بنێتەوە و بگەڕێتەوە عیراق، دەبێت بەپێی یاسای سزاکانی عێراق و لە دادگاکانی عێراق دادگایی بکرێ".

# لە دهۆک شەش بەڕێوەبەر لە پۆستەکانیان دووردەخرێنەوە

**ناسر عەلی**
**ڕووداو- دهۆک**

لە سنووری پارێزگای دهۆک گۆڕانکاری لە چەند پۆستێکی ئیداریدا دەکرێ، یەکێک لەو بەڕێوەبەرانەی لادراوە دەڵێت بەهۆی ئەوەی لە هەڵبژاردنی 12ی ئایار کاندیدی هاوپەیمانی بووە، بۆیە لادراوە. بەڵام بەرپرسێکی پارتی دەڵێ گۆڕانکارییەکان بەڕێوەبەری پارتیشی گرتووەتەوە.

بەپێی نووسراوێک کە کۆپییەکی دەست (ڕووداو) کەوتووە، ڕۆژی 2018/6/7 فەرمانی گواستنەوەی دادنووس سەرکەفت ئەسعەد کتۆ، بەڕێوەبەری فەرمانگەی دادنووسی ڕۆڤیا بۆ دادنووسی بەردەڕەش دەرچووە. بەپێی نووسراوەکە، ئەو دادنووسە لە پۆستەکەی لادراوە و تەنیا وەکو فەرمانبەرێکی ئاسایی لە فەرمانگەی دادنووسی بەردەڕەش دەوام دەکات.

هەروەها ڕۆژی 2018/6/20ش بە بڕیاری بەڕێوەبەری پەروەردەی ئامێدی، سێ بەڕێوەبەری قوتابخانەکانی سنووری ئەو پەروەردەیە لە پۆستەکانیان لادراون کە یەکێکیان لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقدا لە 12ی ئایاری رابردوو کاندیدی لیستی هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری بووە، لە شوێنی ئەو سێ بەڕێوەبەرە، سێ مامۆستا بە وەکالەت دانراون. بەهەمانشێوە لە سنووری قەزای زاخۆ دوو بەڕێوەبەری دیکە لە پۆستەکانیان دوورخراونەتەوە.

> **پارتی لێپێچینەوە لەگەڵ دەنگدەرانمان دەکات**
> هاوپەیمانی

مامۆستا فازڵ سەلام، بەڕێوەبەری ئامادەیی هەڤبوون لە سەنتەری ناحیەی دێرەلوک کە یەکێکە لە بەڕێوەبەرە لادراوەکان بە (ڕووداو)ی گوت: "19 ساڵە خزمەتی پەروەردە دەکەم، تاوەکو ئێستا جگە لە سوپاس و پێزانین، هیچ سزایەک لە دۆسیەکەمدا نییە، بەڵام دوای ئەو هەموو خزمەتە، فەرمانبەرێکی پەروەردەی ئامێدی تەلەفۆنم بۆ دەکات و دەڵێت لە پۆستەکەت دوورخراویتەوە، بەداخەوە ئەوە گەورەترین نادادپەروەرییە بەرامبەر ئێمە".

> **بەڕێوەبەرە پارتییەکانیش دەگۆڕدرێن**
> پارتی

فازڵ هەتا ئێستاش خۆی بە پارتی دەزانێت و دەڵێت: "مامۆستا سەمیر حەسەن، بەڕێوەبەری قوتابخانەی دێرەلوک کاندیدی هاوپەیمانی بوو، هەم خزمی نزیکی منە و هەمیش هاوڕێیەکی نزیکی منە، بۆیە بەردەوام هاتوچۆی یەکدیمان دەکرد". گوتیشی: "پێش چوار مانگ گلەییم لە پەروەردە کردبوو کە بۆچی پۆستێک بە من نادەن یان بۆ ناکرێم بە سەرپەرشتیاری پەروەردەیی، بەڵام لە جیاتی ئەوەی پلەم بەرز بکرێتەوە، لە پۆستەکەم لادراوم".

> **بە تەلەفۆنی کارمەندێکی پەروەردەی ئاکرێ لادرام**
> بەڕێوەبەرێکی لەکارلادراو

مامۆستا فازڵ گلەیی زۆری لە شێوازی لادانەکەی هەیە و دەڵێت "لە جیاتی ڕێوڕەسمم بۆ بکەن و سوپاسم بکەن، بە ئیهانە لادرام، هەر هیچ نەبووایە بەڕێوەبەری پەروەردە خۆی تەلەفۆنی کردبا، نەک کارمەندێکی ئاسایی".

لە ساڵانی رابردوودا یەکگرتووی ئیسلامی لە سنووری پارێزگای دهۆک زۆرجار گلەیی لە پارتی دەکرد کە زوو زوو ئەندام و لایەنگرانی لە پۆستەکانیان دووردەخاتەوە و پارتی کێشە بۆ دەنگدەرانی یەکگرتوو دروست دەکات، بەڵام ئەمجارە پارتی فۆکەسی خستووەتە سەر ئەندام و لایەنگرانی هاوپەیمانی، چونکە لە یەکەم هەڵبژاردندا کە تەنیا سێ مانگ بوو هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری دامەزرابوو، لە سنووری پارێزگای دهۆک نزیکەی 26 هەزار دەنگی هێناوە.

ناسر محەممەد سەعید، بەڕێوەبەری پەروەردەی قەزای ئامێدی دەڵێت :"گۆڕینی ئەو سێ بەڕێوەبەرە کارێکی ئاساییە و چەندین بەڕێوەبەری دیکەش دەگۆڕین".

لادانی ئەو سێ بەڕێوەبەرە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ناڕەزایی زۆری لێکەوتووەتەوە و هەندێکیان دەڵێن ئەو سێ مامۆستایە زۆر لێهاتوون، نابێ بەو جۆرە ڕەفتاریان لەگەڵ بکرێ.

عومەر عەلی، بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردەی دهۆک بە (ڕووداو) راگەیاند: "گۆڕینی بەڕێوەبەری قوتابخانەکان لە دەسەڵاتی پەروەردەی قەزاکاندایە، هیچ پەیوەندی بە لایەنی سیاسی ئەو بەڕێوەبەرانەوە نییە".

عەلی ئۆرەماری، سەرپەرشتیاری هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری بە (ڕووداو)ی راگەیاند: "لەم مانگەدا شەش بەڕێوەبەر ئەوانەی دەنگیان بە لیستەکەی ئێمە داوە، یان هاوکاریی ئێمەیان کردووە، لە پۆستەکانیان لادراون و زانیاریمان هەیە کە چەند کەسێکی دیکەش لادەدرێن".

بەڵام عومەر ئۆرەیی، بەرپرسی لقی 18ی پارتی لە ئامێدی ڕەتیکردەوە لادانی ئەو بەڕێوەبەرانە بەهۆی ئینتیمای سیاسییانەوە بووبێ و گوتی "لێرە دەست بە کۆمەڵێک گۆڕانکاری کراوە، لە چەند ڕۆژی داهاتوودا 20 بەڕێوەبەری دیکەش لە سنووری قەزای ئامێدی دەگۆڕدرێن کە بەڕێوەبەری پارتیشیان تێدایە".



## پەرلەمانی کوردستان پەیڕەوی خۆی هەموار دەکاتەوە

**ڕووداو – هەولێر**

بڕیارە ڕۆژی سێشەممە 26-6-2018 پەرلەمانی کوردستان دانیشتنێکی ئاسایی بکات. گفتوگۆکردنیش لەبارەی پرۆژەیاسای چاکسازی لە کارنامەکەدا نییە. دلێر ماوەتی، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکێتیی لە پەرلەمانی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند ڕۆژی سێشەممە پەرلەمانی کوردستان، بەمەبەستی تاوتوێکردنی هەمواری یاسای پەیڕەوەی ناوخۆ کۆدەبێتەوە. سەرۆکی فراکسیۆنی یەکێتی باسی لەوەشکرد، سەرۆکایەتی پەرلەمان و فراکسیۆنەکان دەیانەوێت پێش کۆتاییهاتنی ئەم خولە پەیڕەوی ناوخۆ هەمواربکرێتەوە. دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان بانگهێشتی ئەندامانی پەرلەمانی کردووە بۆ ئامادەبوون لە دانیشتنی ژمارە (1)ی ئاسایی خولی بەهارە، ساڵی پێنجەم لە خولی هەڵبژاردنی چوارەمی پەرلەمان، لە کاتژمێر 11ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی 26/6/2018.

راپۆرت
ڕووداو
ژمارە (510) - دووشەممە 2018/6/25

# بەدەست ژماردنەوەی دەنگەکان چاوەڕێی ڕێنمایی دادوەرانە

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو – سلێمانی**

ژماردنەوەی دەنگەکان بە دەست، دوایین هیوای ئەو حیزبانەیە کە لە ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق ڕازی نین و لەدوای 12ی ئایاری ئەمساڵەوە زۆرتر وەک "دەنگ دزراوەکان" خۆیان دەناسێنن. ئێستا هەموویان چاویان بڕیوەتە دەمی ئەو دادوەرانەی لەلایەن پەرلەمانی عێراقەوە دەسەڵاتی ئەوەیان پێدراوە سەرپەرشتی پرۆسەی ژماردنەوەکە بکەن. بەرپرسێکی هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری دەڵێ: "ئەگەر ژماردنەوەی دەنگەکان گۆڕانکاری گەورەی دروستنەکرد، مانای وایە جارێکی دیکە ساختەکاری لە سندوقەکانیشدا کراوە و دەبێ هەڵبژاردن دووبارە بکرێتەوە"، بزووتنەوەی گۆڕانیش پێیوایە ئەگەر بە دروستی و بەبێ فێڵکردن پرۆسەکە

> ### لە سلێمانی 4 کورسی زیاد دەکەین
> گۆڕان

بەڕێوە بچێت، زەماوەندی دوای هەڵبژاردن پێچەوانە دەبێتەوە.

ڕۆژی 21ی ئەم مانگە، دادگای فیدراڵیی عێراق لەبارەی تانەی حیزبەکانەوە دوایین قسەی خۆی کرد، بەڵام بە جۆرێک کە لەنێوان ڕازی و ناڕازی لە ئەنجامەکانی هەڵبژاردن، مەودایەکی هێشتەوە بۆ ئەوەی دڵخۆشی بەش بکەن. ناڕازییەکانی دڵخۆش کرد بە پشتیوانی لە دووبارە ژماردنەوەی دەنگەکان بە دەست، ڕازییەکانیش بە ڕەتکردنەوەی ئەو داوایەی دەنگدانی تایبەت و ئاوارەکانی بە نەبوو ئەژمار دەکرد.



لە هەفتەی داهاتووەوە دەست بە پرۆسەی ژماردنەوەی دەنگەکان بە دەست، دەکرێت (فۆتۆ: AFP)

ئێستا هەریەکە لە بزووتنەوەی گۆڕان و هاوپەیمانی و یەکگرتوو و کۆمەڵی ئیسلامی، چاوەڕێی هەڵبوونی گڵۆپی سەوز دەکەن بۆ دەستپێکردنی ژماردنەوەی دەنگەکان بە دەست.

هاوژین عومەر، بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی کۆمەڵی ئیسلامی، دەڵێ لەبەر ئەوەی شێوازی زۆر هەیە بۆ ژماردنەوەی دەنگەکان بە دەست، دەبێ ڕێنمایی دەربچێت "کۆمسیۆن تاوەکو ئێستا هیچ ڕێنماییەکی دەرنەکردووە، بۆیە دەست بە ژماردنەوە نەکراوە"، ئەو بەرپرسەی کۆمەڵی ئیسلامی نایشارێتەوە کە ئاماژە و هەوڵی ژێربەژێری ناڕاستەوخۆش هەن بۆئەوەی ئەنجامەکان وەک خۆیان بمێننەوە. "دەیانەوێ بە هەر جۆرێک لە جۆرەکان ڕێککەوتنێک بێتە ئاراوە یان لەسەر میکانیزمێک ڕێکبکەون، بەڵام ئێمە دڵنیاین ئەگەر بەشێوەیەکی ڕێکوپێک ئەو دەنگانە جیابکرێنەوە، ئەنجامەکان دەگۆڕێن".

ئەو بەرپرسەی کۆمەڵی ئیسلامی، هەندێک لە ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی پێشووی پەرلەمانی عێراق دێنێتەوە و دەیکاتە بنەمای پرسیار بۆ ڕەخنەگرتن لەو ئەنجامانە و دەڵێ: "ئێمە لە سلێمانی زیاتر لە 90 هەزار دەنگمان هەبوو، کەچی بۆ 57 هەزار کەمبووەتەوە و لە هەولێریش لە 80 هەزارەوە بۆ 30 هەزار دابەزیوە"، بۆیە دەڵێت: "50%ی دەنگەکانمان دزراون".

کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق، سەرجەم فەرمانبەرانی خستە ئامادەباشییەوە. بڕیاریش بوو ڕۆژی شەممە 2018/6/23 دەست بە ژماردنەوەی دەنگەکان بکرێت. پرۆسەیەک کە بە لای براوەی یەکەمی هەڵبژاردنەکانەوە درێژخایەن دەبێت و سەرەڕای ئەوەی گۆڕانکارییەک لە ژمارەی کورسییەکاندا دروست ناکات، عێراقیش دەخاتە نێو بۆشاییەکی یاسایی و حوکمڕانییەوە.

عادل لامی، ئەندامی هاوپەیمانی سائیروون لەبارەی ژماردنەوەی دەنگەکان بەدەست دەڵێ: "دەسەڵاتی پەرلەمان لە 2018/6/30 کۆتایی پێدێت و لە یەکی مانگی حەوت هیچ دەسەڵاتێکی نامێنێت، بەمەش تووشی بۆشایی دەستووری دەبین، چونکە تاوەکو ئەوکاتە جیاکردنەوەی دەنگەکان تەواو نابێت، حکومەتیش دەبێتە کاربەڕێکەر و ناتوانێت هیچ یاسایەک جێبەجێ بکات کە پێویستی بە دەنگدانی پەرلەمان هەبێ".

بەڵام ئەوەی بۆ حیزبە ناڕازییەکانی هەرێمی کوردستان زۆرتر جێی دڵەڕاوکێیە، کەمبوونەوەی قورساییانە دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامەکان و بەهیوای بەدەستهێنانەوەی ژمارەیەکن کە بتوانن پێیەوە وەک هێزێکی کاریگەر بچنەوە نێو پرۆسەی سیاسی و دانوستاندن.

> ### ژمارەی کورسییەکانمان دەبێتە 7 کورسی
> هاوپەیمانی

بەهار مەحموود، پەرلەمانتاری براوەی بزووتنەوەی گۆڕان لە پارێزگای سلێمانی، لەبەر ئەوەی دڵنیا نییە لەو ماوەیەدا سندووقەکان پارێزراو بووبن، ئەگەر زۆر بەکاردێنێ "ئەگەر دەستکاریی سندووقەکان نەکرابێ، دەنگەکانمان وەک بزووتنەوەی گۆڕان دەبنە دوو ئەوەندە، ئێمە چاودێرمان هەبووە بەلای سندووقەکانەوە، بەڵام هەموو سندووقەکان لە ژێر کۆنترۆڵدا نەبوون".

بزووتنەوەی گۆڕان لەم هەڵبژاردنەدا لە پارێزگای سلێمانی تەنیا 4 کورسی بەدەستهێنا. هێشتا بەرپرس و لایەنگرانی ئەو بزووتنەوەیە شۆکی کەوتن بەرینەداون. بەڵام بەهار مەحموود، دەڵێ لە خۆڕا هیوایان بە ژماردنەوەی دەنگەکاندا هەڵنەواسیوە "ئەگەر بەشێوەیەکی ڕاست و دروست پرۆسەکە بەڕێوەبچێ، ژمارەی کورسییەکانمان لە سلێمانی دەبنە 8 کورسی".

ئارام قادر، سەرپەرشتیاری گشتی دامەزراوەی هەڵبژاردنەکانی هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری، پێیوایە گۆڕانکارییەکانی دوای هەژمارکردنەوەی دەنگەکان "پێویستی بە پێشبینی نییە"، چونکە وەک ئەو دەڵێ، بەدەنگهاتنی پەرلەمان و دادگای فیدراڵی و ئەو بڕیارانە "بۆ خۆی داننانە بەوەی ساختەکاری گەورە کراوە و بێگومان ئەنجامەکان وەک ئێستا نامێننەوە".

ئارام قادر دڵنیایە لەوەی ئەگەر پرۆسەکە بەبێ کەموکوڕی و دەستکاریی بەڕێوەبچێت، هاوپەیمانی دەباتەوە نێو ژمارە قورسەکان و هاوسەنگیی هێز دەگۆڕێ "ئەگەر گۆڕانکاریی گەورەش ڕوونەدا، مانای وایە دیسان ساختەکاری کراوە و دەبێ هەڵبژاردن دووبارە بکرێتەوە"، بەڵام بەرپرسێکی دیکەی هاوپەیمانی کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، دەڵێ پێمانوایە ژمارەی کورسییەکانمان بۆ 7 کورسی زیاد دەبێ".

> ### ئەنجامی هەڵبژاردن گۆڕانی بەسەردا نایەت
> یەکێتی

تەنیا گۆڕان و کۆمەڵ و هاوپەیمانی نین کە تانەیان لە ئەنجامەکانی هەڵبژاردن داوە. هەریەکە لە یەکگرتووی ئیسلامی و سۆشیالیست و شیوعیش ڕەخنەیان هەیە و پارتی و یەکێتیش سکاڵایان لەسەر پارێزگاکانی بندەستی یەکدی هەیە. ئەمە وێڕای ئەو سکاڵایانەی لەلایەن حیزبە عێراقییەکانەوە بەسەر کۆمیسیۆندا باریون و هەر ئەوەش وای کردووە، عێراق بەهۆی هەڵبژاردنەوە، لەبەردەم چارەنووسێکی نادیار و تەمومژاویدا گیرسابێتەوە.

ئەندامێکی مەکتەبی هەڵبژاردنی یەکێتی، ڕەتیدەکاتەوە گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ بەسەر ئەنجامەکاندا بێت، چونکە وەک ئەو باسی دەکات، "گۆڕانکاری لە ئەنجامی دەنگی نێو ئەو سندووقانەدا دروستدەبێ کە هەژمار نەکراون یان بەهۆی ئەوەی ئامێرەکە نەیخوێندوونەتەوە، هێشتا مامەڵەیان لەگەڵ نەکراوە". بڕیار ڕەشید، گوتیشی: "ئەنجام ناگۆڕێ، بەڵام ئەگەر دەنگی ئەو سندووقانە هەژمار بکرێنەوە، لەوانەیە دەنگەکان بە ڕێژەیەکی کەم بگۆڕێن، لە هەموو حاڵەتەکاندا دەبێ ڕێنمایی بۆ ئەو پرۆسەیە دەربکرێ".

# ناڕازییەکان بەهۆی گۆڕانەوە لیستی هاوبەشیان پێ دروست نەکرا

**ئەرکان عەلی**
**ڕووداو – سلێمانی**

ئەو وادە درێژکراوەیەی بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانیی لیست و قەوارەکان دیاریکرابوو، ئەمڕۆ دووشەممە کۆتایی دێت، بەبێ ئەوەی چوار لایەنە ناڕازییەکە بتوانن لیستێکی هاوبەش لە کۆمیسیۆن تۆمار بکەن. ئێستا تەنیا هاوپەیمانی "سەردەم"ی هەریەک لە سۆسیالیست، کرێکاران و ڕەنجدەران و یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان، لای کۆمسیۆن تۆمار کراوە.

ئارام قادر، ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری کە سەرپەرشتیاری گشتی دامەزراوەی هەڵبژاردنەکانی هاوپەیمانییەکەشە، بە (ڕووداو)ی گوت: "لەسەر چەند ئاستێک و چەند جارێک قسەوباس و کۆبوونەوە بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانی کراوە، بەڵام هێشتا ناتوانین بڵێین گەیشتووینەتە کۆتایی چ بە پێکهێنانی یان بەجیا بەشداریکردنمان، بەڵام ئەوەی هەرچوارلامان مەبدەئی لەسەری ڕێککەوتووین، پێکەوە هاوپەیمانیش نەبین، دوای ئەنجامەکان پێکەوە یەک بەرە و پرۆژەی هاوبەشمان دەبێت".

ئێوارەی 12ی ئایار، چەند کاژێرێکی کەم دوای ئاشکرابوونی ئەنجامی سەرەتایی ڕاپۆرتی ئەلیکترۆنی سندووقەکانی دەنگدان، چوار هێزی سیاسی (گۆڕان، هاوپەیمانی، یەکگرتوو و کۆمەڵی ئیسلامی) لە گردی زەرگەتەی شاری سلێمانی کۆبوونەوە و ئەنجامەکانی هەڵبژاردنیان ڕەتکردەوە. لە دوای ئەو کۆبوونەوەیە، زۆرجار سەرکردەکانی ئەو هێزانە دەیانگوت ئەم پێکەوەییە بەردەوام دەبێت تاوەکو ئاستی هاوپەیمانی و یەک بەرەیی. بەڵام وادەی تۆمارکردنی هاوپەیمانی خەریکە کۆتایی دێت و هیچ هاوپەیمانییەک لە نێوانیاندا نەکراوە.

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو)، پێکهێنانی هاوپەیمانی بەهۆی بزووتنەوەی گۆڕانەوە سەرینەگرت، چونکە بزووتنەوەکە بڕیاری دا بەجیا بەشداری لە هەڵبژاردنەکەدا بکات.

محەممەد تۆفیق ڕەحیم، ئەندامی خانەی ڕاپەڕاندنی بزووتنەوەی گۆڕان، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "بابەتی هاوپەیمانی و پێکەوەیی ئیشی جڤاتی نیشتمانی بوو کە یەکلایی بکاتەوە، بەڵام تا ئێستا ئەو پرۆژەیە هەر تەنیا قسە بووە و ئەگەر بگونجایە ئێستا ئەنجامەکەی دیار بوو".

> **ئەندامێکی خانەی ڕاپەڕاندنی بزووتنەوەی گۆڕان**
> ### بابەتی پێکەوەیی بزووتنەوەی گۆڕان لەگەڵ هێزەکانی دیکە، شتێکە هەرگیز بڕوامان پێی نییە

تەنیا لایەنێک کە ویستی پێکهێنانی هاوپەیمانێتی "بەرەی دەنگدزراوەکان"ی هەبوو، یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بوو. ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردوو، سەلاحەدین محەممەد بەهائەدین، ئەمینداری گشتی ئەو حیزبە لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەڤانیدا، ئامادەیی حیزبەکەی بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانی دەربڕی.

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) ڕۆژی شەممەی ڕابردوو، لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی جێبەجێکردن، بۆچوونی زۆرینەی ئەنجوومەنەکە و ڕاپۆرتی ڕاپرسی نێو مەڵبەند و ڕێکخستنەکانی ئەو حیزبە، بە جۆرێک بووە کە یەکگرتوو ڕازییە بە پێکهێنانی هاوپەیمانی لەسەر هەرسێ ئاستی چوار قۆڵی یان بەرەی ئیسلامی یان دووقۆڵی.

شیروان شەمێرانی، ڕاوێژکاری سیاسی سەلاحەدین بەهائەدین، دەڵێ "ئەوەی بە ئەرێنی وەڵاممان بە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆش لێوەرگرتوونەتەوە، تەنیا هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەرییە، بەڵام دەسەڵاتی ئەو بڕیارەش لە لای سەرکردایەتیمانە کە ڕاببگەیەنێت بە تەنیا هاوپەیمانی و یەکگرتوو دەبنە هاوپەیمان یان بەجیا بەشداری دەکەین".

ڕۆژی یەکشەممە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی یەکگرتووی ئیسلامی بۆ تاوتوێکردنی دروستکردنی هاوپەیمانی لەگەڵ هاوپەیمانی دیموکراسی و دادپەروەریی یان بە تەنیا بەشداریکردن لە هەڵبژاردن کۆبووەوە.

لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی 2005 و 2009، یەکێتی و پارتی بەهاوبەشی "لیستی کوردستانی" یان پێکهێنا و ساڵی 2009 (یەکگرتوو، کۆمەڵ، سۆسیالیست و زەحمەتکێشان) بەناوی لیستی "خزمەتگوزاری و چاکسازی" و لیستی 7 پارتە چەپەکە بەناوی "ئازادی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی" بەشدارییان لە هەڵبژاردندا کرد.

ئەندامێکی خانەی ڕاپەڕاندنی بزووتنەوەی گۆڕان، کە داوای کرد ناوی بڵاونەکرێتەوە، دەڵێ "بابەتی پێکەوەیی بزووتنەوەی گۆڕان لەگەڵ هێزەکانی دیکە، شتێکە کە هەرگیز بڕوامان پێی نییە، چونکە ئێمە بزووتنەوەیەکی گەورەین، تەنیا پارتی بە ڕکابەری خۆمان دەزانین و هاوپەیمانی بەستن زیاتر بۆ ئەوانە باشە کە قەبارەی جەماوەرییان باش و جێگیر نییە و پێکەوە دەتوانن کورسی بێنن".

گوتیشی: "مادام شێوازی هەڵبژاردن بە لیستی کراوەیە و دەنگدەر لە نێو لیستەکە دەنگ بە کاندیدی دیاریکراو دەدات، هاوپەیمانی پێشوەختە، سوودی نییە".

لە سێ هەڵبژاردنی پێشوودا، لایەنە ئیسلامییەکان هەوڵی زۆریان دا بۆ پێکهێنانی لیست و بەرەی هاوبەش، بەڵام هەموو جارێک بۆ پەرلەمانی کوردستان هەوڵەکانیان بێئەنجام بووە. زۆرجاریش یەکگرتوو و بزووتنەوەی ئیسلامی، کۆمەڵ بە هۆکاری دروستنەبوونی لیستی ئیسلامی دەزانن.

هاوژین عومەر، بەرپرسی ناوەندی هەڵبژاردنەکانی کۆمەڵی ئیسلامی، پرسی هاوپەیمانی لە دۆخێکی ئاوادا کە کەس نازانێت ئایندەی کوردستان و پرۆسەی سیاسی لە عێراقیش چی لێدێت، بە گونجاو نازانێ "چونکە ناکرێت بە ساتەوەختێک و بەبێ پرۆژەیەکی تۆکمە، ئایندەی چوار هێز یان زیاتر و کەمتر بدەینە دەست قەدەری چوار ساڵی نادیار".

بەڵام ئەندامێکی ئەنجوومەنی سیاسی کۆمەڵ کە ڕازی نەبوو ناوی بهێنرێت، دەڵێ هاوپەیمانی چوار حیزبە ناڕازییەکە پرسێکی گرنگ و جددی نەبووە تاوەکو بەدوای هۆکارەکانی دروستنەبوونیدا بگەڕێین "تاوەکو ئێستا یەک کۆبوونەوە و یەک هەنگاوی کرداری بۆ نەنراوە و تەنیا قسە بووە. بەڵام لە دوای دەرکەوتنی ئەنجامی هەڵبژاردن، خواستی ئەوەمان هەیە کە پێکەوە کارنامە و پرۆژەی هاوبەشمان هەبێت، هەتا ئاستی ئەوەی ئەگەر ئەو چوار لایەنە زۆرینەی کورسییەکانمان هێنا، دەسەڵات لە یەکێتی و پارتی وەرگرین".



تەنیا یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان و هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری مەیلی هاوپەیمانێتییان هەبوو (فۆتۆ: ڕووداو)

بۆ هەڵبژاردنەکانی 12ی ئایاری پەرلەمانی عێراق، جگە لە (گۆڕان، هاوپەیمانی و کۆمەڵی ئیسلامی) کە لیستی "نیشتمان"یان لە سنووری پارێزگاکانی نەینەوا، کەرکووک، دیالە دروستکرد. لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، بزووتنەوە و پارتی چاکسازی و گەشە چوونە پاڵ یەکگرتوو.

کامیل مەحموود، گوتەبێژی بزووتنەوەی ئیسلامی باسی کۆبوونەوەی ڕۆژی سێشەممەی ڕابردووی حیزبەکەیان دەکات و دەڵێت: "ئێمە لەناو کۆبوونەوەکەوە پەیوەندیمان بە برایانی یەکگرتوو و کۆمەڵەوە کرد، پێمانگوتن ئامادەین بۆ هاوپەیمانیی ئیسلامییەکان، بەڵام تا ئێستا ئەوان وەڵامیان نەداوینەتەوە".

بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، کە بڕیارە لە 30ی ئەیلولی ئەمساڵ بەڕێوە بچێت، 38 لیست و قەوارە بۆ کێبڕکێ لەسەر 111 کورسی، ناویان لە کۆمسیۆن تۆمار کردووە. هەندێک لە بەرپرسانی چوار پارتە ناڕازییەکە، بە پاساوی ئەگەری دووبارە درێژکردنەوەی ماوەی تۆمارکردنی هاوپەیمانی لای کۆمسیۆن، هیوا دەهێڵنەوە بۆ گفتوگۆی زیاتر لەوبارەیەوە، بەڵام کۆمسیۆن بڕیاری داوە جارێکی دیکە وادەکە درێژ نەکاتەوە.

ئیسماعیل خورماڵی، بڕیاردەری کۆمسیۆمی هەڵبژاردنەکان گوتی "ڕۆژی دووشەممە کاژێر 11 دەرگای تۆمارکردنی هاوپەیمانی دادەخەین و یەک خولەکیش درێژی ناکەینەوە، چونکە دڵنیاین جگە لەو هاوپەیمانییەی بەناوی سەردەم تۆمارکراوە، هاوپەیمانیی دیکە دروست نابێت و داواکردنی کاتی زیاتر، تەنیا پاساوە".



## هەدەپە بەربەستی بڕی، ئەردۆغان خەونەکانی وەدی دەهێنێ

# ئاکەپە و هەدەپە هەڵبژاردنیان بردەوە و جەهەپە دۆڕا

رێبوار قاسم و ناسر عەلی
رووداو- هەولێر

رۆژی یەکشەممە خەڵکی تورکیا بڕیاریان دا بۆ ماوەی 5 ساڵی داهاتوو رەجەب تەیب ئەردۆغان و پارتەکەی لەسەر کورسیی دەسەڵات بهێڵنەوە، لەکاتێکدا پارتی دیموکراتیکی گەلانیش بە سەرکردە بەندکراوەکەیەوە توانی بەربەستی 10% ببڕێ. سەرکەوتنەکەی پارتی دادوگەشەپێدان دەسەڵاتی بەرفراوان بە سەرۆکی وڵات دەدات و سیستەمی سەرۆکایەتی بە کردەوە دەخاتە بواری جێبەجێکردنەوە و تورکیا بەتەواوی پێ دەنێتە قۆناغێکی نوێ لە ماوەی سەت ساڵی رابردوودا.

### هەدەپە سەرکەوتنەکەی پاراست

پارتی دیموکراتیکی گەلان (HDP) توانی بەربەستی 10 %ی هەڵبژاردنی پەرلەمانی تورکیا ببڕێ و درێژە بەو سەرکەوتنە بدات کە لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان لە حوزەیرانی 2015 دەستیپێکرد، کاتێک توانی 13 %ی دەنگەکان بهێنێ.

لەدوای یەکلاکردنەوەی 97.5%ی ئەنجامی دەنگدان بۆ پەرلەمانی تورکیا، هەدەپە 11.5%ی دەنگەکانی مسۆگەر کرد. دەنگەکانی هەدەپە لە هەڵبژاردنی ئەمجارەدا بە رێژەی 1.5% لەچاو هەڵبژاردنەکانی حوزەیرانی 2015 دابەزیوە و ژمارەی کورسییەکانی پارتەکەش لە چاو هەمان هەڵبژاردن 13 کورسی کەمی کردووە.

لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی تورکیا لە تشرینی دووەمی 2015، هەدەپە 5 ملیۆن و 148 هەزار دەنگی هێنا و 59 کورسی بردەوە. لە هەڵبژاردنی 24ی حوزەیراندا زیاتر لە 5 ملیۆن و 577 هەزار دەنگی هێنا و 67 کورسی مسۆگەر کرد و هەشت کورسی زیاد کرد.

هەدەپە لەکاتێکدا لەو هەڵبژاردنەدا بەشداری دەکات کە ژمارەیەکی زۆر لە سەرۆک شارەوانییەکانی لە گرتووخانەکانی تورکیادان. سەلاحەدین دەمیرتاش، هاوسەرۆکی پێشووی پارتەکە و کاندیدی هەدەپە بۆ پۆستی سەرۆکایەتی، لە گرتووخانەی ئەدرنەوە و لە رێگەی تویتەرەوە کەمپینی بۆ خۆی و پارتەکەی دەکرد. دەمیرتاش لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی تورکیا لە 2014 نزیکەی 3 ملیۆن و 958 هەزار دەنگ، واتە 9.76 %ی دەنگەکانی هێنا. لە هەڵبژاردنی پێشوودا رێژەی بەشداریی 74% بوو. لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمجارەدا دەمیرتاش زیاتر لە 4 ملیۆن و 48 هەزار دەنگ، واتە 8.22 %ی دەنگەکانی هێنا.

تۆمەتی ساختەکاری لە هەڵبژاردن لە کاژێرە بەراییەکانی هەڵبژاردنەوە بەرز بوونەوە، بەتایبەتیش لە ناوچەی پرسوس لە باکووری کوردستان کە دەکەوێتە پارێزگای روها. رێکخراوی ئاسایش و هاوکاریی ئەوروپا 22 چاودێری درێژخایەن و 350 چاودێری کورتخایەنی رەوانەی تورکیا کردبوو، دوای ئەوەی سەرکردەکانی ئۆپۆزیسیۆن لە رۆژانی رابردوودا باسیان لە ئەگەری ساختەکاری لە هەڵبژاردنەکاندا کرد.

لە هەندێک لە ناوچە گوندییەکانی باکووری کوردستان سندوقەکانی دەنگدان لەبەر "هۆکاری ئەمنی" بۆ گوندەکانی دیکە گوازرابوونەوە. ئەم هەنگاوە نەیتوانی خەڵکی ئەو ناوچانە لە دەنگدان دڵسارد بکاتەوە، لەکاتێکدا دەیانزانی دەنگی ئەوان کاریگەری گەورەی دەبێت لەسەر ئەوەی پارتی دیموکراتیکی گەلان بتوانێ بەربەستی 10% بۆ چوونە ناو پەرلەمان ببڕێ.

### ئاکپارتی و ئەردۆغان

24ی حوزەیران ئەو رۆژەیە کە ئەردۆغان هیچکات لەبیری ناکات، لەو رۆژەدا ئەردۆغان خەونی لەمێژینەی خۆی بۆ گۆڕینی سیستەمی سیاسیی تورکیا لە پەرلەمانییەوە بۆ سەرۆکایەتیی خستە بواری جێبەجێکردنەوە. سەرەڕای گشتپرسییەکەی 2017 کە تێیدا زۆرینەی خەڵک دەنگیان بۆ گۆڕینی سیستەمی سیاسی دابوو، ئەو پاکێجە تاوەکو کۆتایی رۆژی یەکشەممەش هەر وەکو گریمانە مابوو، لەکاتێکدا سەرکردەکانی ئۆپۆزیسیۆن بڕیاریان دابوو لە دەسەڵاتی سەرۆکایەتی کەم بکەنەوە.

لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیدا ئەردۆغان توانی زیاتر لە 52%ی دەنگەکان بهێنێ، واتە زیاتر لە 25 ملیۆن و 781 هەزار دەنگ. لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی 2014دا، ئەردۆغان 21 ملیۆن دەنگ، واتە ٪51.79ی دەنگەکانی هێنابوو.

لە هەڵبژاردنی پەرلەمانیی تورکیادا، ئاکپارتی 20 ملیۆن و 826 هەزار دەنگی بەدەستهێنا کە دەکاتە 42.45 %ی کۆی دەنگەکان، بەو پێیەش ئاکپارتی 293 کورسی مسۆگەر کردووە. لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی تشرینی دووەمی 2015دا ئاکپارتی زیاتر لە 23 ملیۆن و 681 هەزار دەنگی هێنابوو. لە هەڵبژاردنەکەی تشرینی دووەمی 2015دا رێژەی بەشداری 85.18% بوو، ئاکپارتیش317 کورسی بەدەستهێنابوو. بەمەش لە هەڵبژاردنەکەی رۆژی یەکشەممەدا ئاکپارتی 24 کورسی کەم کردووە.

### شکستێکی دیکەی ئۆپۆزیسیۆن

شکستی گەورەی هەڵبژاردنەکانی رۆژی یەکشەممە بەر ئۆپۆزیسیۆن و بەتایبەتیش پارتی گەلی کۆماریی تورکیا کەوت. پارتی گەلی کۆماری لە هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەی پەرلەمانی تورکیادا 11 ملیۆن و 89 هەزار دەنگی بەدەستهێنا، واتە 22.7%ی دەنگەکان. بەو پێیەش پارتی کۆماری 147 کورسی بەدەستدەهێنێ.

پارتی کۆماری لە هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەی تورکیادا لەگەڵ هەر یەک لە (ئی پارتی) و پارتی سەعادەت هاوپەیمانێتییەکیان بەناوی "هاوپەیمانێتی گەل" پێکهێنابوو. ئی پارتی، بەسەرۆکایەتی مەراڵ ئاکشەنەر، لە هەڵبژاردنی ئەمجارەدا 10.08%ی دەنگەکانی هێنا و بەپێی ئەنجامەکان 45 نوێنەر رەوانەی پەرلەمانی تورکیا دەکات. ئاکشەنەر خۆی کاندیدی پۆستی سەرۆکایەتی تورکیاش بوو، بەڵام تەنیا 7.45%ی دەنگەکانی هێنا.

هاوپەیمانی گەل توانیویەتی زیاتر لە 34%ی دەنگەکان بەدەست بهێنێ کە رێژەیەکی زۆر کەمترە لەوەی پێش هەڵبژاردنەکان چاوەڕێیان دەکرد.

پێش هەڵبژاردنەکانی رۆژی یەکشەممە، ئەردۆغان لە 12 هەڵبژاردندا سەرکەوتنی بەدەستهێنابوو. سەرکەوتنەکەی پارتی دادوگەشەپێدان لە رۆژی یەکشەممەدا، سەلماندی هۆکاری شکستە یەک لەدوای یەکەکانی ئۆپۆزیسیۆن زۆر لەوە قووڵترە تەنیا لە پارچەپارچەبوونی ریزەکانیاندا کورت بکرێتەوە.

### مەهەپە براوەیەکی دیکەی هەڵبژاردن

یەکێک لە سوڕپرایزەکانی هەڵبژاردنی ئەمجارەی سەرۆکایەتی و پەرلەمانی تورکیا رێژەی دەنگی پارتی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی تورک (مەهەپە) بوو کە توانی 49 کورسی پەرلەمان بەدەستبهێنێ. ئەو ژمارە کورسییەی مەهەپە لە کاتێکدایە کە ساڵی پار بەشێکی زۆر لە ئەندامانی ئەو پارتە لەگەڵ ئاکشەنەر رۆیشتن و لێی جودابوونەوە و ئی پارتییان پێکهێنا. مەهەپە لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی تورکیادا لەگەڵ ئاکپارتی هاوپەیمانیی کۆماریان پێکهێنابوو. ئەم هاوپەیمانێتییە توانیویەتی 53.58%ی دەنگەکان بهێنێ.

ئەگەر ئەم هاوپەیمانێتییە دوای هەڵبژاردنەکانیش بەردەوام بێت (کە چاوەڕێش دەکرێ هەر وابێ)، ئەوە ئەردۆغان نەک هەر سەرۆکایەتی کۆماری مسۆگەر کردووە، بەڵکو زۆرینەی پەرلەمانیشی بۆ هاوپەیمانێتییەکەی ئاکپارتی و مەهەپە بەدەستهێناوە.

### بێبەشبووەکان

بەپێی بەدواداچوونێکی (رووداو) 15 هەزار کوردی باکووری کوردستان کە زیاتر لە 20 ساڵە لە باشووری کوردستان دەژین، لە مافی دەنگدان بێبەش بوون. زۆربەی ئەوانەش ئەو پەنابەرانەن کە لە 1994ەوە بە زۆر لە ناوچە سنوورییەکانی باکووری کوردستان دەرکراون و ئاوارەی هەرێمی کوردستان بوون.

حەسەن یەڵماز، پەنابەری باکووری کوردستان لە قەزای سێمێل، لە رێگای میدیاکانەوە چاودێری هەڵبژاردنەکان دەکات، هەرچەندە لە ماڵەکەیدا 12 کەس مافی دەنگدانیان هەیە کە سێیان هاوژینەکانین. یەڵماز بە (رووداو)ی گوت "تورکیا خۆی بە وڵاتێکی دیموکرات دەزانێ، کەچی ئێمە 20 ساڵە دەرکراوین و تەنانەت مافی ئەوەمان نییە لێرەشەوە دەنگ بدەین. کاتێک سەیری ئەم هەڵبژاردنە دەکەم، خەریکە دڵم شەق بەرێت، چونکە ناتوانین دەنگ بدەین".

حەسەن چەندین جار هەوڵی ئەوەی داوە خۆی و خێزانەکەی مافی دەنگدانیان هەبێ، بەڵام وەکو خۆی دەڵێ "تورکیا نایەوێ لە دوورەوڵاتیش مافی دەنگدانمان هەبێ".

ئەمساڵ نزیکەی 1.5 ملیۆن کەس لە ماوەی 13 رۆژدا لە دەرەوەی خاکی تورکیا دەنگی خۆیان خستە سندوقەکانەوە. ئەردۆغان و پارتەکەی دەنگێکی بەرچاویان لە ناو خەڵکی تاراوگەنشینی تورکیادا هەیە. دەنگەکانی دەنگدەرانی دیاسپۆراش رەوانەی تورکیا کرایەوە و هاوکات لەگەڵ دەنگی نێوخۆ جیاکراوە و ژمێردرا.

حەسەن بە چاوی پڕ فرمێسکەوە بە (رووداو) دەڵێت: "خۆزگە توانیبامان دەنگ بە خۆمان و بەربژێری خۆمان لە زیندان بدەین و هەر ئەو رۆژەش گیانم دەرچووبا. چونکە هەموو دەنگێک بۆ کورد گرنگە و گوللەیەکە بۆ چاوی دوژمن".

لە ساڵی 1994ـەوە نزیکەی 13 هەزار کوردی باکوور لەلایەن حکومەتی تورکیاوە ئاوارەی هەرێمی کوردستان کران، لەو ژمارەیە هەشت هەزار کەسیان لە سنووری پارێزگای کەرکووکن و ئەوانی دیکەیان لە پارێزگاکانی هەولێر، سلێمانی و کەرکووک دەژین. 2000 دیکەش ئەوانەن کە لە پەکەکە جیابوونەتەوە و ئێستا لە باشووری کوردستان نیشتەجێن.

هەڤاڵ باکووری چوار ساڵە وازی لە پەکەکە هێناوە و لە دهۆک دەژی. هەڤاڵ یەکێک بووە لەو هەزاران کەسەی نەیتوانیوە دەنگ بدات و دەڵێ "ئێمە وازمان لە پەکەکە هێناوە، بەڵام ناتوانین بچینە تورکیا، چونکە لێپێچینەوەمان لەگەڵدا دەکرێ، هەر لەبەر ئەوەش ناتوانین دەنگ بدەین".

نزار محەممەد، بەڕێوەبەری کۆچ و کۆچبەرانی دهۆک لەمبارەیەوە بە (رووداو)ی راگەیاند، ئەوان ئاگاداری ئەو کێشەیەن و چەندینجار داواکاری ئەو خەڵکەیان گەیاندووەتە لایەنی بەرپرسیار، بەڵام هەر چارەسەر نەکراوە، چونکە لایەنی تورکی ئەوان بە سیاسی دەزانێ نەک کۆچبەری ئاسایی.

لە هەڵبژاردنەکانی رۆژی یەکشەممەی تورکیادا، زیاتر لە 56 ملیۆن کەس مافی ئەوەیان بوو دەنگەکانی خۆیان بخەنە ناو 180 هەزار سندوقی دەنگدانی تورکیاوە و چارەنووسی 600 کورسی پەرلەمان و کورسی سەرۆککۆماری داهاتووی وڵاتەکەیان دیاری بکەن. لە باکووری کوردستان 10 ملیۆن و 131 هەزار کەس مافی دەنگدانیان هەبوو، واتە 17 % دەنگەکانی تورکیا دەکەوێتە ناوچە کوردییەکان.

لە ماوەی 10 ساڵی رابردوودا هیچکات ئۆپۆزیسیۆن هێندە یەکرێز نەبووە، هەر ئەوەش وایکرد هەڵبژاردنەکانی رۆژی یەکشەممەی تورکیا بە یەکێک لە گەرموگوڕترین هەڵبژاردنەکانی مێژووی نوێی تورکیا لەقەڵەم بدرێ، کە تێیدا رێژەی بەشداری زیاتر لە 87 % بێت، واتە 47 ملیۆن و 346 هەزار دەنگی پشتڕاستکراو.

لە هەڵبژاردنی پەرلەماندا هەشت پارتی سەرەکی و 68 کاندیدی سەربەخۆ بەشدارییان کردبوو. بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی تورکیا 4800 بەربژێر لە سەرجەم حیزبەکانەوە بەشداری پرۆسەکە بوون، لەو ژمارەیە 977 بەربژێریان ژن بوون.

### تورکیا بەرەو کوێ دەچێت؟

خەڵکی تورکیا لەکاتێکدا روویان لە سندوقی دەنگدان کرد کە وڵاتەکەیان بەسەر دوو بەرەی گەورەی ئۆپۆزیسیۆن و بەرەی ئەردۆغاندا دابەش ببوو، چاوەڕێ دەکرێ دوای هەڵبژاردنەکانیش ئەو درزە گەورە کۆمەڵایەتییە لە تورکیا بەردەوام بێ.

لەدوای سەرکەوتنەکەی رۆژی یەکشەممە، ئەردۆغان پۆستی سەرۆکایەتی وەزیران هەڵدەوەشێنێتەوە، دەسەڵاتی پەرلەمان کەم دەکاتەوە، بەتایبەتیش کە هاوپەیمانێتییەکەی ئاکپارتی و ئەردۆغان توانیویەتی زۆرینەی کورسییەکان مسۆگەر بکات. بەڵام لە ئێستا بەدواوە ئەردۆغان و حکومەتەکەی دەبێ بیر لە ئابووریی داتەپیوی تورکیا بکەنەوە کە تێیدا رێژەی هەڵاوسان هەتا 11% بەرز بووەتەوە.

سەرەتا بڕیار بوو هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی و سەرۆکایەتی لە مانگی تشرینی دووەمی 2019 بەڕێوەبچن، بەڵام ئەردۆغان وادەی هەڵبژاردنەکانی یەک ساڵ و نیو هێنایە پێشەوە.

هەڵبژاردنەکانی 24ی حوزەیران لەکاتێکدا بەڕێوەچوون کە تورکیا بە دۆخی ئاوارتەدا تێدەپەڕێ. سەرکردەکانی ئۆپۆزیسیۆنی تورکیا جەختیان لەوە دەکردەوە کە دۆخی ئاوارتە هۆکارێکە بۆ ئەوەی کەمپینی هەڵبژاردنەکان بەشێوەی دادپەروەرانە بەڕێوەنەچن. موحەرەم ئینجە، کاندیدی پارتی کۆماری بۆ پۆستی سەرۆکایەتی کۆمار، رۆژی یەکشەممە رایگەیاند ئاژانسە میدیاییەکانی نزیک لە حکومەت بە هەڵە ژمارەی دەنگە ژمێردراوەکان و ئەنجامی هەڵبژاردنەکان بڵاودەکەنەوە. ئەردۆغان پێش راگەیاندنی ئەنجامەکان لەلایەن دەستەی باڵای هەڵبژاردنەکانی تورکیا گوتاری سەرکەوتنی خۆی پێشکەش کرد.

هەدەپە شاری زیاتری بردووەتەوە لە جەهەپە

بەپێی ئەنجامە بەراییەکان هەدەپە لە 11 شاری تورکیا سەرکەوتنی بەدەستهێناوە، لە کاتێکدا جەهەپە کە بە دووەم هێزی تورکیا دەناسرێ تەنیا لە هەشت شار سەرکەوتنی مسۆگەر کردووە. ئاکپارتیش کە بۆ ماوەی پێنج ساڵی دیکە پارتی دەسەڵاتداری تورکیا دەبێ لە 62 شاری تورکیا سەرکەوتنی بەدەستهێناوە.

### رێژە و کورسیی حیزبەکان

| حیزب | رێژە | کورسی |
|---|---|---|
| ئاکپارتی | % 42.5 | 293 |
| جەهەپە | % 22.7 | 147 |
| هەدەپە | % 11.6 | 67 |
| مەهەپە | % 11.1 | 49 |
| ئی پارتی | % 10.0 | 44 |

### دەنگی کاندیدەکانی سەرۆکایەتی کۆمار( 98.3%ی دەنگی جیاکراوە):








| حیزب | کاندید | دەنگ | رێژە |
|---|---|---|---|
| هەدەپە | سەلاحەددین دەمیرتاش | 4.138.284 | % 8.4 |
| ئاکپارتی | رەجەب تەیب ئەردۆغان | 26.036.627 | % 52.5 |
| جەهەپە | موحەڕەم ئینجە | 15.202.826 | %30,7 |
| ئی پارتی | مەراڵ ئاکشنەر | 3.635.219 | %7,4 |
| پارتی سەعادەت | تەمەل کەرەموڵلا ئۆغلو | 441.116 | %0,9 |
| پارتی نیشتمان | دۆغۆ بارینچاک | 97.928 | %0,2 |

هەفتەی داهاتوو دەژمێردرێنەوە

# دادوەرێکی عەرەب سەرپەرشتی ژماردنەوەی دەنگەکانی کەرکووک دەکات

**سروە ئەحمەد**
**رووداو – کەرکووک**

دوای پشتگیریی دادگا بۆ بڕیارەکەی پەرلەمانی عێراق لەبارەی ژماردنەوەی دەنگەکانی هەڵبژاردنی 12ی ئایاری ڕابردوو بە دەست، بڕیارە هەفتەی داهاتوو لەژێر سەرپەرشتی دادوەرێکی عەرەب، دەنگەکانی پارێزگای کەرکووک بە دەست بژمێردرێنەوە.

پێش دەستپێکردنی پرۆسەکە، ئەنجوومەنی سیاسی عەرەبی و بەرەی تورکمانی لە ڕێگەی بەیاننامەیەکەوە داوایان لە حکومەتی عێراق کرد سەرۆکی لقی کەرکووکی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان کە کوردە، لە پۆستەکەی دووربخاتەوە، دواتر دەست بە ژماردنەوەی دەنگەکان بکرێ.

بەرەی تورکمانی کە لە هەڵبژاردنی 12ی ئایاردا سێ کورسی لە پارێزگای کەرکووک هێنا، چاوی لەوەیە بەهۆی ژماردنەوەی دەنگەکان بە دەست، کورسییەکی دیکە زیاد بکات.

عەلی موفتی، گوتەبێژی بەرەی تورکمانی بە (رووداو)ی ڕاگەیاند: "بەڵگە و داتاکانمان دەریدەخەن کە ساختەکاری لە هەڵبژاردنەکە کراوە، ئێمە وەکو تورکمان بەشی چوار کورسی دەنگمان هێناوە، لەوە دڵنیاین دەنگەکانمان دزراون، پێمانباشە دەنگەکان دووبارە دەژمێردرێنەوە، بەڵام بەو مەرجەی سەرۆکی لقی کەرکووکی کۆمیسیۆن لە پۆستەکەی دووربخرێتەوە، چونکە سەرچاوەی ساختەکارییەکانە".

موفتی پێشبینی دەکات لە ژماردنەوەی دەنگەکاندا گۆڕانکاری بەسەر دەنگی لایەنەکاندا بێ و کورد چوار کورسی، عەرەب چوار کورسی و تورکمانیش چوار کورسی بهێنن. هەروەها دەڵێت کورسییەکی یەکێتی بۆ لیستی نیشتیمان دەچێ.

یەکێتی لە کەرکووک دژی دووبارە ژماردنەوەی دەنگەکانە، چونکە پێیوایە عەرەب و تورکمان دەستکاری سندوقەکانی هەڵبژاردنیان کردووە.

ڕەوەند مەلا مەحموود، جێگری لێپرسراوی مەڵبەندی دووی یەکێتی دەڵێت: "هیچ ترسێکمان لە ژماردنەوەی دەنگەکان بەدەست نییە، لە خەڵکی خۆمان دڵنیاین کە دەنگیان بە ئێمە داوە، بەڵام حەشدی شەعبی و لە نێویشیان حەشدی تورکمان، دوای هەڵبژاردن ماوەی سێ ڕۆژ دەستیان بەسەر کۆمسیۆندا گرت و هەموو کارمەندەکانیان ناردەوە ماڵ و بە ئارەزووی خۆیان دەستکاری سندوقەکانیان کرد، ئەمە لە کاتێکدا بوو کە هیچ نوێنەرێکی حیزبە کوردییەکان لە کۆمسیۆن نەبوون، بۆیە سندوقەکانی کەرکووک شەرعییەتی لەدەستداوە".

ڕەوەند مەلا مەحموود بەدووری دەزانێ ژماردنەوەی دەنگەکان بە دەست، ئەنجامی هەڵبژاردن لە کەرکووک بگۆڕێ و گوتی: "هەر گۆڕانکارییەک لە دەنگەکانمان بکرێ، هەموو ڕێکارە یاساییەکان دەگرینەبەر بۆ ئەوەی ڕێی لێبگرین، بەڵگەمان لایە کە سندوقەکانی دەنگدان لە داقووق و کۆگاکانی کەرکووک دەستکاری کراون".

بڕیارە ڕۆژی یەکشەممەی داهاتوو بە سەرپەرشتی دادوەر قاسم محەممەد ئەلعەززاوی، بە ئامادەبوونی نوێنەری کیانەکان، سندوقەکانی دەنگدان لە کەرکووک بکرێنەوە و دەنگەکانی ناویان بژمێردرێنەوە.

ئیسماعیل حەدیدی، کاندیدی هاوپەیمانی نەسر کە چانسی بەهێزە لە هەژمارکردنەوەی دەنگەکاندا دەربچێ، بە (رووداو)ی گوت: "دوای ئەوەی زانیمان حیزبێکی کوردی لە ڕێگای ئامێرەکانی دەنگدانەوە ساختەکاری کردووە، بۆ دڵنیابوون لەو کارە هەندێک سندوقمان لە کەرکووک و داقووق کردەوە، نەک بۆ ساختەکاری و گۆڕینی ئەنجامەکان".

حەدیدی دەڵێت پێویستی بە 630 دەنگی دیکەیە بۆ ئەوەی کورسیی پەرلەمان مسۆگەر بکات و دەڵێت "دڵنیام ئەگەر دەنگەکان بەدەست بژمێردرێنەوە، زیاتر لە 630 دەنگی دیکە دەهێنم".

گوتیشی: "تاکە لایەن کە دژی پرۆسەکەیە یەکێتییە، ئەویش لەبەر ئەوەی ساختەکاری کردووە".

بەرپرسێکی سۆشیالیست دەڵێت ئەگەر گۆڕانکاری بەسەر ئەنجامی هەڵبژاردندا بێت، دوور نییە شەڕی ناوخۆ هەڵبگیرسێ. ڕەسوڵ ڕەئوف کە سەرۆکی لیستی سۆسیالیست بوو لە کەرکووک، بە (رووداو)ی گوت: "پێموایە بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی لەجێی خۆیەتی، ئەو ئەنجامانەی لە کەرکووک ڕاگەیەنراون ڕاست نین، بۆ نموونە تورکمانی شیعە کورسیان هێناوە، لە کاتێکدا ژمارەیان زۆر کەمە، تورکمان هەمیشە کورسییەک تا دوو کورسییان هەبووە، ئەمجارە سێ کورسیان هێناوە، ئەمانە جێی گومانن".

ڕەسوڵ ڕەئوف هەرچەندە گومانی لە ئەنجامی هەڵبژاردن هەیە، بەڵام بەدووری دەزانێ دووبارە ژماردنەوەی دەنگەکان بە دەست، ئەنجامی هەڵبژاردن بگۆڕێ و دەڵێت "دڵنیام گۆڕانکاری وا گەورە لە کورسییەکاندا ڕوونادات، ئەگەر وابێت کۆی پرۆسەکە دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە و خەڵک هیوای بەهەڵبژاردن نامێنێ".

گوتیشی: "هەر گۆڕانکارییەک لە ئەنجامی هەڵبژاردن ڕوودات، جێی قبوڵ نییە و شەڕی ناوخۆی لەسەر دروست دەبێ".



عەرەب و تورکمان داوای لادانی بەرپرسی نووسینگەی کۆمسیۆن لە کەرکووک دەکەن

> یەکێتی سێ کورسی لە کەرکووک لەدەست دەدات
>
> بەرەی تورکمانی

> ژماردنەوەی دەنگەکان ئەنجامی هەڵبژاردن لە کەرکووک ناگۆڕێ
>
> یەکێتی

# کوردە گوندنشینەکانی کەرکووک داوای مۆڵەتی چەکهەڵگرتن دەکەن

**هەردی محەممەد**
**رووداو – کەرکووک**

ئەو کوردانەی لە دەوروبەری کەرکووک، بە تایبەتی لە گوندەکانی سەر ڕێگای کەرکووک و بەغدا نیشتەجێن، خەریکە بەتەواوی ئالای سپی بەرامبەر عەرەبی هاوردە بۆ دەستگرتنەوە بەسەر زەوییەکانیاندا بەرز دەکەنەوە. یەکێک لەو کوردانە دەڵێ: "تەنیا ڕێگا ئەوەیە خۆمان چەک هەڵگرین".

هیوا تاهیر، خەڵکی گوندی یەنگیجەی سەر بە پارێزگای کەرکووک، دەڵێ چەند ڕۆژێک لەمەوبەر ژمارەیەک عەرەبی هاوردە هاتوونەتە گوندەکەیان و داوایان کردووە زەوییەکانیان ڕادەست بکرێتەوە و ئەو گرێبەستانەشیان پێبووە کە لەسەردەمی حکومەتی سەددام حوسێن زەوییەکانیان بەناوەوە کرابوو، بەڵام خەڵکی گوندەکە ڕووبەڕوویان بوونەوە. هیوا دەڵێت: "ئێستا ناچار ڕێی دیکەیان گرتووەتەبەر، لەلایەک دەرگای دادگایان لێگرتووین و لەلایەکی دیکەش لەڕێی داعشەوە هەڕەشەمان لێدەکەن".

هیوا نیگەرانە لەوەی هێزەکانی پۆلیسی فیدراڵی سەنگەرەکانیان جێهێشتووە. بۆیە بەناچاری سەردانی فەرماندەکانی پۆلیسی فیدراڵییان کردووە و داوایان کردووە هێز ڕەوانەی گوندەکانیان بکرێ، یان ڕەزامەندی هەڵگرتنی چەکیان پێبدرێ تاوەکو بتوانن پارێزگاری لەخۆیان بکەن. بەڵام دەڵێت "لەبری بەدەنگەوەهاتنمان، هاتنە گوندەکەمان بۆ دەستبەسەرداگرتنی ئەو چەکانەی خەڵک بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسیی داعش هەڵیانگرتوون".

هەریەک لە گوندەکانی سنووری داودە کە پێکدێن لە ئاواییەکانی فەریق و مەنسوور، عەلی و دارا، زەنقەر، عەلی سەرای و ئەلبوو محەممەد، چۆڵکراون و تەنیا کۆمەڵگەی تۆبزاوا ئاوەدانە و هێدی هێدی دانیشتووانەکەی ماڵەکانیان دەگوازنەوە بۆ نێو سەنتەری داقووق و خورماتوو. لەدوای چۆڵکردنی گوندەکانی سنووری داودە و کاکەیی، ئێستا مەترسییەکان ڕوویان لە گوندەکانی سنووری تاڵەبانی کردووە کە پێکدێن لە گوندەکانی سنوور، عەنانە، عەبدوڵڵا غانم، یەنگیجە. مەترسی و هەڕەشەی داعش لەلایەک و گەڕانەوەی عەرەبە هاوردەکان لەلایەکی دیکە، بوونەتە مەترسی لەسەر گوندەکان.

سەرچاوەیەکی ئاگادار کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بە (رووداو)ی ڕاگەیاند، ڕۆژی هەینی ڕابردوو لە گوندی ناسرییە و لە ماڵی کەسێک بەناوی عەلی عومەر، کەسایەتی گوندەکە، خالید موفرەجی ئەندامی پەرلەمانی عێراق سەرپەرشتی گردبوونەوەیەکی عەرەبەکانی ئەو ناوچەیەی کردووە "داوای لێکردوون گوشار لەسەر گوندە کوردنشینەکان دروست بکەن بۆ ئەوەی ناوچەکانیان جێبهێڵن".

ئەو سەرچاوەیە گوتیشی، لە گردبوونەوەکەدا باس لە پلانی دروستکردنی مەترسیی داعش کراوە تاوەکو لەژێر ئەو ناوەدا بەئاسانی بگەنە ئامانجەکانیان.

شاخەوان عەبدوڵڵا، ئەندامی لیژنەی ئاسایش و بەرگری لە پەرلەمانی عێراق، مەترسییەکی گەورە لەسەر چارەنووسی ئەو گوندانە دەبینێ و پێیوایە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ هەڕەشەی گۆڕینی دیمۆگرافیای ناوچەکە گەورەتر دەبێت و لە دوای ساڵی 2005وە زۆربەی گرووپە توندئاژۆکان لەو ناوچانە سەرهەڵدەدەن کە هاوسنوورن لەگەڵ گوندە کوردنشینەکان.

شاخەوان عەبدوڵڵا دەڵێ: "ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر مەترسییەکەی لەسەر کوردی ئەو ناوچەیە زیاتر کردووە. ئێستا گرووپە چەکدارەکان لەشارەدێی ڕەشادەوە پانتاییەکی فراوان و بێ مەترسییان لەبەردەستە و بەئاسانی دەگەنە زەرگە و لەوێشەوە دێنە گوندە کوردنشینەکانی سنووری داقوق و خورماتوو و دەستیان دەگاتە ڕێگای (کەرکووک-بەغدا)، هیچ هێزێکیش نییە بەرەنگاریان ببێتەوە".

> گوندنشینێکی کورد
>
> عەرەبەکان لەلایەک دەرگای دادگایان لێگرتووین و لەلایەکی دیکەش لەڕێی داعشەوە هەڕەشەمان لێدەکەن

شاخەوان عەبدوڵڵا، هەوڵە نهێنییەکانی عەرەبە هاوردەکان لەو ناوچەیە بە "پیلانێکی مەترسیدار"، ناودەبات و پێیوایە سەرەتا بە زنجیرەیەک کردەوە نائارامی لەو ناوچانە دروست دەکەن، دواتر بەبیانووی بوونی داعش، هاوشێوەی گوندە سوننەنشینەکان، گوندەکانی سنووری داقوق و خورماتوو دەڕووخێنن.

تاکە ڕێگای چارەسەر بەلای ئەو ئەندامەی لیژنەی بەرگری و ئاسایش لە پەرلەمانی عێراق، بەدەنگهاتنی سەرکردایەتی سیاسی کوردە و دەبێ زۆر بەپەلە پرسی نائارامیی ئەو ناوچانە و چارەنووسی دانیشتووانە کوردەکەی بکەنە فایلی گەرمی وتووێژەکانیان لەگەڵ حکومەت و هێزە سیاسییەکانی عێراق "تەنیا چارەسەریش گەڕانەوەی هێزی پێشمەرگەیە بۆ بەرگرتن بەو پیلانە".

گوتەبێژی هێزەکانی حەشدی شەعبی لە ناوچەی باکوور، ئاماژە بۆ ئەو ڕووداوانەی کوشتن دەکات کە لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا داعش وەک چالاکی پەیدابوونەوەی نیشانیدان "لەماوەی چەند ڕۆژێکی کەمدا لەڕێگای کەرکووک بۆ بەغدا سێ کەسیان کوشتووە و چواری دیکەشیان ڕفاندووە کە تاوەکو ئێستا بێسەروشوێنن". سەید عەلی هاشم، ڕەتیدەکاتەوە لەوبارەیەوە کەمتەرخەمییان کردبێ و دەڵێ، دەستیان بە ئۆپەراسیۆنێکی فراوان کردووە بەهاوبەشی لەگەڵ هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی سەلاحەدین و فیرقەی دیجلەی سوپای عێراق لە باکووری ڕۆژهەڵاتی دیالەوە تا دەگاتە ڕێگای کەرکووک بۆ بەغدا و خورماتوو بۆ تکریت.

گوتەبێژی هێزەکانی حەشدی شەعبی ناوچەی باکوور، ئاشکرای دەکات پلانێکیان بەدەستەوەیە لە تەواوی ڕێگای کەرکووک بۆ بەغدا، خاڵی جێگیر دابنرێ و هێزەکان قورسایی خۆیان بخەنە ئەو ناوچانە، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو مەترسییانە و کۆنترۆڵکردنی ئەو ڕێگا سەرەکییە.

# خۆبەخشەکان ناگەڕێنەوە بۆ خورماتوو

**جەمال ئەحمەد جەمیل**
**رووداو – سلێمانی**

ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق، خەریکە ئاوارەکانی خورماتوو لە گەڕانەوە بۆ شارۆچکەکەیان و ئەو هەواڵە خۆشانەی پێیاندەدرا لەو بارەیەوە، نائومێد بکات، چونکە هێشتا دڵنیایی لەهیچ لایەکەوە شک نابەن بۆ گەڕانەوە. هەرچەندە ئەندامێکی کوردی ئەنجوومەنی پارێزگای سەلاحەدین، نایەوێ خەڵک بەو جۆرە ڕەشبین بن و دەڵێ "ئێستا دۆخەکە باشترە".

بەشێک لە ئاوارەکانی قەزای خورماتوو، تاوەکو ئێستا لەنێو کەمپەکاندا ماونەتەوە و پێیانوایە دۆخی خورماتوو بۆ ئەوە ناشێ بگەڕێنەوە. بەڵام مەلا حەسەن ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای سەلاحەدین دەڵێت نزیکەی 60%ی ئاوارەکان گەڕاونەتەوە. باشتر بوونی دۆخەکەش دەبەستێتەوە بە "هێزی بەرپەرچدانەوەی خێرا " کە دۆسیێ ئەمنی شارۆچکەکەی پێدراوە و دەڵێت "ئەو هێزە بەیەک چاو سەیری هەموو خەڵکی دەکەن".

> تا هێزی بەرپەرچدانەوەی خێرا لە خورماتوو بێ، ترسمان نییە
>
> قایمقامی لەکارلادراوی خورماتوو

ئەو نوێنەرەی خورماتوو لەئەنجوومەنی پارێزگای سەلاحەدین، ڕازییە لە مامەڵەی ئەو هێزە عێراقییە و ڕەتیکردەوە وەک هێزەکانی حەشدی شەعبی هەڵسوکەوت بکەن و وایدەبینێ پشتیوانی لەهێزەکانی بەرپەرچدانەوەی خێرا، بۆ خۆی پشتیوانییە لەوەی هێزەکانی حەشدی تورکمانی دەسەڵاتی ڕەهای ڕۆژەکانی دوای 16ی ئۆکتۆبەریان نەکەوێتەوە دەست "ئەگەر حەشدی تورکمانی دەسەڵاتیان بکەوێتە دەست، بەتەواوی شار دەشێوێنن".

بەپێی قسەی مەلا حەسەن، نزیکەی 10 هەزار خێزانی خورماتوو لە دوای 16ی ئۆکتۆبەر ئاوارەبوون و زیاتر لە نیوەیان گەڕاونەتەوە. باس لەو ئاوارانەش دەکات کە نایانەوێ بگەڕێنەوە و دەڵێ: "بەشێک لەوانەی نەگەڕاونەتەوە، ئەوانەن کە لەسەر داوای سەرۆکی هەرێمی کوردستان وەک خۆبەخش چەکیان هەڵگرت بۆ بەرگریکردن لەناوچەکانیان و پشتیوانی لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان، بۆیە ئەو کەسانە ناتوانن دڵنیابن لەوەی تۆڵەیان لێناکرێتەوە".

خورماتوو یەکێک لە شارۆچکە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستانە. بەپێی زانیارییەکان، لەدوای ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەرەوە دەست بەسەر 3000 خانووی هاووڵاتیانی کورد لە خورماتوو گیراوە. هەروەها ماڵی 2000 هاووڵاتیی کورد لەلایەن چەکدارانی حەشدی شەعبی تاڵانکراون، 400 ماڵیش سووتێنراون و زیاتر لە 50 خانووش تەقێنرانەوە.

مەلاحەسەن، ئاشتەوایی بە چارەسەرێکی گونجاو و بنبڕکەری کێشەکان دەزانێ بۆ ئەو دۆخەی ئێستای شارۆچکەکە تاوەکو پەتی پێکەوەژیان لەنێوان کورد و تورکمان و عەرەب بەتەواوی نەپچڕێ و ئاوارەکان بگەڕێنەوە. بەڵام چارەسەری ڕیشەیی لە گەڕانەوەی هێزی پێشمەرگەدا دەبینێتەوە بۆ ناوچەکانیان، تاوەکو بەهاوبەشی لەگەڵ هێزە عێراقییەکان بارودۆخی ئەمنی ئەو ناوچانە وەربگرن "گەڕانەوەی پێشمەرگە متمانەی تەواو لای ئاوارە کوردەکان دروستدەکات کە بەیەکجاری بگەڕێنەوە".

شەلال عەبدول، قایمقامی لەسەرکارلابراوی خورماتوو، دەڵێت زۆربەی ئەو ئەوانەی ناوێرن بگەڕێنەوە ئاسایش و پێشمەرگە بوون "بەشێکی دیکەی ئەو ئاوارانە خەڵکانێکن چاوەڕوانی کۆتاییهاتنی تاقیکردنەوەکانن، لەدوای ئەوە دەگەڕێنەوە". شەلال عەبدول ئەوە دەخاتەڕوو، بەشێکی دیکەی لەو خێزانانەی نایانەوێت بگەڕێنەوە بۆ خورماتوو، ئەو خێزانانەن کە خانووەکانیان تەقێنراوەتەوە یاخود ماڵەکانیان سوتێنراوە "نزیکەی 100 خانوو تەقێنراوەتەوە، ئەو خێزانانە جێگە و ڕێگەیەکیان نەبێت بۆ کوێ بگەڕێنەوە".

شەلال عەبدول، لەبارەی ڕەفتارباشیی هێزەکانی بەرپەرچدانەوەی خێرا، پشتیوانی قسەکانی مەلا حەسەن دەکات و دەڵێ "هێزێکی باشن و توانیوویانە هاوسەنگی ڕابگرن". هەروەها هێزەکانی حەشدی تورکمانی بەهێزێکی ئاژاوەگێڕ نێو دەبات "تاوەکو هێزی بەرپەرچەدانەوەی خێرا، لەوێ بن، ترس نابێت، ئەو هێزە بڕوات حەشدی تورکمانی کێشەی گەورە دروستدەکەن". شەلال عەبدول، تەنیا بەربەستی بەردەم گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ خورماتوو، بە نەگەڕانەوەی پێشمەرگە ناودەبات.

خۆبەخشەکانی خورماتوو، ژمارەیەک خەڵکی خوێنگەرمی ئەو شارۆچکەیە بوون کە نەیاندەتوانی بەرگەی دیمەنەکانی سووتاندن و تاڵانکردن و وێرانکردنی گەڕەک و ماڵەکانیان بگرن و خورماتوویەک ببینن کە کورد تێیدا بندەست و بێدەسەڵات بێت و ئەو گرووپ و ڕێکخراوانەی لەسەر بنەمای نەتەوە و مەزهەب دروستکراون، تەراتێنی تێدا بکەن، بەڵام دواجار ئەوانیش تەنیا ئاوارەییان بۆ مایەوە

دڵشاد عەبدوڵڵا، تەمەنی 18 ساڵە، نایشارێتەوە ئەو یەکێک بووە لە خۆبەخشەکان و هەر ئەوەش هۆکاری ئەوەیە نەگەڕێتەوە خورماتوو. ئەو دەڵێ ڕۆڵێکی کاریگەرییان هەبووە لە پشتیوانی هێزی پێشمەرگەدا "من قوتابی شەشی ئامادەیی بووم، بەهۆی ئەوەی خۆبەخش بووم ناوم هاتووە لەنێو لیستی داواکراوەکاندا، هەرئەوەش بووە هۆی ئەوەی نەوێرم بڕۆمەوە و خوێندنەکەشم بفەوتێ".

بەپێچەوانەی دڵشادەوە، قارەمان عەلی گەڕاوەتەوە خورماتوو، بەڵام خێزانەکەیان دابەشبوون. وەک خۆی باسیدەکات، بەشێکیان گەڕانەتەوە بەشێکی دیکەیان هێشتا نەگەڕاونەتەوە "دڵنیان نین لە ئەنجامی گەڕانەوەی یەکجاریی و با ئەم بنەمان لێرە بێت بۆ ئەوەی ئەگەر جارێکی دیکە سەرمان لێشوایەوە، جێگەیەکمان هەبێت ڕووی تێبکەین".



## لە پیرانشار حدکا و پاسداران بەشەڕهاتن

**ڕووداو – پیرانشار**

شەوی شەممەی ڕابردوو لە ناوچە سنوورییەکانی پیرانشار پێکدادان لەنێوان هێزەکانی پاسەوانی سنووری ئێران و پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ڕوویدا و بەهۆیەوە پێشمەرگەیەک گیانی لەدەستدا و ئەفسەرێکی هێزەکانی ئێرانیش کوژرا. فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان سەر حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕاگەیێندراوێکدا دەڵێت، هێزەکانی ئێران لە بەرزاییەکانی پشتی گوندەکانی زێوە و کۆنەلاجانی پیرانشار تەقەیان لە پێشمەرگەکانیان کردووە و لە پێکدادانەکەدا فەرماندەیەکی پێشمەرگە بەناوی سامان حەسەنپوور گیانی لەدەستداوە. میدیاکانی ئێران بڵاویانکردووەتەوە کە لەو پێکدادانەدا ئەفسەرێکی هێزەکانی پاسەوانی سنووری ئەو وڵاتە کوژراوە و سەربازێک بەهۆی لێدانی گوللە کەمئەندامبووە.

## کاڵبوونەوەی سنووری نێوان تورکیا و سووریا

# ئیمپراتۆرییەتی تورکیا لە باکووری سووریا ڕەگ دادەکوتێ

**ڕووداو– هەولێر**

ڕێگەیەکی نوێ هەردوو شارۆچکەی عەلیێ مەنتارێ و ئەلباب پێکەوە دەبەستێتەوە، لە شەقامەکانی ئەلبابدا ئاڵای تورکیا و سووریا لە تەنیشت یەکدی دەشەکێنەوە و تابلۆکانی سەر باڵەخانە حکومییەکان بەهەردوو زمانی تورکی و عەرەبی نووسراون. یەکێک لە یەکەمین تابلۆکانی شاریش ڕێز لەو سەربازە تورکانە دەنێت کە لە ساڵی 2016 و 2017 لە شەڕی دەرهێنانی شارەکە لەدەستی چەکدارانی داعش کوژراون. ئەمانە ئەو دیمەنانەن کە لە ڕاپۆرتێکی ئاژانسی (ئەسۆشێیتد پرێس)ی ئەمریکیدا تیشکیان خراوەتە سەر و دەریدەخەن کە تورکیا چەند بە قووڵی چووەتە نێو سووریاوە.

ئەلباب هێشتاش ئاسەواری زیاتر لە سێ ساڵ دەسەڵاتی داعشی پێوە دیارە، پڕۆژەکانی ئاوەدانکردنەوە لەو شارە کەوتوونەتە گەڕ. بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی (AP)، نەخۆشخانەیەکی گەورەی تورکی لە شارەکەدا گەیشتووەتە قۆناغی تەواوبوون، پڕۆژەی دروستکردنی ناوچەی پیشەسازیی ئەلبابیش دەستپێکردووە و سەرژمێری و تۆماری موڵک و زەویش. سەنۆل ئەسمەر، جێگری سەرۆکی شارەوانیی غازی عەنتاب، ڕەوانەی ئەو ناوچەیە کراوە بۆ ئەوەی چاودێری و سەرپەرشتی هەوڵەکانی بنیاتنانەوەی ئەلباب بکات. ئۆفیسی ئەسمەر لە بنکەی پۆلیسی شارەکەدایە کە پڕە لە هێزی ئەمنیی تورکیا.

بەرپرسەکەی حکومەتی تورکیا بە ئاژانسە ئەمریکییەکە دەڵێت: "پشتگیریی تورکیا بۆ شارەکە کارێکی مرۆڤانەیە، ئێمە ئەمە بە دادپەروەریی نێوان هاوڕێ و هاوبەشەکان ناودەبەین، چونکە ئێمە و ئەوان لەسەردەمی دەسەڵاتی عوسمانیدا بۆ ماوەی 600 ساڵ پێکەوە دەژیاین، دوای ئەوەش بووین بە دراوسێ". ئەلباب و سووریا بەگشتی بەشێک بوون لە ئیمراتۆرییەتی عوسمانی کە لەسەردەمی جەنگی جیهانیی یەکەمدا ڕووخا و ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پارچە پارچە بوون.

لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا تورکیا هەوڵی قایمکردنی شوێنی خۆی لە باکووری سووریا دەدات، هێزەکانی ئەو وڵاتە لە شوباتی 2017 کۆنترۆڵکردنەوەی ئەو شارەیان ڕاگەیاند و لەو کاتەشەوە هەوڵی دروستکردنەوەی شارەکە لەسەر مۆدێلی شارە تورکییەکان دەدا و ئەنقەرەش دامەزراوەی سەربازی، ئیداری، دارایی و ئەمنی خۆی ڕەوانەی ناوچەکە کردووە.

بەپێی ڕاپۆرتەکە، تورکیا دەسەڵاتی بەسەر 4000 کیلۆمەتری دووجا لە خاکی سووریادا هەیە، چارەکێک

> ئێمە کێشەمان لەگەڵ ئەوەدا نییە ببینە بەشێک لە تورکیا
>
> دانیشتوویەکی ئەلباب

لە دانیشتووانی سووریاش بەشێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لەژێر چاودێریی ئەنقەرەدان، لەوانەش 3.6 ملیۆن کۆچبەری سووری کە لە تورکیا دەژین، 600 هەزار کەس کە لە ئەلباب و ناوچەکانی دەوروبەری دەژین و زۆرینەیان ئاوارەی ناوچەکانی دیکەی سووریان، هەروەها دوو ملیۆن دانیشتووی پارێزگای ئدلیب کە دوایین پارێزگای ژێر دەسەڵاتی ئۆپۆزیسیۆنە و چەکدارانی ئۆپۆزیسیۆنی ئەو ناوچەیە بەشێوەیەکی سەرەکی قسە لە تورکیا وەردەگرن.

لە نیو دەیەی ڕابردوودا گومانی ئەوە بەهێز بووە کە تورکیا دەیەوێ ئیمراتۆرییەتی عوسمانی زیندوو بکاتەوە، بەتایبەتیش لە پارێزگاکانی باکووری سووریا. بەڵام لە واقیعدا ئەو ناوچەیە دەتوانێ سەرچاوەی مەترسییەکی ستراتیژیک بێت بۆ سەر تورکیاش. ئەنقەرە دەیەوێ بە گرتنی ئەو ناوچانە و جێگیرکردنی هێز لێیان، ڕێگە لە دزەکردنی یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) بگرێ کە تورکیا بە باڵی سووریای پەکەکەیان دەزانێ. بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی (AP)، مانۆڕە سیاسییەکانی تورکیا لە نێوان ئەمریکا و ڕووسیاش هەر بۆ ئەوەیە واشنتن ڕازی بکات واز لە هاوکاریکردنی هێزە کوردییەکانی ڕۆژئاوای کوردستان بهێنێ.

نیکۆلاس هێراس، شارەزا لە ناوەندی ئاسایشی نوێی ئەمریکا (CNAS)، پێیوایە سنوور بەزاندنی تورکیا بۆ ناو خاکی سووریا "گرنگترین گۆڕانکاری"یە لەدوای بەشداریی ڕاستەوخۆی ڕووسیا لە شەڕی نێوخۆی سووریادا. هەیکۆ ویمەن، لە گرووپی قەیرانی نێودەوڵەتی دەڵێت هێزی سەربازیی تورکیا لەسەر خاکی سووریا و چاودێریکردنی ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتووانی ئەو وڵاتە بەو مانایەیە کە بەبێ هاوکاریی تورکیا هیچ چارەسەرێک بۆ قەیرانی سووریا لەئارادا نابێ.



هەزاران مامۆستا لە باکووری سووریا مووچە بە لیرەی تورکی وەردەگرن و منداڵان فێری زمانی تورکی دەکرێن

ئۆپەراسیۆنی گرتنی ناوچەی ئەلباب، بە گڵۆپی سەوز و پشتیوانیی ئاسمانیی مۆسکۆ ڕوویدا، ئۆپەراسیۆنەکە سێ مانگی خایاند و70 سەربازی تورکیای تێدا کوژران. بەڵام هەر ئەو شەڕەش پەیوەندییەکانی نێوان مۆسکۆ و ئەنقەرەی پتەوتر کرد. وجوودی هێزەکانی نزیک لە تورکیا لە ئەلباب ڕۆڵی سەرەکی لە کەوتنی عەفرین لە ئاداری 2018دا هەبوو.

ئەنجوومەنی ئیدارەی شارەکە بە چاودێریی ڕاستەوخۆی ئەسمەر دامەزراوە کە 150 فەرمانبەری هەیە و مووچەی زۆرینەیان لە تورکیاوە دێ. بەڵام ئەسمەر پێیوایە ئەنجوومەنەکە دەتوانێ لە ساڵی 2018 و لە ڕێگەی باج و کرێ و داهاتەکانی شارەوانییەوە نزیکەی 1.7 ملیۆن دۆلار پارە کۆبکاتەوە.

بەشی زۆری خەرجییەکانی تورکیا لە ئەلباب بۆ کەرتی تەندروستی و پەروەردە دەچن، لەکاتێکدا هەزاران مامۆستا مووچەی خۆیان لە تورکیاوە وەردەگرن، قوتابخانەکان نۆژەن دەکرێنەوە و قوتابخانەی نوێ لە شارەکەدا دروست دەکرێن، نەخۆشخانەیەکیش بە تێچووی 17 ملیۆن دۆلار ئەم مانگە لە ئەلباب دەکرێتەوە، جیا لەمە زانکۆیەکی تورکیاش بەنیازە لق لە شارەکە بکاتەوە و زانکۆکانی دیکەش تاقیکردنەوە بە خوێندکارە سوورییەکان دەکەن بۆ ئەوەی لە تورکیا بخوێنن. بۆ ئاسانکردنی گواستنەوەی پارەکەش فەرمانگەی پۆستی تورکیا (کە کاری بانکەکان دەکات) بە لیرەی تورکی مووچە و هاریکارییە داراییەکان بۆ شارۆچکەکانی باکووری سووریا دەگوازێتەوە.

ئەحمەد حوسێن تاهیر، بەڕێوەبەری قوتابخانەیەک لە جەرابلوس، بە ئاژانسە ئەمریکییەکە دەڵێ، بەو سیستەمە 1300 مامۆستای شارەکە خێراتر مووچەکەیان وەردەگرن. ئەحمەد هەروەها دەڵێت: "لە قۆناغی یەکەم و دووەمدا وانەی زمانی تورکی دەڵێینەوە، هیوادارین لە ساڵانی داهاتوودا بتوانین لە قۆناغەکانی دیکەش ئەو وانەیە بڵێینەوە، چونکە زمانی تورکی بووە بە پێویستییەک".

ئەندازیار زەکەریا حاج حەسەن، خەڵکی ئەلباب، پێیوایە پەیوەندی نێوان شارەکەی و تورکیا سروشتی و مێژووییە و دەڵێ: "ئێمە هێشتاش کەسوکارمان لە تورکیا هەیە". سەبارەت بە داهاتووی شارەکەشیان ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە "نازانین ئاخۆ ئێمە وەکو بەشێک لە تورکیامان لێدێ یان دەبین بە دەوڵەتێکی بچووکی سەربەخۆ. ئێمە کێشەمان لەگەڵ ئەوەدا نییە ببینە بەشێک لە تورکیا، چونکە ئێمە لە ڕۆژگارە کۆنەکاندا لە ئیستەنبوڵەوە بۆ یەمەن و مەغریب یەک نەتەوە بووین".

نزیکەی 60 هەزار چەکداری ئۆپۆزیسیۆنی سووری لە زۆنی دەسەڵاتی تورکیادا جێگیرن کە سەر بە گرووپی جیاوازن و هیچ وڵاتێک جگە لە تورکیا پشتیوانییان لێناکات، ژمارەیەکی زۆریش لەو گرووپانە سەلەفی جیهادین و خوازیاری چەسپاندنی دەسەڵاتی شەریعەتن. بەڵام هەر ئەو ژمارە زۆرەی چەکداری ئۆپۆزیسیۆن سەرئێشەیەکی گەورە بۆ ئاسایشی ناوچەکە و تورکیا دروست دەکەن. جار هەبووە بۆ چەندین ڕۆژ لە نێوان گرووپەکاندا شەڕ و پێکدادان ڕوویداوە.

ئەم هەڕەشە ئەمنییە بەتایبەتی لە پارێزگای ئدلیب زۆرە، لەبەر ئەوەی گرووپەکانی سەر بە قاعیدە لەو ناوچەیە چالاکن و دەتوانن لە داهاتوودا کێشە بۆ پەیوەندییەکانی تورکیا و ڕووسیاش دروست بکەن. تورکیا و ڕووسیا بنکەی چاودێرییان لەو پارێزگایە هەیە. محەممەد شێخ، چالاکڤانی مرۆیی لە ئەلباب، ئاماژە بە سروشتی سەرکوتکەری دەسەڵاتی تورکیا لەناوچەکەش دەکات، لەکاتێکدا ئەو پێویستی بە چەندین مانگ هاتوچۆ و پاڕانەوە لە بیرۆکرات و پشکێنەرە ئەمنییەکانی تورکیا هەبووە بۆ ئەوەی مۆڵەتی ڕێکخراوەکەی خۆی وەربگرێ کە کار بۆ یارمەتیدانی ئەو کەسانە دەکات کە لە خوێندن دوورکەوتوونەتەوە. محەممەد دەڵێ "تورکیا دەبێ یارمەتیی سوورییەکان بدات، نەک حوکمیان بکات. حاڵی حازر ئەوان حوکممان دەکەن".

# یەپەگە لە حکومەتی سووریا نزیک دەبێتەوە

**ڕووداو – هەولێر**

پشتگیریی ئەمریکا و ڕووسیا لە تورکیا، پارتی یەکێتی دیموکراتی (پەیەدە)ی دەسەڵاتداری ڕۆژئاوای کوردستانی لە ڕژێمی سووریا نزیک کردووەتەوە، بەتایبەتیش دوای ئەوەی ڕووسیا گڵۆپی سەوزی بۆ هێرشی تورکیا بۆ سەر عەفرین هەڵکرد و ئەمریکاش لەگەڵ تورکیا لەسەر نەخشەڕێیەکی هاوبەش بەبێ بەشداری هێزە کوردییەکان لە مەنبج ڕێککەوت، ئەمە لە کاتێکدایە هێزەکانی ڕژێمی سووریا لە کاتی هێرشی سەر عەفریندا قایل بوون بەوەی هاوکارییەکی سەربازیی ڕەمزی پێشکەشی یەپەگە بکەن.

سەرەتای مانگی حوزەیرانی ئەمساڵ، حکومەتی سووریا شاندێکی بۆ دانوستاندن لەگەڵ پەیەدە ڕەوانەی ڕۆژئاوای کوردستان کرد و ئەوانیش دەستیان بەڕووی ئەو شاندەوە نەنا. سەرچاوەیەکی ئاگادار و بەرپرس کە بە مەرجی ئاشکرانەکردنی ناوی قسەی بۆ ماڵپەڕی (ئەلمۆنیتەر) کردووە، دەڵێ ئەوان ئەو لایەنانە پشتگوێ دەخەن کە بەدوای دابەشکردنی سووریاوەن و چاوەڕێی ئەوەن بزانن دیمەشق چی لە هەگبەدایە بۆ ئەوان.

لە سەرەتای ئەمساڵەوە پێگە (یەپەگە) ڕووی لەلاوازی کردووە، دوای ئەوەی ڕووسیا ژێربەژێر ڕەزامەندی دەربڕی لەسەر ئەوەی تورکیا و هێزە هاوبەشەکانی هێرش بکەنە سەر عەفرین و دواتریش ئەمریکا و تورکیا لەسەر نەخشەڕێیەک بۆ ئیدارەکردنی مەنبج بەبێ بەشداری یەپەگە ڕێککەوتن، هەرچەندە ئەوەی دووەمیان هێشتا ڕوون نییە، لەبەر ئەوەی بەرپرسانی ئەمریکا و تورکیا سەبارەت بە خشتەی کاتی جێبەجێکردنی پلانەکە لێدوانی ناکۆک دەدەن و چارەنووسی ئەنجوومەنی سەربازیی شارەکەش تاوەکو ئێستا دیار نییە.

ئاڵدار خەلیل، هاوسەرۆکی بزووتنەوەی کۆمەڵگای دیموکراتیک (تەڤدەم)، بە ماڵپەڕەکەی ڕاگەیاندووە "یەپەگە لە مەنبج نەماوە و شارەکەیان جێهێشتووە. ئەنجوومەنی سەربازیی مەنبج حوکمی شارەکە دەکات و نوێنەرایەتی خەڵکی ناوچەکە دەکەن. ئێمە پێمان وانییە ئەمریکا ئەو ئەنجوومەنە هەڵوەشێنێتەوە، ئەمە تەنیا پڕوپاگەندەی ئەردۆغانە".



سەرەتای مانگی حوزەیرانی ئەمساڵ، حکومەتی سووریا شاندێکی بۆ دانوستاندن لەگەڵ پەیەدە ڕەوانەی ڕۆژئاوای کوردستان کرد

تورکیا ئەنجوومەنی سەربازیی مەنبج بە باڵێکی یەپەگە دەزانێ.

خەلیل بە دووری دەزانێ تورکیا بتوانێ ئەوەی لە عەفرین کردی لە مەنبجیش دووبارەی بکاتەوە، لەبەر ئەوەی "ئابوورییەکەیان یارمەتیدەر نییە، هەروەها لە عەفرین ڕووسەکان یارمەتی تورکەکانیان دا، بەڵام لە مەنبج ڕووسەکان دەسەڵاتیان نییە. جیا لەمە هێزەکانی ڕژێمی سووریا دەتوانن پیشڕەوی بکەنە ناو مەنبج". بەرپرسە کوردەکە دەڵێت "ئەگەر دانیشتنەکانیان لەگەڵ دیمەشق بەرەوپێش بچێ، ئەوە هێزەکانی ڕژێم دەتوانن بێنە ناو مەنبجەوە".

حکومەتی بەشار ئەسەد، پێشتر دوو ڕێگەی بۆ هێزەکانی سووریای دیموکرات دانابوو: "یەکەمجار دەرگای دانوستاندن دەکەینەوە لەگەڵیان، بەڵام ئەگەر ئەمە سەرینەگرت، ئەوە سوپای سووریا هەموو ئەو ناوچانە ئازاد دەکات کە هەسەدە دەستی بەسەردا گرتوون".

پرسیار ئەوەیە هێزە کوردییەکان چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو لێدوانە توندانە دەکەن؟ هەرچەند ئاڵدار خەلیل پێیوایە دانوستاندن لەگەڵ ڕژێمی سووریا بەمانای پشتگوێخستنی پڕۆژەی ئۆتۆنۆمی بۆ ڕۆژئاڤای کوردستان نییە، بەڵام جەخت لەوەش دەکاتەوە کە "هەلومەرجەکان گۆڕاون. کاتی ئەوە هاتووە لەگەڵ دیمەشق چارەسەرێک بدۆزینەوە". مەبەستی خەلیل لە "گۆڕانی هەلومەرجەکان" هەموو ئەو گۆڕانکارییانەن کە لە سەرەتای ئەمساڵەوە لە هەڵوێستی وڵاتاندا ڕوویانداوە.

هاوسەرۆکی تەڤدەم بە (ئەلمۆنیتەر)ی ڕاگەیاند، لە دانوستاندنەکانی ئەمدواییە لەگەڵ شاندی حکومەتی سووریا باسی پێشمەرجی وەکو دامەزراندنی فیدراسیۆنی دیموکراتیکی باکووری سووریا و چارەنووسی هەسەدە و یەپەگەیان نەکردووە، چونکە دەیانەوێ یەکەمجار پێشنیازەکانی حکومەتی سووریا وەربگرن و دواتر بکەونە دانوستاندنەوە.

سەرەتای ئەم مانگە وەلید موعەلیم، وەزیری دەرەوەی سووریا، ڕایگەیاند هیچ دانوستاندنێکی فەرمی لەگەڵ هێزە کوردییەکان نەکراوە. موعەلیم لە پرێس کۆنفرانسێکدا گوتی "ڕاستیتان دەوێت هێشتا (لەگەڵ هەسەدە) دەستمان بە دانوستاندن نەکردووە. هێشتا بژارەکانمان لێکنەداوەتەوە. پەیوەندیمان هەیە، بەڵام دەستمان بە دانوستاندن لەبارەی داهاتوو نەکردووە. ئێمە تاوەکو ئێستاش ئەوان (واتە هێزە کوردییەکان) بە هاووڵاتی سووری دەزانین کە وەک ئێمە لە خەمی داهاتووی وڵاتەکەیاندان".

شەڕی نێوخۆی سووریا لە سێ ساڵی ڕابردوودا ڕەهەندێکی تەواو نێودەوڵەتی وەرگرتووە و زۆربەی گۆڕانکارییەکان لە دەرەوەی خاکی سووریاوە ئاراستەکراون. بەڵام ئاڵدار خەلیل پێیوایە کاتی ئەوە هاتووە سوورییەکان لە نێوان خۆیاندا ڕێکبکەون "چونکە هێزە دەرەکییەکان پلان و ئامانجی خۆیان هەیە".

سەرکردە کوردەکە لەمبارەیەوە بە ماڵپەڕەکەی ڕاگەیاند "بۆچی نەتوانین لە نێوان خۆماندا بەدوای چارەسەرێکدا بگەڕێین؟ ئێمە بە شاندی ڕژێممان گوتووە کە ئامادەین (بۆ دانوستاندن لەسەر چارەسەری). ئەسەد، موعەلیم و ڕاوێژکاری ئەسەد کاردانەوەی ئەرێنییان هەبوو. دانوستاندنەکانی جنێڤ (بە چاودێریی نەتەوە یەکگرتووەکان) گەیشتوونەتەبنبەست".

هێزەکانی سووریای دیموکرات لە ساڵی 2015 بە بڕیاری یەپەگە دامەزران و لە شەڕڤانی کورد و عەرەب پێکدێن. لە سێ ساڵی ڕابردوودا قورسایی شەڕەکان بە شێوەیەکی سەرەکی لەسەر هێزە کوردییەکانی هەسەدە بووە و ئێستا ئەمریکا دەیەوێ پەرە بە هێزە عەرەبەکانی ناو هەسەدە بدات. پرسیارێک کە دێتە ئاراوە ئەوەیە کاردانەوەی هێزە عەرەبە سوونەکانی ناو هەسەدە بەرامبەر نزیکبوونەوەی هێزە کوردییەکان لە حکومەتی سووریا چی دەبێت؟

> هەلومەرجەکان گۆڕاون، کاتی ئەوە هاتووە لەگەڵ دیمەشق چارەسەرێک بدۆزینەوە
>
> ئاڵدار خەلیل

ئاڵدار خەلیل ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە بۆ پرسی مەنبج و دێرەزوور لەگەڵ ئەمریکییەکان لە دانوستاندندان "بەڵام لەگەڵ ئەمریکییەکان باسی گفتوگۆکانی نێوان خۆمان و دیمەشقمان نەکردووە، چونکە ئەوەیان بڕیاری خۆمانە".

هاوسەرۆکی تەڤدەم ڕەتیدەکاتەوە دەستیان لە دانوستاندن لەگەڵ ڕژێمی سووریادا لاواز بێت، بەڵام دەڵێت کە نایەوێ لەو ساتەوەختەدا باسی هێڵەسوورەکانی خۆیان بکات. خەلیل گوتی "با جارێ چاوەڕێ بکەین گفتوگۆکان دەستپێبکەن. ئەوکات باسی مەرجەکانی خۆمان دەکەین. ئێمە هەمیشە گوتوومانە سووریا دەبێ وڵاتێکی دیموکراتیک بێ و ڕێز لە زمان و شوناسی خەڵکەکەی خۆی بگرێ".

## ئەحمەد تورک، سیاسەتڤان و پەرلەمانتاری پێشووی تورکیا بۆ (ڕووداو):

# لەگەڵ ئەوە نەبووین لەیلا زانا بە کوردی سوێند بخوات


(فۆتۆ: ڕووداو)

ئەحمەد تورک، سیاسەتڤان و پەرلەمانتاری پێشووی تورکیا لە بەشی سێیەم و کۆتایی بەرنامەی پەنجەمۆردا کە لە تەلەڤزیۆنی (ڕووداو) پەخش دەکرێ، باسی شەهیدکردنی مووسا عەنتەر دەکات. هەروەها باسی هەوڵی ئاگربەستی نێوان پەکەکە و تورکیا لە سەردەمی تورگۆت ئۆزال دەکات و دەڵێت بەهۆی مردنی ئۆزالەوە ئاگربەستەکە سەری نەگرت. ئەحمەد تورک سەبارەت بە سوێندخواردنەکەی لەیلا زاناش لە پەرلەمانی تورکیا دەڵێت، ئەوان لەگەڵ ئەوەدا نەبوون کە لەو ڕۆژەدا ئەو کارە بکرێ، بەڵام لەیلا زانا لەژێر کاریگەریی مەهدی زانای هاوژینیدا سووربوو لەسەر ئەوەی بە کوردی سوێند بخوات.

**هەڤپەیڤین: کاوە ئەمین**
**ڕووداو – مێردین**

> ئەوانەی مووسا عەنتەریان شەهید کرد
> 5 بۆ 6 کەس بوون

### بەشی سێیەم و کۆتایی

**ڕووداو: ڕوون نەبووەوە کێ مووسا عەنتەری شەهید کرد؟ دەڵێن کەسێک کە لە سوێد نیشتەجێیە، پێشتر دانی بەوەدا ناوە کە دەستی لە کوشتنی موسا عەنتەردا هەبووە. ئەو کەسە دادگایی نەکرا؟**

**ئەحمەد تورک:** لە تاوانەکانی بکوژ نادیاردا کە مووسا عەنتەریش یەکێک بوو لەوان، هیچ تۆمەتبار یان تاوانبارێکیان دەستگیر نەکراون. ئەوانەشی لەسەر ئەو تاوانە دەستبەسەر کران، ئازادکران. ئەوەی لە سوید ناوەکان دەدات و دەڵێت "فلان و فلانیان نارده لای (...) و بەو شێوەیە شەهیدیان کرد، لەڕاستیدا ئەو لەنێو ڕووداوەکەدا بووە یان نا، نازانم، بەڵام ئەو ئاگادار بووە و 5 بۆ 6 کەس مووسا عەنتەریان شەهید کردووە.

**ڕووداو: لە ساڵی 1993 کاتێک ئێوە دەچنە پەرلەمان، لەیلا زانا و چەند پەرلەمانتارێک بە کوردی سوێند دەخۆن، سوێندخواردنەکەی لەیلا زانا بە پلان بوو؟**

**ئەحمەد تورک:** لەدوای هەڵبژاردن، کاتێک چووینە پەرلەمان کۆبوونەوەیەکمان کرد و گوتمان: بەناوی کوردایەتی پەیامێک بگەیەنین. هەندێک پەرلەمانتار بابەتی قردێلەیان هێنایە ڕۆژەڤ. ئێمە گوتمان با لە ڕۆژی یەکەم لە پەرلەمان ڕێگە لەبەردەم خۆمان نەگرین، بەڵکو دەتوانین بە زمانی خۆمان باسی پرسی کورد بکەین و هەوڵی بۆ بدەین. ویستمان بڵێین، ئێمە بۆ مووچە نەهاتووین، بەڵکو بۆ پاراستنی مافی گەلی کورد هاتووینەتە پەرلەمان، بەڵام هەندێک هەڤاڵ لەوانەش مەهدی زانا قردێلەیان هێنابوو. لەیلا زانا قەناعەتی پێکردین لەیەکەم دانیشتنی پەرلەماندا بە کوردی سوێند بخوات و گوتی ئەوە هەلێکە و دەکرێت پرسی کورد بهێنینە ڕۆژەڤەوە، چونکە هەموو تەلەفزیۆنەکان ڕاستەوخۆ ڕێوڕەسمی سوێندخواردنەکەیان پەخش دەکرد. هەرچەندە گوتمان دەکرێت

> مانگانە یان دوو مانگ جارێک لەگەڵ تورگۆت ئۆزال کۆدەبووینەوە

لە ڕۆژانی دیکە و بەشێوەی جیاواز پەیامی کوردبوون بدەین، لەولاوە مەهدی زانا هەڵسا و بە لەیلا زانای گوت: تۆ بەڵێنت بە کورد داوە و پێویستە ئەو شتانە بڵێیت.

**ڕووداو: بەڵام مەهدی زانا ئەندامی پەرلەمان نەبوو؟**

**ئەحمەد تورک:** بەڵێ، بەڵام هاتبووە پەرلەمان. ئەو لەوێ زۆری لە لەیلا زانا کرد کە دەبێت ئیللا ئەو شتە بڵێیت. بۆیە لەیلا لەژێر کاریگەریی ئەودا بوو. دەمبینی چ ناڕەحەتییەک لە پەرلەمان دەگوزەرێت، گوتمان: دەکرێت پەیامەکەمان بگەیەنین، بەڵام نەک ئەمڕۆ. قسەکردن بێسوود بوو، چەند هەڤاڵێک کە بڕیاریان دابوو بێنە پەرلەمان و قسە بکەن، یەکێکیان ئەو ڕۆژە هەر نەهاتە پەرلەمان. ئەوانەی دیکەش لە بەڵێنەکانیان پەشیمان بووبوونەوە.

**ڕووداو: هێرشی فیزیکییان نەکردە سەرتان؟**

**ئەحمەد تورک:** نەخێر، بەڵام کارەکەیان پرۆتستۆ کرد و بە سلێمان دیمیرێلیشەوە دەیانکێشا بە مێزەکانی بەردەمیاندا. بانگی لەیلا زانایان کرد بۆ ئەوەی سوێندخواردنەکەی دووبارە بکاتەوە.

**ڕووداو: دووبارەی کردەوە؟**

**ئەحمەد تورک:** بەڵێ، بەڵام هەمان شتی پێشووی گوتەوە. لەیلا بەس ئەوەی گوت کە ئەو سوێندە بۆ برایەتی گەلی کورد و تورک دەخۆم. بە کوردی گوتی، بۆیە زۆر ناڕەحەت بیوون.

**ڕووداو: جگە لە لەیلا کەسی دیکە بە کوردی سوێندی خوارد؟**

**ئەحمەد تورک:** نەخێر، بەڵام خەتیب دیجلە بە تورکی گوتی: "ئەو سوێندە لە دڵەوە ناخۆم، هەرچەندە بە دڵی من نییە، بەڵام بە ناچاری دەیخۆم".

**ڕووداو: دەگوترێ بنکەی جەماوەری هەپ و دەپ و پەکەکە و تادوایی هەمووی یەکە، بەڵام ئێوە پەیوەندییەکی ئۆرگانیزیتان لەگەڵ پەکەکە نییە، تورکیا زۆرجار وای دەبینێت؟**

**ئەحمەد تورک:** ئێمە دەمانەوێت مافی گەلی کورد بپارێزین. ئەمڕۆ پەکەکەش دەڵێ بەناوی گەلی کورد سیاسەت دەکەم. بۆیە لە بنەڕەتدا هەموو ئەو سیاسەتەی دەکرێت بۆ مافی گەلی کوردە، بەڵام تۆ بڵێی لەنێوان پەکەکە و سیاسەتی ئۆرگانیزەکراو شتێکی وا نییە. هەندێکجار دەڵێم خۆزگە پارتەکەمان بەشێکی سیاسی پەکەکە بووایە، بەڵام ئەو تێکەڵییە نییە. زۆرجار بە ئێمە دەڵێن ڕەخنە لە پەکەکە بگرن و پێیانبڵێن تیرۆریست، ئێمە شتی وا ناڵێین. بۆیە دەڵێن ئێوە و پەکەکە یەکن.

**ڕووداو: گۆڕانکارییەک بەتایبەتی لە سەردەمی تورگۆت ئۆزال ڕوویدا، تۆ لەنزیکەوە ئاگاداری مەسەلەی پەیوەندی باشوور و تورکیای. مام جەلال و کاک موحسین دزەیی سەردانی ئۆزالیان کرد، ئەوەی تۆ بزانیت ئەو پەیوەندیانە چۆن دروست بوون؟**

**ئەحمەد تورک:** سەرۆکوەزیر ناوبەناو دیداری لەگەڵ ئێمە دەبوو، کاتێک تانسۆ چیللەر بووە سەرۆکوەزیران جارێکیان هات و سەردانی کردم، بەڵام لەژێر چاودێری فەرماندەی باڵای هێزە چەکدارەکانی سوپای تورکیادا بوو. ئەو گوتی: مۆدێلی باسک دەپارێزین، بەڵام لەدوای ئەوە هەموو تەسلیمی دەوڵەتی قووڵ بوون. ڕاستییەکەی کۆنترا گەریلا بە هەموو شێوەیەک بەناو کەوت و ڕووداوی بکەر نادیاریش بەردەوام لە هەڵکشاندا بوو. لەدوای چیللەر، مەسعود یەڵماز هات، ئەویش گوتی: ڕێگەی ئاشتی و دیموکراسی بە دیاربەکردا تێدەپەڕێ، بەڵام ئەویش کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر دەوڵەت نەبوو. هەتا ڕۆژێکیان یەکترمان بینی گوتی: دەوڵەتم نەدەناسی! لەدوای ڕووداوی کوشتنی وەداد ئایدن بە ئێمەی گوت: "ڕاستیەکانیشیان بەمن نەدەگوت و ئاگاداریان نەدەکردمەوە."

بەڵام لەسەردەمی ئۆزالدا سیاسەتێکی لیبراڵ بەڕێوەبرا. ئۆزال ویستی درێژە بەو سیاسەتە بدات کاتێک بووە سەرۆک کۆمار، هەرچەندە لەسەر ئەو سیاسەتەی بەردەوام بوو، بەڵام کاریگەرییەکی ئەوتۆی بەسەر دەوڵەتەوە نەبوو. ئەو دەیگوت پرسی کورد بەبێ شەڕی چەکداری چارەسەر دەکرێ.. ئەوکاتیش هەم مام جەلال و هەم کاک مەسعود دەیانویست پەیوەندی لەگەڵ تورکیا دروست بکەن. لەو نێوەدا جەنگیز چاندار و حەسەن جەمال و چەند هەڤاڵێکی دیکە هەبوون، لەوکاتەدا هەڵبەتە ڕێگەی سیاسەتمەدارانی کوردی باشوور لە تورکیاوە بوو، دۆستایەتیەک بنیات نرا. ئەوکات ئێمەش دەمانویست ئەو شەڕەی لەنێوان پەکەکە ودەوڵەتدا هەیە بوەستێنرێ. مام جەلال دەیویست ئەوە بخاتە بەرباس و لەدوای ئەوە جەنگیز چاندار و مام جەلال و ئۆزال هاتنە لای یەک و ئەوکاتە زانیارییان پێماندەدا. چونکە لەگەڵ جەنگیز چاندار ڕۆژانە یەکدیمان دەبینی، بیروڕامان دەگۆڕییەوە. ئەو پەیوەندییەی دروستبوو بەشی زۆری لە ڕێگەی جەنگیز چاندارەوە بوو. ئۆزال مرۆڤێکی کراوەبوو، مانگی جارێک یان دوومانگ جارێک لەگەڵ ئێمە کۆدەبووەوە و هەر کاتێک داوای دیداری ئەومان بکردایە نەیدەگوت نا. ئێمە دەچووین بە کراوەیی هەموو شتێکمان دەگوت. ڕۆژێکیان چووینە لای ئۆزال و گوتمان دەمانەوێت بچینە لای عەبدوڵلا ئۆجەلان لە شام، بۆ ئەوەی

> خۆزگە پارتەکەمان باڵی سیاسی پەکەکە بووایە

ڕێگەی ئاشتی و دیالۆگ بکەینەوە. ئۆزال دەستی خستە سەر شانم و گوتی: کاک ئەحمەد لە هەموو کەس زیاتر تەیری بازم، بەڵام لەو باوەڕەدام پرسی کورد بە شەڕ و ئینکاری چارەسەر ناکرێت. دەمانەوێت بە دیالۆگ ئەو پرسە چارەسەر بکەین. ئەو گوتی بڕۆن، بەڵام چەند کەسێک لە پارتێکی دیکە قایل بکەن و ئەوانیش لەگەڵ خۆتان ببەن بۆ ئەوەی سبەی کێشەتان بۆ دروست نەبێ. لە پارتەکەی منیش چەند کوردێک لەگەڵ خۆتان بەرن، بەڵام ئەوان نەهاتن.

**ڕووداو: دەڵێن ئۆزال لە ڕێگەی تۆوە نامەیەکی بەتایبەتی بۆ ئۆجەلان ناردووە، شتێکی وا هەبوو؟**

**ئەحمەد تورک:** بەزارەکی پەیامی نارد، گوتی ئەو شتەی پێبڵێ. هەمان قسەی بە مام جەلالیش گوت و گوتی پێی بڵێن ئەو پرسە بە شەڕ چارەسەر ناکرێت و دەمانەوێت ڕێگەی ئاشتی بکرێتەوە. گوتیشی: وەکو سلێمان دیمیرێل ترسنۆک نیم، لە خودا بەولاوە لە کەس ناترسم. هەروەها گوتی کۆبوونەوەم لەگەڵ چەند ژەنەراڵێک هەیە و دەمەوێ قەناعەتیان پێ بێنم کە ئەو پرسە بە شەڕ چارەسەر ناکرێ.

دوای ئەوە چووینە شام. مام جەلالیش هات، لە ئەورووپاش کەمال بورقای، حەمرەش ڕەشۆ و ڕوشەن ئەسلان هاتبوون. لە پارتەکەی ئێمە شەش کەس چووین. لەوێ دەستمان بە گفتوگۆ کرد. مام جەلال و عەبدوڵلا ئۆجەلان گوتیان دەبێ ئاگربەست بۆ ماوەی دوو تا سێ مانگ بێ، بەڵام من دژی ئەوە بووم و گوتم با کاتی ئاگربەستەکە کراوە بێ، چاودێری بکەین بزانین چەندە بەتەنگ ئاگربەستەکەوە دێن. لە شام مام جەلال ئێمەی داوەت کرد بۆ سەیرانگایەک لە دەرەوەی شام، لەوێ نانێکمان خوارد. کاتێک بەڕێکەوتین، مام جەلال پێیگوتم لە ئۆتۆمبێلەکەی ئەو سەرکەوم. ئێمە هێشتا لە نێو ئۆتۆمبێلدا بووین، ڕادیۆ هەواڵی مردنی ئۆزالی بڵاوکردەوە، لەوێ مام جەلال یەکسەر گوتی: هەموو شتێک کۆتایی هات. ئێمە و مام جەلال گەڕاینەوە تورکیا و بەشداری ڕێوڕەسمی ناشتنەکەی بووین. سەردانی سەمرا خان، هاوژینی ئۆزالمان کرد، جانگیز چانداریش لەوێ بوو، بەس سەمرا خان ئەوەی بە جەنگیز چاندار گوتبوو، ئەوانەی دڵیان بۆ ئۆزال ژان دەکات، ئەو کوردانەن کە هاتوونە سەردانمان. سەمراخان ئەوکات زۆر ناڕەحەت بوو، تەنانەت زۆر کەسیشی نەدەبینی، بەس سەردانەکەی ئێمەی قەبووڵ کرد. ئێمە بۆ مەرگی ئۆزال خەفەتبار بووین، بە کۆچی دوایی ئەو، کورد خەمگین بوو.

**ڕووداو: ئەوە ڕاستە کە دەڵێن کوژراوە؟**

**ئەحمەد تورک:** من ئەو شتەم لە کوڕەکەی ئەویش زۆر پرسی، لە خانەوادەکەی زۆر پرسیارم کرد، ئەوانیش لەو باوەڕەدا بوون، بەڵام بەڵگەیەک لەبەردەست نییە. سەمرا خان هەندێک نموونەی لە قژی ئەو بۆ پشکنین ناردە ئەوروپا. ئەنجامی پشکینەکە نیشانی دەدات ئەگەری ئەوە هەیە ئۆزال ژەهراوی بووبێت، بەڵام ئەو شتە زۆر ئیسپات نەکرا.

**ڕووداو: پێشتر کێشە لە نێوان پەکەکە و پەسەکەدا هەبوو، چۆن بوو بەیەکەوە کۆبوونەوە؟**

**ئەحمەد تورک:** ڕاستە ئەوکات لەنێوان پەسەکە و پەکەکە گەلێک کێشە هەبوو. لە ڕۆژنامەکاندا زۆر قسەیان بەیەکدی دەگوت. ڕۆژێکیان چوومە ئەوروپا و دیدارێکم هەبوو، پاشان چوومە لای کەمال بورقای کە دەیویست من ببینێت، بەڵام پەکەکەییەکانی ئەوروپا گوتیان چۆن چوویت لەگەڵ کەمال بورقای دانیشتووی؟ منیش گوتم: دەچم و یەکتریش دەبینین. کاتێک کەمال بورقای هاتە شام، چووینە لای پەکەکە. عەبدوڵلا ئۆجەلان پێشوازی لێکرد. کاتێک پێویست بوو بۆ میدیاکان قسە بکەین، ئۆجەلان گوتی وەرە لەلای من دانیشە، منیش دەستی بورقایم گرت و ئەوم خستە تەنیشت ئۆجەلانەوە، هەرچەندە نزیکایەتییەک دروست بوو، بەڵام بەردەوام نەبوو. کەمال بورقای خاوەنی ئەزموونە و لە ئێمە بەتەمەنترە، پێویستە بۆ پرسی کورد ڕۆڵ ببینێ. کاتێکیش هاتەوە تورکیا بەو ناوە گەڕایەوە سیاسەت بکات، بەڵام پێویست بوو لەپێناو چارەسەری پرسی کورد ڕۆڵ ببینێت و لە نزیکایەتی بۆ پارت و لایەنەکانیش بەیەک ئەندازە نزیک بێ، بەڵام ئەوەی نەکرد. ئەمڕۆش لە کوردستان پەسەکە کاریگەرییەکی ئەوتۆی نییە. ڕەنگە ئەگەر بچنە نێو خەڵک و لە گەنجان بپرسن پەسەکە چییە؟ زۆر کەس پەسەکە هەر نەناسن.

**ڕووداو: لەدوای پرۆسەی ئاگربەستەکە چەند سەربازێک کوژران، هەندێک دەڵێن: هێزەکانی شەمدین ساکیک دەستیان تێدابووە، ئەوە چۆن بوو؟ بۆچی ئەو شتە ڕوویدا؟**

**ئەحمەد تورک:** هەرچییەک بێت، ویستیان کۆتایی بە ئاگربەستەکە بهێنن. ئەوکاتەی ئەردال ئینۆنۆ سەرۆکوەزیر بوو، ئێمە ویستمان درێژە بە ئاگربەست بدەین، بەڵام 33 سەرباز کوژران. پەکەکە دەڵێت ئێمە فەرمانێکی وامان نەداوە. شەمدین ساکیکیش گوتی: "من فەرمانی کوشتن و شکاندنی ئاگربەستم نەداوە". بۆیە بەتەواوەتی نازانرێت ئەوە چییە و چۆن ڕوویدا، ئایا کۆنترا گەریلا یان دەوڵەتی قووڵ دەستی لە ڕووداوەکەدا هەبوو یان نا؟ ئەو ڕووداوانەی لە تورکیا ڕوودەدەن، دوای 30 بۆ 40 ساڵ ئینجا ئاشکرا دەبن کە ڕووداوەکە چۆن بووە. واتە

> ئۆزاڵ دەیگوت من وەک سلێمان دیمیرێل ترسنۆک نیم

دەوڵەت ئەو بەڵگەنامانە ئاشکرا ناکات و بە نهێنی دەیانهێڵێتەوە.

**ڕووداو: باس لە دەوڵەتی قووڵ دەکەی، ئایا هەواڵگری تورکیا قەت ئاگاداری ئەو هاتن و چوون و دانوستاندنانەی ئێوە بووە؟**

**ئەحمەد تورک:** کاتێک چوومە شام، باڵیۆزخانەی تورکیا لە شام هاتە پێشوازیمان. تەنانەت هەواڵگریی تورکیا و هەواڵگریی سووریا و هەواڵگریی پەکەکە هەموویان هاتبوونە فرۆکەخانەی سووریا و پێشوازیان لێکردین.

**ڕووداو: جارێکی دیکە پارتەکەی ئێوە داخرا، بەشێک لە پەرلەمانتار و سیاسییەکانی وەکو کاک زوبێر ئایدار و ئەوان چوونە ئەورووپا، ئایا ئەوان بە پرسی ئێوە یان سەربەخۆ چوون؟**

**ئەحمەد تورک:** ئەوکەسانە ئەگەرێکی زۆر هەبوو دەستگیر بکرێن و سزا بدرێن. بۆیە پێنج لە هەڤالانمان چوونە ئەوروپا. ئێمە گوتمان ئەگەرێکی وا هەیە ئێمەش دەستگیر بکرێین، بەڵام ئێمە ناڕۆین. ئێمە هێشتا پەرلەمانتار بووین و فەرمانی گرتنمان دەرنەچووبوو. هێزە ئەمنییەکان ئێمەیان خستبووە ژێر چاودێرییەوە. پاشان دەستگیرکراین.

**ڕووداو: هیچ جیاوازییەک لەنێوان ئەو زیندانە و زیندانی دیاربەکردا هەبوو کە ئێوە پێشتر لێی زیندانی بوون؟**

**ئەحمەد تورک:** زۆر جیاواز بوو، وەزیر و پەرلەمانتارەکان سەردانیان دەکردین. زۆر شت فەراهەم کرابوو، هەڵبەتە لەگەڵ زیندانی ئامەد بەراورد ناکرێت و ئەشکەنجەدان نەبوو.دەهاتن دەیانگوت هیچتان ناوێت؟ چیتان پێویست نییە؟

**ڕووداو: واتە سەیران بوو؟**

**ئەحمەد تورک:** بەڵێ بەڵێ لەچاو زیندانی ئامەد سەیران بوو. کاتێک ئێمەیان بردە ئەوێ سری ساکیک گوتی: ئێمە لێرە دەمێنینەوە؟ ئێرە هۆتێلێکی پێنج ئەستێرەیە. ئەوانیش گوتیان تۆ چۆن ئەوە دەڵێی لەکاتێکدا بەندکراوی؟ ساکیک گوتی ئێوە زیندانی ئامەدتان نەبینیوە.

**ڕووداو: ئێوە بە چ تۆمەتێک دەستگیرکران؟**

**ئەحمەد تورک:** بە تۆمەتی هاوکاریکردنی پەکەکە. دەیانگوت ئێوە کەسوکاری پەکەکە دەخەنە سەرکار و لەگەڵ پەکەکە دانوستاندن دەکەن.

**ڕووداو: لەدوای قەدەخەکردنی دەپ، ئێوە پارتی هادەپ و دەهەپ دادەمەزرێنن، تۆ چ ڕۆڵێکت هەبوو لە دامەزراندنی ئەو پارتانە؟**

**ئەحمەد تورک:** موراد بۆزلاک بووە سەرۆکی هادەپ، ئەوکاتە ئەندامی مەکتەبی سیاسی بووم. هەروەها لە سەردەمی موراد بۆزلاک جێگری سەرۆکی پارت بووم. ئەوکاتەی بۆزلاک دەستگیرکرا هەرچەندە من جێگر بووم، سەرۆکایەتی پارتەکەم کرد. لەدوای ئەوەی ئەو پارتەش داخرا، هەڤاڵێکی دیکە بەرپرسیارێتی پارتی وەرگرت و منیش لەنێو پارتدا بەشدار نەبووم، دوای داخستنی ئەو پارتەش پارتی کۆمەڵگای دیموکرات (دەتەپە)مان دامەزراند.

**ڕووداو: بۆچی لە پارتەکەی پێشوو بەشدار نەبووی؟**

**ئەحمەد تورک:** ئەوکات هەندێک هەڤاڵ نەیاندەویست لەگەڵیان کار بکەم، لەوانەش تونجەر باکرهان.

**ڕووداو: زۆر جار دەگوترێ ئەگەر پەکەکە نەیەوێت کەسێک بمێنێ ئەوکەسە ناتوانێت لەنێو پارتەکە بەردەوامبێت، بۆچوونتان لەمبارەوە چییە؟**

**ئەحمەد تورک:** هەڵبەتە پەکەکە لەنێو جەماوەر کاریگەری هەیە، بەڵام قەت نەیگوتووە با ئەوکەسە لەنێو ئەو پارتەدا نەبێ. هەندێکجار کەسانێک دێن لەنێو پارت سەردەکەون و بەرپرسیارێتی وەردەگرن لە ئاستی جیاواز، بۆیە گەل و خۆشمان دەپرسن ئەو کەسە چییە؟ پەیوەندی بە دەوڵەت هەیە یان نا؟ چونکە کەسانێکن کە نەناسراون و بە زوویی دەردەکەون و بەرپرسیارێتی جیاواز وەردەگرن. هەڵبەتە خەڵک و پەکەکەش لەوبارەوە مەراق دەکەن بزانن ئەو کەسە کێیە بەزوویی سەرکەوت و پەیوندی لەگەڵ دەرەوەی پارتەکە چۆنە! دواییش پارتێک 30 ساڵ شەڕی چەکداری بکات هەڵبەتە کاریگەری بەسەر ئەندامانی پارتەکانی دیکەشەوە هەیە

**ڕووداو: گرتنی بەڕێز عەبدوڵلا ئۆجەلان، چۆن دەبینی؟ چۆن هەواڵی گرتنەکەت بیست، کاتێک لە ڕۆما بوو سەردانت نەکرد؟**

**ئەحمەد تورک:** کاتێک لە ساڵی 1998 تورکیا هێزی لەسەر سنوور کۆکردەوە و گوتی دەبیت ئۆجەلان لە سووریا نەمێنێ، دەمانزانی حکومەتی سووریا حکومەتێکی وا نییە لەدژی بڕیارەکەی ئەوان بوەستێتەوە. ئەوەبوو ئۆجەلان سووریای جێهێشت و دوای ئەو چووە ڕۆما. گەلێک کەس و سیاسەتمەدار چوون ئۆجەلانیان بینی. ئێمەش دەمانەویست ئەو ببینین. کاتێک ئەو ڕۆژەی چوومە ئەوروپا ئەو ئیتاڵیای جێهێشتبوو. بۆیە یەکتریمان نەبینی.

**ڕووداو: بەڕێز عەبدوڵلا ئۆجەلان ئەوکاتەی دەستگیر کرا، هەندێک قسەی کرد، هەڵوێستی ئەو چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

**ئەحمەد تورک:** لەو بارەیەوە لە ئۆجەلانمان پرسی، گوتی کاتێک بەناوی ئەو شتی وا کراوە مەبەستی ئەوە بووە ڕێگە لەبەردەم مەترسییەکی گەورە بگرێت کە لەپێش کورد بوو. گوتیشی بۆ دوارۆژی کورد ناچار بووم بەوشێوەیە ڕەفتار بکەم. هەڵبەتە هەندێک ڕەخنە دەکەن و دەڵێن: بۆچی گوتوویەتی دایکم تورکە و چی و چی. پێویستە ئێمە لەسەر ئەو بنەمایە بڕیار نەدەین. بۆ باسی ئەوە ناکەن دەوڵەت ویستی زۆر شت بە ئۆجەلان بکات، ئەویش گوتی بەبێ ڕەزامەندی هەڤاڵ و پارتەکەم هیچ شتێکتان پێ ناڵێم.

رووداو ئابووری
ژمارە (510) - دووشەممە 2018/6/25



## بانکی رافیدەین قەرز ناداتە کوردستان

**رووداو- هەولێر**

بانکی رافیدەینی عێراق رایگەیاندووە بۆ دروستکردنی خانوو و هەیکەلی خانووی تەواونەکراو، 50 ملیۆن دینار قەرز بە خەڵک دەدات، بەڵام پەرلەمانتارێک دەڵێت ئەو مەرجانەی بۆ پێدانی قەرزەکە دیاریکراون زۆر قورسن و هاووڵاتییان ناتوانن سوودی لێ وەربگرن. مەسعود حەیدەر، پەرلەمانتار لە لیژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق بە (رووداو)ی راگەیاند، بانکی رافیدەینی عێراقی، مەرجی زۆر قورسی داناوە بۆ پێدانی قەرز بۆ تەواوکردنی خانوو، بەجۆرێک مەرجەکان هێندە قورس و بێزارکەرن هەندێ جار خەڵک ناچاردەکەن واز لە وەرگرتنی بهێنن". مەسعود حەیدەر هەروەها گوتی "قەرزەکە خەڵکی هەرێمی کوردستان ناگرێتەوە، ئێمە قسەمان لەگەڵ کردوون دەڵێن ناتوانین پارەکە وەربگرینەوە، بۆیە نایدەین".

# داهاتی گەشتیاریی جەژنی رەمەزان 70 ملیار دینار بووە

**رەوا عەبدوڵڵا**
**رووداو- هەولێر**

بەرپرسێکی دەستەی گەشتوگوزار دەڵێت بەهۆی ئاسانکاریی بازگەکان بۆ هاتنی گەشتیار و پلان و هەماهەنگییان لەگەڵ گرووپ و کۆمپانیا گەشتیارییەکان، لە ماوەی دە رۆژدا 255 هەزار گەشتیار روویان لەهەرێمی کوردستان کردووە، داهاتی گەشتیاریش لەو چوار رۆژەدا زیاتر لە 38 ملیۆن دۆلار بووە.

بەپێی ئاماری دەستەی گشتیی گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان، لە ساڵی 2007 تاوەکو 2013 کەرتی گەشتیاری لەهەرێمی کوردستان بەردەوام لەگەشەدا بووە، بەرزترین ژمارەی هاتنی گەشتیار لە ساڵی 2013 تۆمارکراوە کە دوو ملیۆن و 952 هەزار گەشتیار بووە، بەڵام بەهۆی پەلاماری داعش و قەیرانی دارایی، ژمارەی گەشتیاران زۆر کەمی کرد، بە جۆرێک هاتنی گەشتیار لە ساڵی 2015 بەراورد بە 2013 بە رێژەی 73.6% دابەزی.

بەڵام ئەم کەرتە لە دوو ساڵی رابردوودا جارێکی دیکە گەشایەوە. ساڵی رابردوو بەراورد بە ساڵی پێشتر هاتنی گەشتیار بە رێژەی 23.7% زیادی کرد و ژمارەکە گەیشتە زیاتر لە دوو ملیۆن و 100 هەزار گەشتیار.

نادر روستی، گوتەبێژی دەستەی گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان، دەڵێت: "بەپێی ئەو ئامار و داتایانەی لەبەردەستدان، لە ماوەی دە رۆژدا 255 هەزار گەشتیار روویان لە هەرێمی کوردستان کردووە، لەرێگەیەوە زیاتر لە 70 ملیار دینار داهات هاتووەتە هەرێمی کوردستان، چونکە بەپێی ئەو بەدواداچوونەی بۆ خەرجیی گەشتیاران کراوە، هەر گەشتیارێک کە سەردانی هەرێمی کوردستان دەکات لەماوەی مانەوەیدا بە تێکڕا 360 هەزار دینار خەرج دەکات".

نادر روستی پێیوایە هاتنی ئەم ژمارە گەشتیارە تەنیا لەماوەی چوار رۆژدا ئاماژەیەکی باشە بۆ بەرزبوونەوەی ژمارەی گەشتیارانی ئەمساڵ و پێشبینی دەکات تاوەکو کۆتایی ئەمساڵ بگاتە زیاتر لە 2 ملیۆن 500 هەزار گەشتیار.

لە جەژنی رەمەزانی ساڵی 2016 لە ماوەی 10 رۆژدا 122 هەزار گەشتیار روویان لە هەرێمی کوردستان کردبوو، بەڵام لە 10 رۆژی جەژنی رەمەزانی ساڵی رابردوودا ژمارەکە بۆ 243 هەزار گەشتیار بەرزبووەوە، واتە هاتنی گەشتیار لە جەژنی رەمەزانی ساڵی رابردوو بەراورد بە ساڵی پێشتر بەرێژەی 50% زیادی کردووە، ئەمساڵیش پێشبینی زیاتر دەکرێ.

نادر روستی دەڵێت ئەم زیادبوونە بەشێکی پەیوەندی بە ئاساییبوونەوەی بارودۆخی ناوچەکە و بەشێکیشی بۆ ئاسانکاری بازگەکان و پلان و هەماهەنگیی ئەوانەوە هەبووە لەگەڵ گرووپ و کۆمپانیاگەشتیارییەکان.

گوتیشی: "بەهۆی زیادکردنی رسوماتی ئێران لەسەر گەشتیاری ئێرانی کە جاری یەکەم 40 دۆلار، جاری دووەم 50 دۆلار و جاری سێیەم 60 دۆلار وەردەگرن، پێشبینی دەکەین ژمارەی گەشتیاری ئێران کە نزیکەی 30ی هەزار گەشتیار بوو لە جەژنی رەمەزانی ساڵی رابردوو، بە رێژەیەکی بەرچاو کەم بکات". لە هەرێمی کوردستان 430 هۆتێل و 271 مۆتێل و 91 گوندی گەشتیاری هەن کە توانای پێشوازییان لە 61 هەزار گەشتیار هەیە، 768 رێستۆرانت و کافتریای گەشتیاری و 247 هۆتێل و مۆتێل و 1015 رێستۆرانت و کافتریای میللیش هەن.

پارێزگای هەولێر 285 هۆتێل و 125 مۆتێل و 43 گوندی گەشتیاری و 324 رێستۆرانت و کافتریای هەیە. لە ساڵانی پێشتردا پشکی شێری هاتنی گەشتیاری بەرکەوتووە، بەڵام داخستنی رێگای پردێ ژمارەی گەشتیاری بۆ هەولێر کەمکردبووەوە.

زیرەک بیا، سەرۆکی لقی هەولێری کۆمەڵەی میوانخانە و چێشتخانەکانی هەرێمی کوردستان، دەڵێت: "سەرەڕای واڵانەبوونی رێگای پردێ کە ئاستەنگ بوو لەبەردەم هاتنی گەشتیار بۆ هەولێر، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەیەکی زۆر گەشتیاری عەرەب لەم جەژنەدا روویان لە پارێزگای هەولێر کرد و نزیکەی 85%ی هۆتێل و مۆتێل و رێستۆرانتەکان پڕ بوون لە گەشتیار و داهاتێکی باشیان دەستکەوت".

بۆ هاندانی گروپە گەشتیارییەکان، لە ساڵانی رابردوودا هۆتێل و مۆتێلەکان، نرخی مانەوەی گەشتیاریان بۆ گروپەکان بەشێوەیەکی بەرچاو دابەزاند، بۆ نموونە نرخی مانەوەی یەک شەوی گەشتیارێکی گروپ لە هۆتێلی چوار ئەستێرە 20 تاوەکو 25 هەزار دینارە، سێ ئەستێرە 15 تاوەکو 18 هەزار دینار و بۆ دوو ئەستێرەش 10 تاوەکو 12 هەزار دینار بوو. لە هەندێک هۆتێل و مۆتێلی میللی 5 بۆ 7 هەزار بوو، بەڵام دوای ناڕەزایی هەندێ هۆتێل و مۆتێل، کۆمەڵەکە نرخی مانەوەی کەمێک زیاد کرد.

زیرەک بیا، دەڵێت "دوای ناڕەزایی هەندێ لە خاوەن هۆتێل و مۆتێلەکان، بڕیار درا هیچ هۆتێل و مۆتێلێکی میللی شەوێکی مانەوەی گەشتیاری گروپ لە 10 هەزار کەمتر نەدەن، بەگوێرەی خزمەتگوزاری و پلەی هۆتێل و مۆتێلەکانیش نرخی زیاتر لە گەشتیار وەربگیرێ، بەڵام بۆ هیچ هۆتێل و مۆتێلێک نییە لەکاتی زیادبوونی گەشتیار بارودۆخەکە بقۆزێتەوە و نرخ بەرز بکاتەوە".

داخرانی رێگەی کەرکووک — هەولێر، هەروەها هەندێ ئاستەنگ لە رێگاکانی پارێزگای دهۆک، ژمارەی گەشتیاری بۆ پارێزگای سلێمانی زیاد کرد، ئەمەش دەرفەتێکی باشی رەخساند بۆ هۆتێل و مۆتێل و شوێنە گەشتیارییەکانی پارێزگای سلێمانی کە لەم جەژنەدا جمەیان دەهات لە گەشتیار.

مەحموود تۆفیق، سەرۆکی لقی سلێمانی کۆمەڵەی میوانخانە و چێشتخانەکانی هەرێمی کوردستان، دەڵێت "لە ماوەی چوار رۆژی جەژنی رەمەزاندا لە سەرووی 50 هەزار گەشتیار روویان لە شوێنە گەشتیارییەکانی پارێزگای سلێمانی کردووە، بەم هۆیەشەوە تەواوی هۆتێلەکان و مۆتێلەکان پڕبوون لە گەشتیار و تەنانەت لە هەندێ رۆژدا گەشتیار شوێنی مانەوەی لە هۆتێلەکان دەست نەدەکەوت و بەناچاری لە باخەکان شوێنمان بۆ کردنەوە".



لە ماوەی دە رۆژدا 255 هەزار گەشتیار روویان لە هەرێمی کوردستان کرد

(فۆتۆ: رووداو)

## جووتیاران شێوازی نوێ و هاوچەرخ لە چاندنیدا پەیڕەو دەکەن

# لەماوەی هەشت ساڵدا بەرهەمی شووتی 75% زیادی کردووە

**رەوا عەبدوڵڵا**
**رووداو- هەولێر**

زیادبوونی خواست و قازانجی زۆر، بووەتە هۆی ئەوەی جووتیارێکی زۆر لە هەرێمی کوردستان روو لە چاندنی شووتی بکەن و داهێنان لە چاندنیدا بکەن. ئەمەش بەرهەمی شووتی بەشێوەیەکی بەرچاو زیاد کردووە.

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، لە ماوەی هەشت ساڵی رابردوودا بەرهەمی شووتی بەرێژەی نزیکەی 75% زیادی کردووە، بەجۆرێک لە 22 هەزار تۆنەوە بۆ 78.5 هەزار تۆن زیاد بووە.

لەبەرامبەریشدا هاوردەی شووتی بەرێژەی 41% کەمی کردووە و بڕی بەکاربراوی ساڵانەی شووتیش لە 80 هەزار تۆنەوە بۆ 122 تۆن زیاد بووە.

عەلی عومەر، بەڕێوەبەری گشتی کۆمپانیای مەناس بۆ خزمەتگوزاری و بازرگانی کشتوکاڵی، خاوەنی پرۆژەیەکی پێشکەوتووی چاندنی شووتییە و ئەمساڵ لە سنووری گوندی تۆبزاوەی سەر بە قەزای بەردەڕەش 700 دۆنمی بەشێوەی هاوچەرخ چاندووە. ئەو دەڵێت: "چاندنی شووتی بەشێوەی هاوچەرخ سێ بەرامبەری شێوازی کلاسیک بەرهەمی هەیە".

عەلی پێشتر بازرگان بووە، ساڵانە بایی نزیکەی یەک ملیۆن دۆلار شووتی لە تورکیاوە هاوردە کردووە، بەڵام دوای دیراسەیەکی ورد، بڕیاری داوە لە جیاتی هاوردنی شووتی، بیچێنێ.

عەلی ماوەی سێ ساڵە شووتی دەچێنێ، ساڵی یەکەم وەکو تێست 300 دۆنمی لە ناوچەی سحێلا چاند و سەرکەوتوو بوو، بۆیە لە ساڵی رابردووەوە رووبەری چاندنی زیاد کرد بۆ 700 دۆنم. ئەمساڵیش چاوەڕێ دەکات 12 تاوەکو 14 هەزار تۆن شووتی لە زەوییەکەی هەڵبگرێتەوە.

عەلی عومەر دەڵێت: "لە چاندنی هەر دۆنمێک شووتی 20 تاوەکو 25 تۆن بەرهەمم دەستدەکەوێت، تێچووی چاندنی کیلۆیەک شووتی 125 دینار لەسەر ئێمە دەکەوێ، بۆیە ئەگەر حکومەت لەکاتی پێگەیشتنی بەرهەم، باج بخاتە سەر شووتیی هاوردە، قازانج دەکەین.

شووتی بە 120 رۆژ پێدەگات. دەتوانرێت لەرێی داپۆشین لە مانگی شوباتەوە بچێندرێ، بۆ بەردەوامیی بەرهەمەکەشی دەکرێت بە لەبەرچاوگرتنی کەشوهەوا و ناوچەکان لە مانگەکانی نیسان و حوزەیرانیش جاری دیکە بچێنرێ.

عەلی گوتی: "بەگوێرەی ئەو پلانەی داماننناوە، تاوەکو مانگی تشرینی یەکەم بەرهەممان دەبێت، چونکە بەشێکمان لە مانگی شوبات چاند، لە ناوەڕاستی مانگی ئایارەوە رۆژانە نزیکەی 300 تاوەکو 400 تۆن بەرهەمی لێ دەنێرینە بازاڕ، بەشێکی دیکەشمان لە 20ی نیسان چاندووە لە مانگی هەشت بەرهەم دەدات و لەناوەڕاستی ئەم مانگەش بەشێکی دیکەمان چاندووە، بۆیە تاوەکو مانگی تشرینی یەکەم بەرهەممان دەبێت".

بەشێک لە وڵاتان بۆ زیادکردنی بەرهەم و پاراستنی لە نەخۆشییەکان، شووتی لەسەر کولەکە پێوەن دەکەن، تورکیا یەکێکە لەو وڵاتانەی لەم رێگەیەوە بەرهەمی خۆی پێشخستووە.

عەلی بۆ چاندنی ئەم 700 دۆنمە نزیکەی نیو ملیۆن نەمامی شووتی لە تورکیاوە هێناوە، نرخی هەر نەمامێکیش 65 سەنت لەسەری کەوتووە.

عەلی دەڵێت: "بەشێک لەو نەمامانەی لەسەر کولەکە پێوەندکرابوون، لە هەر دۆنمێک 25 تاوەکو 30 تۆن شووتی دا، بەڵام ئەو نەمامانەی کە پێوەند نەکرابوون 17 تاوەکو 25 تۆن بەرهەمیان هەبوو".

چاندنی شووتی لە کوردستان شێوازی کلاسیکی تێپەڕاندووە و جووتیاران رێگەی تازە بۆ چاندنی تاقی دەکەنەوە.

مستەفا محەممەد، ماوەی نۆ ساڵە بە سیستەمی دڵۆپاندن و داپۆشراو شووتی دەچێنێ. ئەو دەڵێت: "بەهۆی پەیڕەوکردنی سیستەمی دڵۆپاندن و داپۆشراو بۆ بەرهەمهێنانی شووتی، بەرهەمی شووتی لە هەرێمی کوردستان زۆر زیادی کردووە".

مستەفا ئەمساڵ 180 دۆنم زەوی بەشێوەی دڵۆپاندن و داپۆشراو لە سنووری هەردوو گوندی گردعەزەبان و سیراوە بە شووتی چاندووە، لەهەر دۆنمێک 2200 نەمامی شووتی چاندووە و چاوەڕێیە 3500 تۆن شووتی لە زەوییەکەی هەڵبگرێتەوە. ئەو دەڵێت: "ساڵانە لە وەرزی پێگەیشتن بەرهەممان ئەوەندە زۆرە بازاڕەکانی هەولێر ناتوانێت لەخۆی بگرێ، بۆیە 80%ی بەرهەمەکەمان بۆ شارەکانی عێراق هەناردە دەکەین".

بەگوتەی مستەفا محەممەد، بەرهەمی شووتیی جووتیارانی کوردستان سێ بەرامبەری ئەو بڕەیەکە کە ساڵانە وەزارەتی کشتوکاڵ لەرێگەی گومرگەکانەوە وەک داتا دەستی دەکەوێت، چونکە زۆربەی جووتیاران بەرهەمەکەیان نابەتە گومرگ و هەر لەسەر کێڵگەکانیان دەیفرۆشن..

بەهۆی ئەو خواستەی لەسەر نەمامی پێوەنکراوی شووتی لەسەر کولەکە هەیە، هەندێ کۆمپانیا لە هەوڵی دامەزراندنی نەمامگەی پێشکەوتوون بۆ بەرهەمهێنانی نەمامی شووتی.

ئازاد محەممەد، جووتیارێکی پارێزگای هەڵەبجەیە، بەهۆی سەرکەوتنی لەپێوەنکردنی شووتی لەسەر کولەکە مانگی رابردوو لەسەرداوای کۆمپانیایەک بینینی نەمامگەیەکی پێوەنکردنی شووتی سەردانی تورکیای کرد. ئازاد محەممەد دەڵێت لە داهاتوویەکی نزیکدا نەمامگەیەکی پێشکەوتوو بۆ پێوەنکردنی شووتی لەسەر کولەکە بەهاوکاری کۆمپانیای قەیوان لەسەر زەوییەکەی ئەو لەلایەن ئەندازیارانی تورک دروست دەکرێت. ئازاد گوتی: "ئامانجمان لە دامەزراندنی نەمامگەکە بۆ ئەوەیە نەمامی شووتی پێوەنکراو لەسەر کولەکە و بەرهەمەکانی دیکە بەنرخێکی گونجاو بۆ جووتیاران دابین بکەین و پارەی وڵات لە هاوردنی نەمامی شووتیی پێوەنکراو و بەرهەمەکانی دیکە نەچێتە دەرەوە. جووتیارانیش نەمامێکیان دەستکەوێ سێ بەرامبەری نەمامی ئاسایی بەرهەم بدات".

بۆ پاراستی بەرهەمی خۆماڵی، وەزارەتی کشتوکاڵ ساڵانە لە سەرەتای حوزەیرانەوە تاوەکو کۆتایی مانگی تەمموز، 250 دینار رەسمی گومرگی داخاتەسەر هەر کیلۆیەک شووتی هاوردە، بەمەش بەرهەمی خۆماڵی تارادەیەک توانیویەتی لەنرخدا کێبرکێی بەرهەمی هاوردە بکات.

کەمال محەممەد، بەڕێوەبەری خانووی پلاستیکی لە وەزارەتی کشتوکاڵ دەڵێت: "دانانی باج تارادەیەک نرخی هاوسەنگ کردووە و بووەتە هۆی ئەوەی جووتیاران قازانج بکەن، بەڵام گرفتەکە لەوەدایە لە کاتی پێگەیشتنی بەرهەم بەهۆی زۆری خستنەڕوو، نرخ دادەبەزێت و ئەگەر جووتیار بەرهەمەکەی هەناردەی شارەکانی عێراق نەکات، نرخی تێچووی خۆی ناکاتەوە، بۆیە دەبێت بەهەموو لایەک گرفتی بەبازاڕکردن چارەسەر بکەن".

**بەرهەمی شووتیی خۆماڵی و هاوردەکراو (بەتۆن) لە هەشت ساڵی رابردوودا**

| بەرهەم | 2010 | 2011 | 2012 | 2013 | 2014 | 2015 | 2016 | 2017 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| خۆماڵی | 22.077 | 29.630 | 44.197 | 59.470 | 56.257 | 50.124 | 44.907 | 87.551 |
| هاوردە | 58.378 | 38.293 | 22.851 | 42.081 | 52.158 | 39.139 | 49.853 | 34.456 |
| بەکاربراو | 80.455 | 67.923 | 67.048 | 101.551 | 108.415 | 89.263 | 94.760 | 122.006 |



چاندنی یەک کیلۆ شووتی 125 دینار لەسەر جووتیار دەکەوێ

# ململانێی "سووکی ئەمریکا" و "قورسی کەنداو" لە بازاڕەکانی ئاسیادا



محەممەد شێخ فاتیح

لە دوو ساڵی ڕابردوودا و پاش ئەوەی ئەمریکا قەدەغەی لەسەر هەناردنی نەوتی خاوی خۆی هەڵگرت، بارهەڵگرە نەوتییەکانی دەستیان کرد بە گواستنەوەی نەوت بۆ زیاتر لە 30 وڵات. فرۆشیارە ئەمریکییەکان بەردەوام بە دوای کڕیاری زیاتردا دەگەڕێن لە بازاڕە گەورەکانی ئەوروپا و ئاسیادا، ئەوەش هەڕەشەیەکی گەورەیە لەسەر گەورە بەرهەمهێنەرانی نەوت، زۆرترین بڕی هەناردەی نەوتی ئەمریکاش بۆ بازاڕەکانی ئاسیا چووە، لەنێویشیاندا چین کە دووەم گەورەترین کڕیاری نەوتی ئەمریکایە لە پاش کەنەدا و ڕۆژانە 11.7 ملیۆن بەرمیل نەوت دەکڕێت.

هەرچەندە جەنگی بازرگانی کە لەم ڕۆژانەدا لە گەڕێکی توندی خۆیدایە هەڕەشە لەسەر هەناردنی نەوتی ئەمریکا بۆ چین دەکات، چونکە چین هەڕەشەی سەپاندنی باج لەسەر نەوتی هاوردەکراوی ئەمریکا دەکات کە دابەزینی پشکی کۆمپانیا نەوتییەکانی ئەمریکای بەدواداهات بە ڕێژەی 1-2%. لێکەوتەیەکی دیکەی ئەو جەنگە دابەزینی نرخی خاوی تەکساس بوو کە 9.75 دۆلار نرخەکەی کەمترە لە نرخی برێنت، ئەوەش دۆخێکی دەگمەنە.

ئەم دۆخە شرۆڤەکارانی کردووە بە دوو بەشەوە، لایەک بڕوای بە توانای نەوتی ئەمریکا هەیە لەوەی کە بتوانێت ببێتە هاوبەشێکی سەرەکی لە دابینکردنی نەوتی ئاسیا و کاراکتەرێکی سەرەکی لە بازاڕەکانیدا، لایەکیش گومانیان لە توانای نەوتی ئەمریکی هەیە کە بتوانێت جێی خۆی لە بازاڕەکانی ئاسیادا بکاتەوە.

دامەزراوەی کریستۆڵ ئینێرژی ڕایگەیاندووە، بازاڕی ئاسیا بازاڕێکی گەورەیە و بەشێوەیەکی خێرا گەشە دەکات، هەربۆیە لە توانایدا هەیە پێشوازی لە هەردوو جۆرە نەوتەکە بکات. هەرچەندە هەندێک پێیانوایە ناکرێت بەراوردی نێوان ئەو دوو نەوتە بکرێ، لەبەرئەوەی کاتێک باسی نەوتی خاوی ئەمریکا دەکەیت، دەبێ باسی نەوتی سووک و شیرین بکەی. کە باسی نەوتی خاوی کەنداویش دەکرێت، قسە لەسەر قەبارەی نەوتی هەناردەکراوە، واتە بابەتەکە دوو ڕەهەندی جۆریتی و چەندێتی هەیە، هەربۆیە بواری کێبڕکێی ئەو دوو نەوتە بەرتەسکە.

کریستۆڵ ئینێرژی باس لەوە دەکات کە ئەگەر نەوتی ئەمریکی بیەوێت کێبڕکێ بکات، دەبێت لەگەڵ هەمان جۆر نەوتی خۆیدا بێت، وەکو لیبیا و ئەنگۆلا و نایجیریا نەک ململانێ لەگەڵ نەوتی کەنداو، بۆیە ئەمە (بەراوردکردنی سێوێک نییە بە سێوێکی دیکە).

بەشداریی ئەمریکا ئێستا لە بازاڕی ئاسیا تەنیا 3%یە، ئەوەش ڕێژەیەکی کەمە، هاوکات شارەزایان ڕایان وایە کە ناتوانێت گەشەی زیاتر بکات. سەرباری ئەوەی کە جۆری ئەو نەوتەی ئەمریکا هەناردەی دەکات، لەگەڵ ئەوەی کەنداو جیاوازە.

لەبەرامبەردا شارەزایان لە دامەزراوەی ئینێرژی ئیسپێکتس، باس لەوە دەکەن کە خواستی فراوانی بازاڕەکانی ئاسیا بوارێکی گەورە دەڕەخسێنێ بۆ پێشوازی لە نەوتی ئەمریکا و چوونی نەوتی ئەمریکا بۆ بازاڕەکانی ئاسیا، هەربۆیە پاڵاوگەکانی نەوتی ئەمریکا سەرلەنوێ دیزاین دەکرێنەوە بۆ پاڵاوتنی نەوتی سووکتر و گونجاوتر لەگەڵ ژینگە.

ئەوان باس لەوە دەکەن کە ئەو بازاڕە ئامادەیە بۆ وەرگرتنی نەوتی زیاتر، هەربۆیە ئێستا نەوتی ئەمریکا ئەو بۆشاییە پڕ دەکاتەوە کە بەهۆی کەمکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنان لە لایەن وڵاتانی ئۆپێکەوە دروستبووە، بەڵام هۆکاری دووەم کە کاریگەرترە،

> **وڵاتانی ئاسیا نەوتی ئەمریکی بە گەرەنتیتر دەزانن لە نەوتی کەنداو، لەڕووی هێمنی و جێگیریی سیاسییەوە**



چین ڕۆژانە 11.7 ملیۆن بەرمیل نەوت لە ئەمەریکا دەکڕێت

ئەوەیە کە ئەم دۆخە بەردەوام دەبێت پاش ئەوەی وڵاتانی ئۆپێکیش کەمکردنەوەی بەرهەمهێنانیان ڕاگرت و زیادیان کرد، چونکە وڵاتانی ئاسیا بەدوای جۆراوجۆرکردنی سەرچاوەکانی دابینکردنی نەوتی خاودا دەگەڕێن، هەربۆیە نەوتی ئەمریکی بە گەرەنتیتر دەزانن لە ڕووی هێمنی و جێگیریی سیاسییەوە، ئەوەش هۆکارێکە کە سەرنجی زیاتری ئەو وڵاتانە ڕادەکێشێ.

هۆکاری سێیەم ئەوەیە پاڵاوگەکانی ئەمریکا بە جۆرێک دیزاین دەکرێن، نەوتەکەیان بەپێی مەرجە توندەکانی ژینگە کە لەو وڵاتانە کاری پێدەکرێت، دەبێت کەمترین کبریتیان تێدا بێت، چونکە خاوی وڵاتانی کەنداو لە ڕووی پێکهاتەوە مامناوەند و قورسن لە ڕووی تفتییەوە، بەڵام خاوی ئەمریکا سووکە.

هۆکارێکی دیکە بڕیارەکەی ئاژانسی کەشتیوانی جیهانییە کە بڕیاری داوە لە ساڵی 2020ەوە بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە، ئەویش دیاریکردنی ڕێژەی کبریتە لە سووتەمەنیی کەشتییەکاندا کە دەبێت 0.5% بێت، ئەوەش وا دەکات خاوە سووکەکان خواستیان زیاتر لەسەر بێت کە ئەوەش لە بەرژەوەندیی خاوی ئەمریکا دەشکێتەوە. هەر بۆیە پاڵاوگەکانی ئاسیا ناچارن نەوتی سووک و مامناوەند بپاڵێون، بەشێکی زۆری پێداویستییەکەشیان لەلایەن خاوی ئەمریکاوە پڕ دەکرێتەوە، لەبەرامبەریشدا نەوتی کەنداو دەتوانێت ئەو بۆشاییە پڕ بکاتەوە کە لە نەوتی دەریای باکوور و وڵاتانی ئەمریکای لاتینیدا دروستبووە. بەڵام خاوی کەنداو لەبەردەم ئاڵێنگارییەکی گەورەدایە، ئەویش ئەوەیە ئەگەر پاڵاوگەکان بەردەوام بن لەسەر خواستیان بۆ نەوتی سووک و شیرین، ئەوا کەنداو ناتوانێت ئەو پێداویستییە پڕ بکاتەوە، چونکە توانای ئەوەی نییە و پێکهاتەی نەوتەکەی گونجاو نییە.

بەپێی دامەزراوەی ئینێرژی ئێسپێکتس: بازاڕەکانی ئاسیا ڕۆژانە 400 بۆ 500 هەزار بەرمیل نەوتی ئەمریکا هاوردە دەکەن وەک تێکڕای مانگانە، لە کاتێکدا چاوەڕوان دەکرێت زیاد ببێت بۆ 1.2 ملیۆن بەرمیل، کەچی کۆی هەناردەی نەوتی ئەمریکا لە ساڵی ڕابردوودا 1.7 ملیۆن بەرمیل بووە.

جگە لەوەش ئاژانسە نێودەوڵەتییەکان پێشبینییەکانیان جیاوازە بۆ خواست و خستنەڕوو لە بازاڕی نەوتدا. دیارترین ئەو ئاراستانەش ئاژانسی نێودەوڵەتی وزە (IEA)و ڕێکخراوی (OPEC)ن، سەبارەت بە قەبارەی خواستی جیهانی لەسەر نەوت.

ئێستا نەوتی بەردینی ئەمریکا و بەرزبوونەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی ئەمریکا هۆکارێکی سەرەکی دیاریکردنی ئاراستەی بازاڕی نەوتن، بەڵام لایەک ڕای وایە کە باسەکە تەنیا پەیوەندی بە نەوتی ئەمریکاوە نییە، بەڵکو نەوتی ڤەنزوێلا و لیبیا و ئەنگۆلا و تەنانەت عێراقیش هۆکارێکی سەرەکین لە بازاڕەکانی نەوتدا..

ئەمریکا جگە لەوەی گەورەترین بەکاربەری نەوتە لە جیهاندا، لەهەمانکاتدا ڕۆژانە 9.3 ملیۆن بەرمیل نەوتی بەردین و لیتەیی بەرهەمدێنێ.

شارەزایان دەڵێن کە ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزە وەک پێویست لە پێشبینییەکانیدا حەقی نەداوە بە داتاکان سەبارەت بە خواست لەسەر نەوت، سەرباری ئەوەی میتۆدی پێشبینییەکانی پشت دەبەستێت بە داتاکانی سندوقی نێودەوڵەتیی دراو سەبارەت بەگەشەی ئابووریی جیهان، هەر بۆیە هەندێک پێیانوایە کە پێشبینییەکانی ئاژانسی نێودەوڵەتی وزە سەبارەت بە کەمبوونەوەی خواست لەسەر نەوت زۆر نالۆژیکییە.

لەکاتێکدا پێشبینییەکانی ئۆپێک سەبارەت بە خواستی جیهانی لەسەر نەوت ڕاستتر و نزیکتربوون لە ڕاستییەوە، بەڵام کێشەی ئۆپێک ئەوەیە کە چەند ڕەهەندێکی خواستی جیهانی پشتگوێ خستووە.

سوهەیل ئەلمەزروعی، وەزیری وزەی ئیماراتی دەڵێت خواست لەسەر نەوت ڕۆژانە بە بڕی 1.5 ملیۆن بەرمیل بەرز دەبێتەوە و ئەو گەشەکردنەش بەردەوامە، هەر بۆیە تا ساڵی 2040 بازاڕی نەوت پێویستی بە 10 تریلیۆن دۆلار وەبەرهێنان هەیە، مەزروعی ئەوەشی نەشاردەوە کە خواست لەسەر نەوتی لیتەی ئەمریکا لە ساڵی 2018 دا 1.2 ملیۆن بەرمیل گەشە دەکات، ئەوەش دوو هێندەی ئەو بڕەیە کە لە ساڵی 2017دا بەرهەمهێنراوە، هەر بۆیە شارەزایان باس لەوە دەکەن کە نە پێویست دەکات لە ڕۆڵی نەوتی لیتەیی کەم بکرێتەوە، نە لە قەبارەی خۆیشی گەورەتر بکرێ.

# ئۆپێک و هاوپەیمانەکانی بەرهەمهێنانی نەوت بەرز دەکەنەوە




زیادبوونی خواستی بازاڕ بۆ نەوت، کۆتایی بە ڕێککەوتنی کەمکردنەوەی بەرهەمهێنانی نەوت هێنا

ڕووداو - هەولێر

ڕێکخراوی وڵاتانی هەناردەکاری نەوت (ئۆپێک) و هاوپەیمانەکانی ڕەزامەندییان دەربڕی لەسەر ئەوەی بەرهەمی نەوتی جیهان بەرز بکەنەوە، وەزیری نەوتی سعوودیەش دەڵێت ڕێژەیەکی "بەرچاوی" نەوت دەخەنە بازاڕەکانی جیهانەوە، بەمەش کۆتایی بە ڕێککەوتنی کەمکردنەوەی بەرهەمی نەوتی دەهێنن کە ساڵ و نیوێک بوو کاری پێدەکرا.

ڕۆژی شەممەی ڕابردوو، بەرپرسانی باڵای نەوتی ئۆپێک و ژمارەیەک وڵاتی دەرەوەی ئۆپێک ڕێککەوتنێکیان لەبارەی بەرزکردنەوەی بەرهەمهێنانی نەوت ڕاگەیاند، بەڵام شێوازی داڕشتنی ڕێککەوتنەکە دەرگای گومان و لێکدانەوەی جیاوازی سەبارەت بە ئاستی بەرزکردنەوەکە کردووەتەوە.

ڕۆژێک پێش کۆبوونەوەکەی ڕۆژی شەممەی ڤیەننا، ئەندامانی ئۆپێک کۆبوونەوەیەکی نێوخۆییان کرد کە تێیدا بەڵێنیان دا بە بڕی یەک ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا ئاستی بەرهەمهێنان بەرزبکەنەوە. هەر ئەو کات وەزیرانی نەوتی ژمارەیەک لە وڵاتانی ئەندامی ئۆپێک ڕایانگەیاند ژمارەیەکی زۆر لە وڵاتانی بەشدار لە ڕێککەوتنەکە ناتوانن وەکو پێویست لەو هەنگاوەدا بەشدار بن، بۆیەش دەشێت ئاستی زیادکردنی بەرهەمهێنانەکە لە نێوان 500 بۆ 800 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا بێ.

لە کۆبوونەوەکەی ڕۆژی هەینیدا باس لەوە کرابوو هەر وڵاتێک پشکێکی دیاریکراوی لە بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمی نەوت بەربکەوێ، بەڵام ڕۆژی شەممە ئەو خاڵە لە ڕێککەوتنەکەدا لادرا، بەمەش ڕێگە دەکرێتەوە تاوەکو ئەو ڕادەیەی لە ڕێککەوتنەکەدا دیارییان کردووە بەرزی بکەنەوە.

خالد فالح، وەزیری وزەی سعودیە، لەمبارەیەوە گوتی "ئەگەر بەپێی پشک ئەو بڕە نەوتە بەسەر 24 وڵاتەکەی ناو ڕێککەوتنەکەدا دابەش بکەین، ئەوە بەپێی مەزندەکان تەنها 60%ی ئەو بڕەی لە ڕێککەوتنەکەدا هاتووە (واتە یەک ملیۆن بەرمیلەکە) بەرز دەکرێتەوە. مادام ئەو سیستەمی پشکەمان لاداوە، کەواتە ئێستا نزیکترین لەوەی ڕۆژانە یەک ملیۆن بەرمیل لە بەرهەمی نەوتی بەرز بکەینەوە، نەک 600 هەزار بەرمیل".

لە کۆتایی 2016دا، ڕێکخراوی ئۆپێک و 10 وڵاتی دیکەی دەرەوەی ئۆپێک لەسەر کەمکردنەوەی بەرهەمی نەوتی جیهان بەبڕی 1 ملیۆن و 800 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا ڕێککەوتن. لە کۆتایی ساڵی ڕابردوودا، 24 وڵاتەکە ڕازی بوون ڕێککەوتنەکە تاوەکو کۆتایی 2018 درێژ بکەنەوە، بەو مەرجەی لە مانگی حوزەیراندا هەڵسەنگاندێک بۆ دۆخی بازاڕەکانی نەوت بکەن و ئەگەر پێویستی کرد ڕێککەوتنەکە سڕبکەن.

ڕاپۆرتی کۆبوونەوەکەی ڕۆژی شەممە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە هێشتاش ئەگەری گەڕانەوە بۆ سەر ڕێککەوتنەکەی 2016 هەیە، بەڵام ئەمجارەیان مەرجی قورس لەسەر هیچ وڵاتێک دانانرێ. خالد فالح ئاشکرای کرد لە چەند مانگی داهاتوودا ئاستی بەرهەمهێنانی وڵاتەکەی سەتان هەزار بەرمیل بەرز دەبێتەوە.

ئالێکساندەر نۆڤاک، وەزیری وزەی ڕووسیا، بە ئاژانسی (بلومبێرگ)ی ئەمریکی ڕاگەیاندووە "زیادکردنی ئاستی بەرهەمهێنان نزیک یەک ملیۆن بەرمیل دەبێ". دوای کۆبوونەوکەی ڕۆژی شەممەش، نۆڤاک ئاشکرای کرد وڵاتەکەی لە چوارچێوەی ئەو ڕێککەوتنە نوێیەدا، ڕۆژانە 200 هەزار بەرمیل لە بەرهەمی نەوتی وڵاتەکەی زیاد دەکات. سوهەیل ئەلمەزروعی، وەزیری وزەی ئیمارات، وێڕای پشتڕاستکردنەوەی لێدوانەکەی نۆڤاک جەختی لەوەش کردەوە "بڕیارەکە زۆر ڕاشکاوانەیە".

پێشتر کۆمیتەیەک بۆ چاودێریی جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکەی 2016 پێکهێنرابوو. وەزیری وزەی سعودیەش ئاماژەی بۆ ئەوە کرد هەر هەمان کۆمیتە چاودێری چۆنێتیی بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنان دەکات.

پێشتر ئەمریکا، چین و هیندستان داوایان لە وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت کردبوو نەوتی زیاتر ڕەوانەی بازاڕەکان بکەن، چونکە کەمبوونەوەی نەوت لە بازاڕەکان و بەرزبوونەوەی نرخی ئەو سووتەمەنییە کاریگەریی نەرێنی لەسەر ئاستی گەشەی ئابووریی جیهان دادەنێ. ڕۆژی هەینی دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا، لە تویتێکدا ڕایگەیاند "هیوادارین ئۆپێک بەرهەمهێنان بەشێوەیەکی بەرچاو بەرز بکاتەوە، پێویستە نرخەکان (واتە نرخەکانی نەوت) لە خوارەوە بن". نۆڤاک ڕەتیکردەوە گوشاری چەند مانگی ڕابردووی ترەمپ کاریگەریی لەسەر بڕیارەکەی ڕۆژی شەممە هەبووبێ و گوتی: "تویتەکان پاڵ بە ئێمەوە نانێن، بەڵکو ئەوە کاریگەری لەسەرمان دادەنێ، شیکردنەوەی قووڵی بازارە".

لە چەند مانگی ڕابردوودا کەرتی پیشەسازیی نەوتی لیبیا، ئەنگۆلا و ڤەنزوێلا بە هۆکاری جیاواز تووشی کێشە بوون، ئەمەش وایکرد کەمکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی ئۆپێک و وڵاتانی دەرەوەی ئۆپێک بە بڕی یەک ملیۆن بەرمیلی دیکەش دابەزێ. وەزیری وزەی سعوودیە هۆشداری دا کە لە نیوەی دووەمی 2018دا، بازاڕی نەوتی جیهان تووشی کەموکوڕی نەوت ببێتەوە. جیا لەمە لە مانگی تشرینی دووەمی ئەمساڵەوە سزا ئەتۆمییەکانی ئێران لەسەر کەرتی نەوتی ئێران دەکەوێتە واری جێبەجێکردن، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی ڕێژەیەکی بەرچاو نەوت لە بازاڕەکانی جیهاندا کەم ببێتەوە. بەو پێیەش چاوەڕێ ناکرێ ڕێککەوتنەکەی ڕۆژی شەممە کاریگەرییەکی یەکجار گەورە لەسەر نرخەکانی نەوت دابنێ.

## ئێران نارازییە

ئێران،کە سێیەم گەورەترین بەرهەمهێنەری نەوتی ئۆپێکە، دژی بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت بوو. ئێرانییەکان جەخت لەوە دەکەنەوە ڕێککەوتنەکەی ڕۆژانی هەینی و شەممە بەهۆی داواکاری ترەمپ بووە کە لە مانگی ئایاری ئەمساڵەوە بڕیاری داوە سزا ئەتۆمییەکان بگەڕێنێتەوە سەر ئێران.

چاودێرانی پیشەسازیی نەوت پێشبینی دەکەن هەتا کۆتایی ئەمساڵ ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی ئێران بەرێژەی زیاتر لە 30% دابەزێ، بۆیەش ڕێککەوتنی بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت نەک هەر هیچ قازانجێکی بۆ ئێران تێدا نابێت، بەڵکو ڕێگەش خۆش دەکات بۆ ئەوەی وڵاتانی دیکەی بەرهەمهێن بە بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمی نەوتی خۆیان بۆشایی نەوتی ئێران لە بازاڕەکانی جیهاندا پڕ بکەنەوە.

ئێران بە توندی دژی ئەوەیە وڵاتانی دیکەی نێو ڕێککەوتنەکە بۆشایی ئەو وڵاتانە پڕ بکەنەوە کە ناتوانن زیاتر بەرهەم بهێنن، لەوانەش ئێران و ڤەنزوێلا. فالح بەبێ ناوهێنان وەڵامی بۆچوونی ئێرانییەکانی دایەوە و گوتی "هەندێک لە وڵاتەکان ناتوانن بەرهەمەکەیان بەرزبکەنەوە، بۆیەش وڵاتەکانی دیکە لە جیاتی ئەوان بەرهەم زیاد دەکەن، ئەمەش بەو مانایەیە ئاڵوگۆڕ لە سیستەمی پشکەکاندا دەکرێ، بۆ ئەوەی ئۆپێک بتوانێ یەک ملیۆن بەرمیل بخاتەسەر نەوتی بازاڕەکانی جیهان."

وەزیری نەوتی سعودیە لەدوای کۆبوونەوەکەی ڕۆژی شەممە ڕایگەیاند کۆمپانیای ئارامکۆ، کە کۆمپانیای نیشتمانیی نەوتی ئەو وڵاتەیە، پێشوەخت ئاستی بەرهەمهێنانی بەرز کردووەتەوە.

بڕیارە لە یەکەم ڕۆژەکانی مانگی ئەیلوولدا کۆبوونەوەیەکی نائاسایی ئۆپێک و کۆمیتەی چاودێری بەڕێوەبچێت. چاوەڕێ دەکرێ تاوەکو ئەو ڕێژەی بەرهەمهێنانی نەوتی ئۆپێک بەهۆی سزاکانی ئەمریکا لەسەر ئێران زیاتر دابەزیبێ و بۆشاییەکی زیاتریش لە بازاڕەکانی نەوتی جیهاندا دروست بووبێ.



## حەسەن زیرەک بە هیندی

**ڕووداو– هەولێر**

هەژار ساڵح هونەرمەندی گەنج، نوێترین بەرهەمی گۆرانییەکی حەسەن زیرەکە کە میکسی گۆرانییەکی کۆنی هیندی دەکات و بەشێوەیەکی نوێ تۆماری دەکاتەوە. هەژار ساڵح بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند" لەگەڵ چەند میوزیکژەنی ناوداری هیندستان ڕێکەوتووین کە گۆرانییەکی کوردی میکسی گۆرانییەکی کۆنی هیندی بکەم کە پێشتر ئەم گۆرانییە هیندییە لە فیلمێکی ئەمتاب باچان گوتراوە و منیش لەگەڵ گۆرانی ئەرێ بێنەی حەسەن زیرەک میکسم کردووە و دووبارە بەدەنگی خۆم تۆمارم کردووەتەوە" . هەژار دەشڵێت"تۆمارکردنی میوزیکی گۆرانی هیندییەکە لە هیندستان دەکرێت و میوزیکی گۆرانییە کوردییەکەش لە ئێران لەلایەن میوزیکژەنانی ناوداری ئێران جێبەجێ دەکرێت، بڕیاریشە هەر لە هیندستان ڤیدیۆکلیپی بۆ بکەین" .

## سەلما میسری، ئەستێرە و ئەکتەری بەناوبانگی سووری بۆ (ڕووداو):

# هاتووین درامای سووری لە کوردستان وێنە بگرین



لەگەڵ چەند ئەکتەر و بەرهەمهێنەرێکی دیکەی سووری بە سەردانێک لە هەرێمی کوردستان بوون. لەو هۆتێلەی کە لێی دابەزیبوون چاومان بە سەلما میسری کەوت و چەند پرسیارێکمان لێکرد. سەلما ئەکتەرێکی ناوداری سوورییە و لە دەیان زنجیرە درامادا دەرکەوتووە. لە ڕابردوودا بە ئاشکرا پشتگیریی بەشار ئەسەد، سەرۆکی سووریای کردبوو، ئێستاش هاوسۆزیەتی و بە "سەرۆکێکی بێوێنە"ی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی دەزانێ.

**هەڤپەیڤین: دەرباز یونس**
**ڕووداو - هەولێر**



**ڕووداو: یەکەم گەشتت بوو بۆ کوردستان، دەڵێن هاتوون لێرە درامای سووری وێنە بگرن؟**

**سەلما میسری:** بەڵێ، ئەمە یەکەم سەردانی منە بۆ کوردستان، لەسەر بانگهێشتێک بوو لەلایەن سەرمایەدارێکی سوورییەوە بەهاوکاریی چەند ڕۆژنامەنووسێک، هاتووین لێرە پەیوەندی بگۆڕینەوە. لەگەڵ خەڵکی ئازیزی ئێرە یەکدی بناسین، با شتێک بڵێم، من لێرە هیچ هەست بە غەریبی ناکەم، وا هەست دەکەم هەر لە سووریام، پلانی ئەوەش هەیە کە لە داهاتوودا زنجیرە درامای سووری لە کوردستان وێنە بگرین. ڕاستییەکەی بۆ ئەوە هاتووین، وەک چۆن لە ڕابردوودا لە ئیمارات و لوبنان کردوومانە.

**ڕووداو: ئەگەر ئەم پلانە سەرکەوتوو بێت، گرنگیی وێنەگرتنی درامای سووری بۆ کوردستان چی دەبێت؟**

**سەلما میسری:** تۆ دەزانی درامای سووری بەهێزە و دەچێتە نێو خەڵک، ئێمە دەتوانین لە ڕێگەی دراماوە کولتوور و جوانی و پێکەوەژیانی ئەم وڵاتە نیشان بدەین. دراما دەتوانێت وڵاتێک یان ناوچەیەکی دیاریکراو زۆر بە باشی بناسێنێت، ئێمەش هەمان پلانمان بۆ کوردستان هەیە، بەڕاستی لە دوای ئەو سەردانەم بۆچوونم تەواو لەسەر کوردستان گۆڕا، من پێشتر هەموو یان زۆرینەی ناوچەکانی عێراق گەڕابووم، بەڵام ئەمە یەکەمجارمە بێمە کوردستان.

**ڕووداو: بارودۆخی سووریا و چەندین ساڵەی شەڕ، کاریگەریی زۆری لەسەر دراما داناوە، مەبەستم درامای سوورییە، تۆش وای دەبینی؟**

**سەلما میسری:** بێگومان وای دەبینم، بیرمان نەچێت ئێمە چەندین ساڵە لە جەنگداین، جەنگێک کە لە هەموو جیهاندا وێنەی نییە، ئێوەش دەزانن دراما پێویستی بە سنوور و لۆکەیشنی زۆر هەیە بۆ وێنەگرتن، ئێستا بەهۆی زۆریی چەکدار و نائارامیی ناوچەکانەوە شوێن بۆ وێنەگرتنی دراما لە سووریا نەماوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە تەحەدامان کرد و لە کارەکانمان بەردەوام بووین، ڕاستە کاریگەری هەبووە، بەڵام بەرهەمهێنانی درامای سووری نەوەستاوە.

> بەشار ئەسەد خۆڕاگرترین سەرۆکە
> •
> لە ڕێگەی دراماوە کوردستان دەناسێنین

**ڕووداو: دەڵێن لە هەڵبژاردنی ڕۆڵەکاندا کارەکتەرێکی قورست هەیە، مەرجی تۆ بۆ بەشداریکردن لە درامایەک چییە؟**

**سەلما میسری:** لای من سیناریۆ زۆر گرنگە، دەبێت کەسایەتییەکەم خۆشبوێت و بتوانم خۆمی تێدا ببینمەوە، ئەمە تەنیا مەرجی منە.

**ڕووداو: لە کام کاری خۆت پەشیمانی؟**

**سەلما میسری:** هەموو کارەکانی من مێژوویەکن، لە هیچکام لە کارەکانم پەشیمان نیم، هەموویانم خۆشدەوێن. هەوادارانیشم دەزانن کارەکانی من قۆناغ بە قۆناغ باشتر و بەهێزتربوون، من زۆر وردم لە کارکردن، بۆیە لە هیچ کارێک پەشیمان نیم.

**ڕووداو: بەشێکی زۆری خەڵکی سووریا و جیهانیش، بەشار ئەسەد بە هۆکاری ئەو نەهامەتییانە دەزانن کە بەسەر گەلی سووریا هاتوون. بەڵام تۆ لە ڕابردوودا هاوسۆزی و پشتگیریت بۆ بەشار ئەسەد دەربڕیوە، ئێستا چی دەڵێی؟**

**سەلما میسری:** بەدڵنیاییەوە ئێستاش هاوسۆز و پشتیوانی بەشار ئەسەدم. کامە سەرۆکی عەرەب هەیە بەم جۆرە خۆڕاگر و بەهێز بێت؟ سەرۆک بەشار ئەسەد زۆر خۆڕاگر بوو، دڵنیاشم ئەو هێز و خۆڕاگرییەی لە هاوسۆزی و پشتگیری گەلی سوورییاوە وەرگرتووە، ئێمە بەیەکەوە توانیمان سووریا ڕزگار بکەین، ئێستاش شام گەڕاوەتەوە دۆخی جارانی خۆی، پەنا بەخوا لە داهاتوویەکی نزیکدا هیچ کێشەیەک لە سووریا نامێنێ.

**ڕووداو: هیچکام لەم ڕووداوانەی ڕابردوو کە لە سووریا ڕوویاندا، تۆیان گریاندووە؟**

**سەلما میسری:** بێگومان ڕووداوی زۆر هەبوون، منداڵی زۆر تێداچوون، لەم دۆخەدا خەڵکی زیاتر بۆ منداڵان خەم دەخۆن، زۆر جار بۆ شەهیدبوونی منداڵێکی سووری گریاوم، خوا ئەو ناحەقییە قبوڵ نەکات کە بەسەر منداڵانی بێتاوانی سووریدا هاتن.

> سەرەڕای جەنگ، بەڵام بەرهەمهێنانی درامای سووری نەوەستاوە
> •
> بۆچوونم لەسەر کوردستان دوای ئەم سەردانە گۆڕا

> شەڕی سووریا لۆکەیشنی بۆ وێنەگرتن نەهێشتووە

## سەحەر تەها، خانمە ئەکتەر و نمایشکاری کورد بۆ (ڕووداو):

# بۆ بارودۆخی ئێستای کوردستان شانۆگەریی کۆمیدی پێویستە

دوو ساڵە بۆ کاری هونەری هاتووەتە باشووری کوردستان، بەشداری لە چەند فیلمێکی سینەمایی کردووە و نوێترین فیلمیشی لەم ڕۆژانە بەرهەم هات کە لەسەر کریستیانەکانی عێراقە.

سەحەر تەها، خەڵکی شاری مهابادی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، لەوێ پەیمانگەی کۆمپیوتەری تەواو کردووە. خەونی ئەو کارکردن بووە لە بواری هونەر نەک کۆمپیوتەر، بۆیە دەچێتە کۆلیژی هونەر، بەڵام لەبەر چەند هۆکارێکی تایبەت ناتوانێت کۆلیژ تەواو بکات، بۆیە ڕوودەکاتە وەرزش و دەبێتە ڕاهێنەری لەشجوانی، پاشان بەهۆی بەشداری لە چەند کارێکی هونەری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەناسرێ، دواتر بەهۆی ڕێگری لە کاری هونەریی ژنان لە ئێران، ڕوودەکاتە هەرێمی کورستان. (ڕووداو) لەبارەی پرۆژەکانی داهاتووی، ئەم هەڤپەیڤینەی لەگەڵ ساز کرد.

**هەڤپەیڤین: هیوا سەلاح**
**ڕووداو - هەولێر**



**ڕووداو: نوێترین کاری هونەریت بەشداریکردن بوو لە فیلمێکی سینەمایی، دەکرێت زانیاری زیاتر لەسەر ئەم فیلمە بدەیت؟**

**سەحەر:** فیلمەکە لەشاری کۆیە بەرهەمهات، باس لە مێژووی کریستیانەکان لە عێراق و مەینەتییەکانی ئەوان دەکات. لەم فیلمەدا من بەهۆی ئەوەی تورکییەکی باشم دەزانی، ڕۆڵی دادوەرێکی تورکم دەبینی، پێموایە یەکێک بوو لەو فیلمە سینەماییە باشانەی کە دوای تەواوبوونی، پێشوازییەکی باشی لێدەکرێ.

**ڕووداو: داواکاریی زۆرت لەلایەن دەرهێنەرەکانەوە بۆ دێت؟**

**سەحەر:** بێگومان داواکاری زۆرم بۆ دێت، بەڵام هەوڵ دەدەم لەگەڵ باشترین دەرهێنەر کار بکەم، بۆ ڕەمەزانی ئەمساڵ بەشداریم لە درامایەکدا کرد کە لە کەناڵێکی عێراقی پەخش دەکرا، من هەوڵ دەدەم ڕۆڵی خۆم بە باشی لە فیلم و دراماکاندا ببینم.

**ڕووداو: ماوەیەکە شانۆگەریی کۆمیدی لە باشووری کوردستان پێشکەش دەکرێت و ڕەواجی زۆری هەیە، تۆش لە چەند شانۆگەرییەکی کۆمیدی بەشداریت کردووە، ئاستی ئەم شانۆگەریانە چۆن دەبینی؟**

**سەحەر:** بە ڕای من لەو باردۆخەی ئێستای کوردستان شانۆگەریی کۆمیدی زۆر پێویستە، ئەم خەڵکە پێویستە لە ڕێگەی شانۆگەریی کۆمیدییەوە زەردەخەنە و پێکەنین بگەڕێتەوە سەر لێوانیان.

**ڕووداو: بەڵام بەشێک لە ڕەخنەگران ئەو شانۆگەریانە بە خراپ وەسف دەکەن؟**

**سەحەر:** بێگومان هەموو کارێک لایەنی باش و خراپی هەیە، بەڵام من دووبارە دەیڵێمەوە کە لەم بارودۆخەدا کۆمیدیا زۆر پێویستە. گرنگە خەڵک ڕوو لە هۆڵەکانی شانۆ بکەن و تێکەڵی کاری هونەری بن، پێموایە ئێستا شانۆی کۆمیدی جەماوەرێکی زۆری هەیە.

**ڕووداو: بۆچی شانۆکاری کۆمیدیی ژن لە باشووری کوردستان کەمن؟**

**سەحەر:** هۆکاری کەمیی خانمە شانۆکاری بواری کۆمیدی ئەوەیە کە لە کۆمەڵگای ئێمەدا هەموو شتێک بە عەیب و شەرم دەزانین، بۆیە شانۆکارەکان زۆر خۆیان لە بواری کۆمیدی نادەن، بۆ ئەوەی دوور بن لە توانج و گلەیی خەڵکی. زۆر کچ هەیە حەز دەکەن ببنە شانۆکاری کۆمیدی، بەڵام بنەماڵەکەیان ڕێگایان پێنادەن و ئەم کارە بەشەرم دەزانن، لەگەڵ ئەوەشدا کچانی ڕۆژهەڵات ئەو کۆت و بەندەیان شکاندووە و لەم بوارەدا کاری باش دەکەن.

**ڕووداو: زیاتر حەز لە بواری سینەما دەکەی یان شانۆ؟**

**سەحەر:** سینەما حەز و خولیای من بووە. دوای سینەماش زۆر حەزم لە کاری مۆدێلینگە و دواتر شانۆ. من پێموایە هەریەکە تام و چێژی تایبەت بەخۆی هەیە، بەتایبەتی کاتێک لەسەر شانۆ بەرامبەر کۆمەڵێک خەڵکی نواندن دەکەی، هەست بە شانازی دەکەی، ئەمە خۆشترین هەستم پێ دەبەخشێت.

**ڕووداو: بۆچی کاری مۆدێل و نمایشی جلوبەرگت هەڵبژاردووە، ئایا مەرجی مۆدێلت تێدایە؟**

**سەحەر:** هەڵبەتە هەموو کەسێک بۆ کاری مۆدێل و نمایشی جلوبەرگ ناگونجێ. هەندێ مەرج و تایبەتمەندی وەک کێشی لەش و بەژن و باڵا و پێوەری دیکە بۆ مۆدێل هەن، پێموایە بەشێکی زۆر لە مەرجەکان لە مندا هەن، بۆیە بەشداریم لە زۆربەی نمایشەکانی کوردستاندا کردووە.

**ڕووداو: تۆ لە بواری سەماش شارەزاییەکی باشت هەیە، وایە؟**

**سەحەر:** بەڵێ، حەزم لە هەموو سەماکانە، چەندین جۆر هەڵپەڕکێی کوردی دەزانم، لەگەڵ ئەوەشدا سەمای ئێرانی و تانگۆ، سالسە، ئازەری، سەمای عەرەبی، بەڕاستی زۆر زۆر شەیدای سەمای عەرەبیم، یەکێک لە خەونەکانم ئەوە بوو ببمە ڕاهێنەری سەما.

**ڕووداو: لە سۆشیال میدیا ئەکتیڤی؟**

**سەحەر:** من تەنیا ئینستاگرامم هەیە و گرنگیی زۆری پێدەدەم، فەیسبووکم نییە، بەڵام چەندین ئەکاونت و لاپەڕە بەناوی منەوە کراونەتەوە و بەناوی منەوە قسە لەگەڵ خەڵک دەکەن. بۆیە لەڕێگەی (ڕووداو)ەوە ڕایدەگەیێنم کە جگە لە ئینستاگرام هیچ لاپەرەیەکی دیکەم لە سۆشیال میدیادا نییە.

**ڕووداو: بیرت لە شووکردن نەکردووەتەوە؟**

**سەحەر:** تاوەکو ئێستا بیرم لێ نەکردووەتەوە، حەز دەکەم جارێ گرنگی بەکارە هونەرییەکانم بدەم، چونکە ئەگەر شوو بکەم ڕەنگە نەتوانم کارە هونەرییەکانم بکەم، بۆیە جارێ بیری لێ ناکەمەوە.

> زۆر شەیدای سەمای عەرەبیم



> فەیسبووکم نییە، بەڵام چەندین ئەکاونت بەناوی منەوە کراونەتەوە

تاراوگە
ڕووداو
ژمارە (510) - دووشەممە 2018/6/25



## 236 کۆچبەر لە دەریای ناوەڕاست ڕزگاردەکرێن

**ڕووداو–هەولێر**

هێزە دەریاییەکانی لیبیا زیاتر لە 200 کۆچبەریان لە دەریای ناوەڕاست ڕزگارکرد و سەرجەمیان تەندروستییان باشە. محەممەد زەغبی گوتەبێژی هێزە دەریاییەکانی لیبیا ڕایگەیاند لەچەند ئۆپەراسیۆنێکیاندا توانیویانە 236 کۆچبەر لە دەریای ناوەڕاست ڕزگاربکەن. لە نێو کۆچبەرە ڕزگارکراوەکاندا 4 ژن و دوو منداڵ هەن و بەگوتەی گوتەبێژی هێزە دەریاییەکانی لیبیا ، تەندروستی سەرجەم کۆچبەرە ڕزگارکراوەکان باشە. زۆربەی کۆچبەرەکان خەڵکی وڵاتانی ئەفریقان و ویستوویانە لەڕێگەی بەلەمێکی لاستیکی بچووکەوە لە دەریای ناوەڕاستەوە بەرەو ئەورووپا بچن.

## بۆ چارەسەری قەیرانی کۆچبەران

# ئیتاڵیا هەڕەشەی کشانەوە لە یەکێتیی ئەوروپا دەکات



وەزیری ناوخۆی ئیتاڵیا کۆچبەران بە مەترسییەکی گەورە بۆ سەر ئەورووپا دەزانێت

**شوان سدیق**
**ڕووداو – ڕۆما**

> یەک کۆچبەری دیکە وەرناگرین
> وەزیری ناوخۆی ئیتاڵیا

دوای تەنیا 10 ڕۆژ لە دەستبەکاربوونی وەک وەزیری ناوخۆ و جێگری سەرۆکوەزیرانی ئیتاڵیا، ماتیۆ سالڤینی ڕەتیکردەوە وڵاتەکەی پێشوازی لە کەشتی ئەکواریۆس بکات کە 629 کۆچبەری لە کەناراوەکانی لیبیاوە هەڵگرتبوو، هەروەها ڕەتیشکردەوە وڵاتەکەی هاوکاریی ئەو کەشتی و بارهەڵگرانە بکات کە ڕێکخراوەکانی فریاگوزاری، هاوکاریی کۆچبەرانی پێدەکەن بۆ دەربازکردنیان لە مەترسی.

تاکە وڵات کە جێی ئومێدی کۆچبەران بوو بە ئاسانی مافی مانەوەی لێ بەدەست بێنن، ئیتاڵیا بوو، بەڵام خەریکە ئیتاڵیاش وەکو زۆربەی وڵاتانی دیکە دەرگا بەڕووی کۆچبەراندا دادەخات و چیدی ئامادە نییە بەهۆی کۆچبەرانەوە قەیرانە داراییەکەی قووڵتر بکاتەوە.

سەربەست کۆچبەرێکی کوردە، دوو مانگە لە ئیتاڵیایە، هەر ئەو ڕۆژەی گەیشت، خۆی ڕادەستی پۆلیس و فەرمانگەی کاروباری کۆچی ئەم وڵاتە کردووە، لەوێ پێیگوتراوە کە پێویستە شوێنێک بۆ خۆت دابین بکەیت، چونکە حکومەت ناتوانێ هاوکاریت بکات. بەڵام سەربەست ئەو برە پارەیەی لە گیرفاندا نییە بتوانێ خانوویەک یان شوقەیەک بە کرێ بگرێ، بۆیە بە ناچاری لە مزگەوتێک دەمێنێتەوە.

سەربەست بە (ڕووداو)ی گوت: "یەکەم ڕۆژ کە گەیشتمە ئیتاڵیا زانیم ژیان لێرە چەند سەختە، بە پێچەوانەی وڵاتانی ناوەڕاست و باکووری ئەورووپا، حکومەتی ئیتاڵیا هاوکاریت ناکات، تەنانەت ئەو ڕۆژەی خۆت تەسلیمی پۆلیس کرد دەبێت ژمارە تەلەفۆنی خۆتیان بدەیتێ بۆ ئەوەی پەیوەندیت پێوە بکەن".

سەربەست بە ڕۆژ لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی دەچێتە ناوەندێکی کاتۆلیکی بۆ فێربوونی زمان و کەمێک پشوودان، شەوانیش بۆ خەوتن دەگەڕێتەوە مزگەوت. سەربەست دەڵێت "بێ ئومێد نەبووین لە حکومەتی ئیتاڵیا، بەڵام پێیانگوتووین دەبێ جارێ چاوەڕێ بین".

ئیتاڵیا لە زۆر لاوە کۆچبەری تێدەڕژێ، حکومەت بە دەست قەیرانی داراییەوە دەناڵێنێ و ناتوانێ وەکو پێویست هاوکاریی کۆچبەران بکات، بۆیە زۆر لە کۆچبەران بە تایبەتی لەو شارانەی کە کەمپیان تێدا نییە، ناچارن لە مزگەوت و کەنیسەکان بمێننەوە.

دوای تێپەڕبوونی سێ مانگ بەسەر هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئیتاڵیا کە ئەنجامەکەی لە بەرژەوەندیی ڕاستڕەوە دژە کۆچبەرەکان بوو، دواجار سێرجیۆ ماتاریلا، سەرۆک کۆماری ئیتاڵیا، جۆرزێپی کۆنتی ڕاسپارد بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەت.

بزووتنەوەی پێنج ئەستێرە وەک هێزێکی گەنج کە بە پۆپۆلیست ناویان دەهێنرێ، لەگەڵ پارتی لیگای باکوور بە سەرۆکایەتی ماتیۆ سالڤینی حکومەتیان پێکهێناوە، پیکەوەکارکردنی ئەم دوو هێزە بارودۆخی کۆچبەران دەباتە قۆناغێکی سەختەوە، چونکە هەردوو پارت لە بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا بەڵێنیان بە ئیتاڵییەکان دابوو کە پرسی هاتنی کۆچبەرانی ناسایی بۆ ئیتاڵیا چارەسەر دەکەن.

سالڤینی بە سیاسەتڤانێکی ڕاسیست و دژە کۆچبەر ناوی دەرکردووە، بەردەوامیش لە بانگەشەی هەڵبژاردنەکان و لە پێگەی تایبەتی خۆی لەسەر ئینتەرنێت، داوا دەکات ڕێگری لە هاتنی کۆچبەران بکرێت بۆ ناو وڵاتانی ئەورووپا، کۆمەڵگای ئیسلامیش بەمەترسی دەزانێت بۆ سەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی لە ئەورووپا.

دانیالی جیراسۆلی کە یاساناسە و ئاگاداری ڕەوشی کۆچبەرانی ئیتاڵیایە، دەڵێت: "تا ئێستا هیچ گۆڕانکارییەک لە وەرگرتن و پێدانی مافی مانەوە نەکراوە، بەڵام بێگومان ئیشوکارەکانیان قورستر بووە، کۆمیسیۆنی باڵای پەنابەرانیش داوای بەڵگەنامەی زیاتر لە کۆچبەران دەکات، لەکاتی پێدانی مافی پەنابەری، چونکە زۆربەی کۆچبەران بەڵگەنامەی وڵاتەکانیان پێنییە، یان هۆکاری جێهێشتنی وڵاتی یەکەمیان لاوازە".

ڕۆژی هەینی لە گوتارێکدا، ماتیۆ سالڤینی، جێگری سەرۆکوەزیران و وەزیری ناوخۆی ئیتاڵیا ڕایگەیاند، ئەرکی ئەو وەک وەزیری ناوخۆ پارێزگاریکردنە لە سنوورەکانی وڵاتەکەی، چونکە ئیتاڵیا ناتوانێت ببێتە کەمپی پەنابەران.

وەزیری ناوخۆی ئیتاڵیا ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد کە پێویستە وڵاتانی دیکەش کۆچبەران وەربگرن، چونکە جگە لە بەندەری ئیتاڵیا، وڵاتانی دیکەش لە نێویاندا فەرەنسا، ئیسپانیا، ماڵتا و هۆڵەندا بەندەریان هەیە و ناکرێت کۆچبەرە ڕزگارکراوەکان بە تەنیا ڕەوانەی بەندەرەکانی ئیتاڵیا بکرێن.

ماتیۆ سالڤینی یەکێکە لە سیاسەتڤانە هەرە بەهێزەکانی ئیتاڵیا، سەرۆکایەتی هاوپەیمانێتی ڕاستڕەوەکانی کرد لە هەڵبژاردنی ئەمساڵ و توانیان 265 کورسی پەرلەمان لە کۆی 630 کورسی بەدەستبهێنن.

سالڤینی داوای سیاسەتێکی توندتری ئەورووپا بەرامبەر کۆچبەران دەکات. ئەو دەڵێت، ئەورووپا ڕووبەڕووی مەترسیی گەورە بووەتەوە بەهۆی شەپۆلی کۆچبەرانەوە.

لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی دێرشپیگڵی ئەڵمانی، ماتیۆ سالڤینی دەڵێت وڵاتەکەی ناتوانێ تەنانەت یەک کۆچبەری دیکەش وەربگرێت، نەک هەر ئەوە بەڵکو دەیەوێ هەندێک لەوانەشی لەو وڵاتەن دەربکات. سالڤینی هەروەها گوتی "لە ماوەی یەک ساڵی داهاتوودا بڕیار دەدرێت کە ئایا هێشتا ئەورووپا یەکگرتووە یان نا".

چاودێران پێیانوایە هەڕەشەی دەرچوونی ئیتاڵیا لە یەکێتی ئەورووپا زۆر جددی نییە، بەڵکو گوشارێکە بۆ سەر یەکێتییەکە بۆ ئەوەی لە مەسەلەی قەیرانی دارایی و کۆچبەراندا هاوکاریی ڕۆما بکات.

دوای کۆنگرەی ساڵانەی حەوت وڵاتە پیشەسازییەکەی جیهان، سەرۆکوەزیرانی نوێی ئیتالیا جۆرزێپی کۆنتی گفتوگۆی لەگەڵ ئیمانوێک ماکرۆن، سەرۆکی فەرەنسا، پیدرۆ سانشێز، سەرۆکوەزیرانی ئیسپانیا کردووە، هەروەها لەگەڵ ڕاوێژکاری ئەڵمانیا ئەنجێلا مێرکڵ سەبارەت بە ڕەوشی کۆچبەران و چارەسەرکردنی قەیرانەکە قسەی کردووە.

بە گوێرەی ئامارێکی ڕێکخراوی کۆچی جیهانی (IOM) ، ئاماری داواکاریی کۆچبەران بۆ وەرگرتنی مافی پەنابەری لە ماوەی ئەمساڵدا گەیشتووتە 35 هەزار کەس، هەروەها ژمارەی ئەو کەسانەی داوای مافی پەنابەرییان کردووە گەیشتووەتە 728 هەزار کەس.

پلان و پێشنیازی کۆمیسیۆنی کاروباری کۆچی سەر بە یەکێتیی ئەورووپا پێشنیازی 35 ملیار یۆرۆی کردووە بۆ هاوکاریکردنی کۆچبەران لە ماوەی ساڵانی نێوان 2012 تاوەکو 2027.

هەفتەی ڕابردوو لە پەرلەمانی یەکێتیی ئەورووپا خوێندنەوە بۆ ڕەشنووسێکی تایبەت بەکۆچبەران کرا، ماڵپەری (تیجکۆم 24) بڵاوی کردەوە، کاربەدەستانی ئیتاڵی تووڕەن، چونکە پێیانوایە زۆرترین کۆچبەر ڕوو لە وڵاتەکەی ئەوان دەکەن، بۆیە پێویستە چارەسەری قەیرانی کۆچ بکرێت، ڕەشنووسەکە تیشک دەخاتە سەر کارپێکردنی زیاتری ڕێککەوتننامەی دبلن و هەروەها سیاسەتی کەمکردنەوەی کۆچبەران.

بڕیاریشە لە ڕۆژانی 28 و 29ی ئەم مانگە کۆبوونەوەیەکی گرنگ لە نێوان ئیتاڵیا، فەرەنسا، ئەڵمانیا و ئیسپانیا بە بەشداریی وڵاتانی بولگاریا و نەمسا تایبەت بە کۆچبەران بکرێ، تەوەری سەرەکی کۆبوونەوەکەش ڕێگری دەبێ لە کۆچبەرانی نایاسایی و کارکردن بە ڕێککەوتننامەی دبلن لە نێوان وڵاتانی ئەورووپا و هەروەها هاوکاریی وڵاتانی ئەفریقا، چونکە زۆربەی ئەو کۆچبەرانەی ڕوو لە ئەورووپا دەکەن بە تایبەتی ئیتاڵیا، ئەفریقایین.

# یاسایەک ڕێ بە کۆچبەرانی سووری نادات بگەڕێنەوە وڵاتەکەیان

**ڕووداو– هەولێر**

یاسایەکی حکومەتی سووریا بووەتە هۆی تووڕەیی ڕێکخراوە مرۆییەکان و ئەو حکومەتانەی کۆچبەرانی سوورییان داڵدەداوە. ئەم یاسایە بۆ هەتا هەتایە ڕێی گەڕانەوە لە کۆچبەرە سوورییەکان دەگرێت.

بەپێی یاساکە، حکومەتی دیمەشق مافی ئەوەی هەیە دەست بەسەر ئەو خانووبەرە و موڵکانەدا بگرێ کە خاوەنەکانیان چۆڵیان کردوون.

حوسام ئیدریس یەکێکە لەو کەسانەی خەونی بەوەوە دەبینی کە بگەڕێتەوە سەر نانەواخانەکەی لە حەلەب، بەڵام ئێستا ترسی هەیە یاسای ژمارە 10 بۆ هەمیشە ڕێی گەڕانەوەی لێ بگرێت.

حوسام لەوبارەیەوە بە ئاژانسی ڕۆیتەرزی گوت :"من لەو نانەواخانەیەدا گەورە بووم، چۆن بتوانم بیر لەوە بکەمەوە کە بۆ هەتاهەتایە ناچمەوە". حوسام نیگەرانە لەوەی یاسای ژمارە 10 ببێتە هۆی ئەوەی خۆی و سەتان هەزار کۆچبەری دیکەی سووریا ناچار بن لە مەنفایەکی هەمیشەییدا بژین، چونکە ئەگەر هەموو موڵک و ماڵەکەیان لەلایەن حکومەتەوە دەستیان بەسەردا بگیرێت، هیچ پاڵنەرێک نامێنێ بۆ گەڕانەوەیان. دایکی حوسام لە سووریا ماوەتەوە و حوسام دەیەوێ لە ڕێگەی باڵیۆزخانەی سووریاوە لە ئەڵمانیا وەکالەتێکی گشتی بۆ بکات، تاوەکو مافی ئەوەی هەبێت ڕێگە نەدات حکومەتی سووریا دەست بەسەر نانەواخانەکە و ئاپارتمانێکدا بگرێ کە لە گەڕەکی کەللاسەی حەلەبن.

لەوەتای یاساکە دەرچووە، ئۆفیسی یاسایی باڵیۆزخانەی سووریا لە بەرلین جمەی دێت. کارمەندێکی باڵیۆزخانەی سووریا بە ئاژانسی ڕۆیتەرزی ڕاگەیاند، لەکاتی دەرچوونی یاساکەوە ڕۆژانە 10 بۆ 15 کەسی سووری سەردانیان دەکەن، بۆ ئەوەی وەکالەتی گشتی بۆ کەسوکاریان لە سووریا بکەنەوە، لە کاتێکدا پێشتر خەڵک بە دەگمەن ڕوویان لە باڵیۆزخانە دەکرد. ئەو یاسایە لە مانگی نیسانی ئەمساڵەوە کاری پێدەکرێ.

یاسای ژمارە 10 مافی ئەوە بە کەسوکاری سوورییەکان دەدا بانگەشەی خاوەندارێتی موڵکەکان بکەن، بەڵام پارێزەران و ڕێکخراوەکانی داکۆکی لە مافەکانی مرۆڤ دەڵێن بۆ ئەوەی کەسێک بتوانێت وەکالەتی گشتی موڵکێک وەربگرێ، دەبێت لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی سووریاوە پاکانەی ئەمنی و سیاسی پێبدرێ، بەو پێیەش ئەوانەی پێشتر لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئۆپۆزیسیۆندا ژیاون، لەو مافە بێبەش دەبن.

بەگوێرەی ڕاپۆرتی کۆمیسارییای باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەران، لە حەوت ساڵی ڕابردوودا نزیکەی 6 ملیۆن سووری لە نێوخۆی وڵاتدا ئاوارە بوون و 5.5 ملیۆنیش ڕوویان لە وڵاتانی دیکە کردووە. ئەڵمانیا نزیکەی 650 هەزار کۆچبەری سووری لێیە. بەو پێیەش لە ناو وڵاتانی ڕۆژئاواییدا میوانداریی زۆرترین ژمارەی پەنابەرانی سووری دەکات، بۆیە ئاساییە لە هەموویان زیاتر لەو یاسایە نیگەران بێت.

بەرپرسێکی حکومەتی ئەڵمانیا بە (ڕۆیتەرز)ی گوت: "یاسای ژمارە 10 بۆ ڕووتاندنەوەی پەنابەرە سوورییەکانە. ڕوون و ئاشکرایە کە ئامانجی ئەسەد ئەوەیە خەڵکێکی نوێ بهێنێتە شوێنی خەڵکە کۆنەکە". بەرپرسەکە ئاگاداری وردەکاری گفتوگۆی نێوان ئانگێلا مێرکڵ، ڕاوێژکاری ئەڵمانیا و فلادیمیر پوتین، سەرۆکی ڕووسیایە لەبارەی ئەو پرسە.

حکومەتی سووریا پێیوایە هەموو ئەو قسانەی لەبارەی یاسای ژمارە 10 دەکرێن بۆ تێکدانی ڕای گشتین، ئەگینا یاساکە بۆ مەبەستی دەستپێکردنەوەی هەڵمەتی ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکان و ڕێکخستنەوەی دانیشتووانە.

مانگی ڕابردوو بەرپرسێکی حکومەتی سووریا ڕایگەیاند: "ئەم یاسایە لە چوارچێوەی پرۆگرامی ئاوەدانکردنەوەدا دەرچووە، تایبەتمەندییەکی دامەزراوەیی هەیە (نەک سیاسی)، ئامانجیش لێی ڕێکخستنەوەی ناوچە هەژارنشینەکانە، بەتایبەتیش دوای ئەوەی تیرۆریستان (واتە چەکدارانی ئۆپۆزیسیۆن) ئەو ناوچانەیان وێران کردووە".

نزیکەی 3.5 ملیۆن کۆچبەری سووری لە تورکیا و یەک ملیۆنیش لە لوبنان گیرساونەتەوە. حکومەتی لوبنان نیگەرانیی خۆی لەو یاسایە دەربڕیوە و ڕایگەیاندووە کە یاسای ژمارە 10 دەکرێت کۆچبەران لە گەڕانەوە بۆ وڵاتی خۆیان دڵسارد بکاتەوە.

یاساکە لە سەرەتادا تەنیا 30 ڕۆژ کاتی بە خاوەنی موڵکەکان دەدا تاوەکو خاوەندارێتی خۆیان بسەلمێنن، بەڵام دوای بەرزبوونەوەی هەڵمەتی نارەزایەتیی نێودەوڵەتی، ماوەکە بۆ یەک ساڵ درێژکرایەوە. ڕووسیاش لە پاڵ ئەڵمانیا و یەکێتیی ئەورووپا نیگەرانیی خۆی لەو یاسایە دەربڕیوە و ئەو پرسەیان لە کۆبوونەوەیەکی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی خستە بەرباس.

بەرپرسێکی حکومەتی ئەڵمانیا خۆشحاڵیی وڵاتەکەی بەو هەنگاوە دەربڕیوە، بەڵام دەڵێت: "هەرچەند باسکردن لەم یاسایە لە ئەنجوومەنی ئاسایش هەنگاوێکی سەرەتایی باشە، بەڵام ئەوە ڕووسیایە کە دەبێ گوشار بخاتە سەر حکومەتی سووریا بۆئەوەی ئەم یاسایە جێبەجێ نەکات".

### مێژوویەکی درێژ لە ڕووتاندنەوە

گروپەکانی داکۆکی لە مافەکانی مرۆڤ و پارێزەر و پەنابەرە سوورییەکان جەخت لەوە دەکەنەوە کە پێشتریش حکومەتی دیمەشق ئەم جۆرە میکانیزمانەی بەکارهێناوە بۆ دەرکردنی خەڵکی ڕەسەن لە ناوچەکانی خۆیان.

ئەنوەر ئەلبوننی، پارێزەرێکی سووری مافەکانی مرۆڤ، بە ئاژانسە بەریتانییەکەی گوت "ڕژێمی سووریا مێژوویەکی درێژی لەگەڵ دەستبەسەرداگرتنی هەڕەمەکییانەی موڵک و ماڵی خەڵک هەیە. هەر ئەم سیاسەتە خۆی یەکێک لە هۆکارەکانی ڕاپەڕینی 2011 بوو".

ساڵی 2012، ڕژێمی ئەسەد بەبیانووی ئاوەدانکردنەوەی ناوچە هەژارنشینەکانی دیمەشق یاسای ژمارە 66ی دەرکرد. ڕەخنەگرانی یاساکە پێیانوایە ئەو یاسایە لەسەر گەڕەکەکانی باشووری ڕۆژئاوای دیمەشق جێبەجێکران کە تێیاندا خۆپیشاندانی گەورە لەدژی حکومەتی سووریا بەڕێوەچوون. زەوییەکانی ئەو گەڕەکانە بۆ دروستکردنی 12 هەزار یەکەی نیشتەجێبوون بەکارهێنران و لە ساڵی 2016 لەلایەن ئەسەد خۆیەوە کرانەوە.

شارەزایانی کاروباری سووریا دەڵێن، کێشە یاساکە خۆی نییە، بەڵکو ئەوەیە کە یاساکە چۆن و لەکوێ جێبەجێ دەکرێت. ئەگەر کەسێک لە ناوچەیەکی بۆردومانکراوی ژێر دەسەڵاتی ئۆپۆزیسیۆن ژیابێت، ئیدی ئەستەمە بتوانێت پاکانەی ئەمنی پێبدرێ، بۆیەش ناتوانێت بانگەشەی خاوەندارێتی موڵک و ماڵەکەی بکات.

یاسای ژمارە 10 نەک هەر گۆڕانێکی دیموگرافی گەورە لە نەخشەی ناوچە شارییەکانی سووریادا دروست دەکات، بەڵکو دژی هەموو ئەو هەوڵانەشە کە بۆ چارەسەرییەکی درێژخایەنی قەیرانی سووریا لەئارادان، چونکە ئەم یاسایە خۆی جارێکی دیکە دەرگای ناکۆکیی قووڵتر لەناو کۆمەڵگای سووریدا دەکاتەوە.

حوسام ئیدریس بە کۆمەڵێک بەڵگەنامەوە لەبەردەم باڵیۆزخانەی سووریا لە بەرلین وەستاوە و دەیەوێت وەکالەتی گشتی بە دایکی بدات، بەڵام بە نیگەرانییەوە دەڵێت: "دایکم پیر و نەخۆشە، پێناچێت زۆر بژی، برا و خوشکەکانم لە تورکیان، بۆیە ئامۆزاکانم تاکە ئەڵتەرناتیڤن، بەڵام ئەوانیش هەموو شتێکیان لەدەستداوە و داهاتیان نییە و موڵک و ماڵی خۆیان لە حەلەب فرۆشتووە بۆ ئەوەی پێی بژین، دەترسم ئەگەر وەکالەتیان بۆ بکەم، موڵک و ماڵەکەی منیش بفرۆشن".



نزیکەی 5.5 ملیۆن کۆچبەری سووری ڕوویان لە دەرەوە کردووە



## لە دەربەندیخان ژنێک بە تاپڕ خۆی دەکوژێ

**ڕووداو - دەربەندیخان**

درەنگانی شەوی هەینی ڕابردوو لە شارۆچکەی دەربەندیخان، ژنێکی تەمەن 16 ساڵ بە ناوی (ر.ک) لە ماڵی باوکی بە گوللەی تاپڕ خۆی کوشت. ڕائید شەهاب ئەحمەد، بەڕێوەبەری نووسینگەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان لە دەربەندیخان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ژنێکی تەمەن 16 ساڵ بە گوللەی تاپڕ خۆی کوشتووە و لەکاتی ڕووداوەکەدا بەتەنیا لەماڵ بووە". بەڕێوەبەری نووسینگەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان لە دەربەندیخان هەروەها گوتی "تەرمەکەی ڕەوانەی پزیشکی دادی سلێمانی کراوە، لێکۆڵینەوەش لە ڕووداوەکە دەستی پێکردووە".

# دایکی چوار منداڵ بە دەمانچە خۆی دەکوژێ



کەسوکاری کەژاڵ، مێردەکەی بە تاوانبار و بکوژی کەژاڵ دەزانن.

**دیمەن بورهان**
**ڕووداو- هەولێر**

ئەو ڕۆژەی سامی چەند ئاژەڵێکی خۆیانی جیاکردەوە و بڕیاری دا بیانفرۆشێت تا بە پارەکەی ژنی دووەم بهێنێت، کەژاڵی هاوژینی زۆر تووڕە بوو. کەژاڵ ئەگەرچی کاتێکی زۆری ویست تاوەکو ڕازی بێت بەوەی سامی ژنی دووەم بهێنێ، بەڵام نەیدەویست بۆ هێنانی ژنی دووەم ئاژەڵەکانیان بفرۆشێ، ئەو دەیویست بە داهات و بەرهەمی ئەو ئاژەڵانە ژیانی خۆی و منداڵەکانی دەستەبەر بکات، بۆیە بە دەمانچەی هاوژینەکەی و بە گوللەیەک کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا. کەسوکاری کەژاڵ، مێردەکەی بە تاوانبار و بکوژی کەژاڵ دەزانن.

کەژاڵ، تەمەن 35 ساڵ، نزیکەی 18 ساڵ بوو لەگەڵ سامیی تەمەن 41 ساڵ کە پۆلیسە، هاوژینی یەکدی بوون و خاوەنی دوو کوڕ و دوو کچ بوون. ڕۆژی ڕووداوەکە منداڵەکان لە ماڵەوە بوون، ئاڵای تەمەن 17 ساڵ چاوەڕوان بوو ئەمساڵ بچێت بۆ قۆناغی شەشەم و دواساڵی خوێندنی تەواو بکات، بەڵام ئێستا چارەنووسی نادیارە و دەبێ ببێتە دایکی خوشک و براکانی.

ئاڵا کە کچە گەورەی کەژاڵ و سامییە، بە (ڕووداو)ی گوت: "ئەو کاتەی دایکم هەڕەشەی خۆکوشتنی کرد، ویستمان پەیوەندی بە پۆلیسەوە بکەین، بەڵام باوکم مۆبایلی من و دایکمی شکاندبوو، چونکە شەڕی لەگەڵ دایکم کردبوو. دواتر ویستم بڕۆم بۆ ماڵی دراوسێکەمان داوای تەلەفۆن بکەم و پەیوەندی بە پۆلیسەوە بکەم، بەڵام پێش ئەوەی بگەمە ئەوێ، دەنگی تەقە هات و منداڵی کۆڵان گوتیان دایکت خۆی کوشت، ڕامکردەوە ماڵەوە، دایکم لەسەر زەوی کەوتبوو، توند لەباوەشم گرت، سەیرێکی کردم و چاوی داخست، خەڵک هاتنە سەرمان، بە باوکم گوت تۆ بکوژی دایکمی، باوکم لێیدام، پێمگوت منیش بکوژە. ماوەیەک پێش ئێستا گوتم نابێت ژن بهێنی، کەچی لە وەڵامدا دوو گوللەی تەقاند، دایکم خێرا منی لابرد.. گوللەکان بەر دەرگاکە کەوتن".

ئاڵا دەڵێت باوکی پەیوەندی لەگەڵ ئەو ئافرەتە هەبووە کە ویستوویەتی هاوسەرگیری لەگەڵ بکات و پێیگوتوون ئەویش نەبێت ژنێکی خراپ دەهێنێ تا ببێت بە خەم بەسەر دڵیانەوە و پەیوەندیشیان بەردەوام هەبوو.

سەڵاح برا گەورەی کەژاڵ، بە (ڕووداو)ی گوت: "چەندینجار لەگەڵ سامی دانیشتووم و پێمگوتووە خوشکەکەم هیچ کێشەی هەیە لەگەڵت، یان لە هیچ ڕووێکەوە کەمتەرخەمیی هەیە؟ تەنانەت زۆر بەئاسایی پێمگوت ئەگەر لەڕووی سەرجێیی لەگەڵت کۆک نییە، ئاساییە و ژن بهێنە، بەڵام کە هیچ کێشەیەکی نەبێت، بۆ ژن دەهێنی؟ بەڵام ئەو سوور بوو لەسەر ئەوەی ژن بهێنێ".

سەڵاح ئامادە بووە خوشکەکەی و منداڵەکانی بەخێو بکات ئەگەر سامی جێبهێڵێ، بەڵام خوشکەکەی ڕازی نەبووە. سەڵاح گوتی: "بە خوشکەکەم گوت وەرەوە و بەجێی بهێڵە، ئەم کێشە و شەڕە ناکرێ بەردەوام بێت، خوشکم جارێکی دیکەش هەوڵی خۆکوشتنی دابوو، تەنانەت بە گریانەوە پێمگوت ئەگەر نەیەیتەوە حاشات لێدەکەم، مامیشم بەهەمان شێوە پێیگوت وەرەوە و ئەو ژیانە قبوڵ مەکە، بەڵام خوشکەکەم گوتی ماڵ و منداڵم بەجێناهێڵم".

سەڵاح دەشڵێت: "من دڵم خەبەری دابوو کە خوشکەکەم شتێک لە خۆی دەکات، چونکە خوشکەکەم تەواو ڕووخابوو، ئێستا ئێمە زاواکەمان بە هۆکار و بکوژی خوشکەکەم دەزانین، دەمانەوێت حکومەت بەئاسانی چاوپۆشی لەم ڕووداوە نەکات، چونکە خوشکەکەم بەبێ هۆکار خۆی نەکوشتووە".

لەبارەی ئەم کەیسەوە ڕائید عەلی جەمال قەدوری بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ڕۆژی 2018/6/18 لە گوندی کوڵەجۆی سەر بە شارۆچکەی کەلار، ژنێک بە فیشەک لەناو ماڵەکەی خۆیدا کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا، بەپێی گوتەی کەسوکاری، ژنەکە خۆی کوشتووە، بەڵام هێشتا ڕووداوەکە لەژێر لێکۆڵینەوەدایە". گوتیشی: "هاوژینەکەی بەپێی ماددەی 408 لە یاسای سزادانی عێراقی دەستگیرکراوە و لێکۆڵینەوەی لەگەڵ دەکرێت".

# بەهۆی شووکردنەوەوە هەڕەشەی کوشتنی لێدەکەن

**دیمەن بورهان**
**ڕووداو- هەولێر**

ئاشتی، تەمەن 35 ساڵ، بەهۆی ئەوەی کەمێک زمانی لەکاتی قسەکردندا دەیگرێ، دەکەوێتە داوی ژنێکەوە کە خراپ سوود لەم بێبەختیەی دەبینێت و سەرتاپای ژیانی دەگۆڕێت.

پەروین کە ژنێکی ئەسمەری بەتەمەنە، سێ ساڵ لەمەوبەر ڕۆژێک ئاشتی بانگ دەکات و پێیدەڵێت کە کوڕێک بەناوی ئاری پرسیاری ئەوی کردووە و حەزدەکات لە نزیکەوە بیبینێت. ئاشتی دەڵێت "دەمزانی کە بە باشی باسی پەروین ناکرێت، بەڵام دڵخۆش بووم بەوەی منیش ماڵێکم هەبێت و لە قسە و قسەڵۆک ڕزگارم بێت".

پەروین کاتێک دیاری دەکات بۆ ئەوەی ئاشتی و ئاری لە ماڵەکەی ئەودا یەکدی بینن و قسە بکەن. ئاشتی دەڵێت: "لە ماڵی پەروین یەکدیمان بینی، کوڕەکە پێیگوتم با ماوەیەک پێکەوە بین و لەیەکدی تێبگەین، منیش ڕازی بووم. زۆرم خۆشویست و هەفتانە دەهات بۆ ماڵی پەروین و پێکەوە دەبووین".

بەڵام ماڵی پەروین تەنیا جێژوانی ئاشتی و ئاری نەبووە، زۆر کەسی دیکەش هامشۆی ئەو ماڵەیان کردووە. ئاشتی دەڵێت "زۆر کەسی دیکە دەهاتن و لەوێ ژوانیان دەبەست. دوایی زانیم کە پەروین لەشفرۆشە و ئەو ئافرەتانەشی دێن بۆ ماڵەکەی لەشفرۆشن"

### پەیوەندییەکەیان ئاشکرا دەبێ

دوای ساڵێک پەیوەندیی نێوان ئاشتی و ئاری ئاشکرا دەبێت، ئاشتی دەڵێت: "دوای ساڵێک لە پەیوەندیمان دایکم زانی و گوتی بە برا و باوکت دەڵێم بتکوژن، بۆیە منیش ترسام و پەیوەندیم بە ئارییەوە کرد، ئەویش گوتی وەرە بۆ سلێمانی، ئیدی بەدزیی ماڵەوە هەڵاتم و چوومە سلێمانی، ئینجا لەگەڵ ئاری چووین بۆ کەرکووک، دوو شەو لەوێ ماینەوە و ئاری لەگەڵم خەوت، چونکە گوتی ئەگەر لەگەڵم نەخەوی و نەبی بە ژنم، ماڵی باوکت تۆ نادەن بە من و دەتکوژن".

دوای چەند ڕۆژێک مانەوە لە کەرکووک، ئاری و ئاشتی دەستگیر دەکرێن، ئاشتی گوتی "شەوێک لەکاتی گەڕانەوەمان بۆ سلێمانی لە بازگەی کەرکووک دەستگیرکراین، دیار بوو پێشتر سکاڵامان لەسەر تۆمار کرابوو، ناومانیان دابوو بە بازگەکان، ئێمەیان برد بۆ بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ئافرەتان لە سلێمانی".

دوای دەستگیرکردنیان و هێنانەوەیان بۆ سلێمانی، کەسوکاری ئاشتی حاشا لە کچەکەیان دەکەن، ئاشتی دەڵێت: "کەسوکارەکەم هاتن بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکە، ئەوان منیان دا بە ئاری و حاشایان لێکردم، مارەکرام، دواتر من و خێزانەکەی و دوو منداڵەکەی بردە شارۆچکەیەکی دیکەی سلێمانی".

بەگوتەی ئاشتی، هاوژینەکەی و خێزانی یەکەمی مامەڵەیەکی نەشیاویان لەگەڵ کردووە، ئەو گوتی: "ئاری و ژنەکەی وەک کەسێکی خراپ هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکردم، دوای ساڵێک لە هاوسەرگیریمان، ئاری تەنیا یەکجار لەگەڵم خەوت، تەنانەت لەبەرچاوی من و ژنەکەی دیکەی لەگەڵ کچان قسەی دەکرد و ژوانی دەبەست".

ئاری ئەو ژیانە سەختەشی بە ئاشتی ڕەوا نەبینی. خۆی دەڵێت: "ماوەی هاوسەرگیریەکەمان ساڵێک بوو، دوای ئەو ساڵە ئاری گوتی تۆم ناوێ و تەڵاقت دەدەم، هەرچەند لێی پاڕامەوە و پێمگوت من هیچ شتێکم لێت ناوێت، تەنانەت منداڵەکانیشتان بۆ بەخێو دەکەم، تەنیا با لە ماڵەکەدا بم، بەڵام قبوڵی نەکرد و تەڵاقیدام".

ئاشتی هیچ شوێنێکی نابێت بۆی بچێت، "من هیچ لانەیەکم نەبوو.. خەزوورم گوتی بە کچی خۆمت دادەنێم و دەتدەم بە شوو، منی دا بە پیاوێک کە 38 ساڵ لە خۆم گەورەتر بوو، پیاوەکە لە گوندێکی سەر بە هەولێر دەژیا، ماوەی دوو ساڵە لەگەڵی دەژیم، خاوەنی ماڵ و منداڵە و ژنەکەی مردووە، بەڵام هەر ڕازیم بەوەی شوێنێک هەبێت لێی بمێنمەوە و نان و ئاوم بداتێ".

ناوەڕاستی مانگی ڕەمەزان، تاقە خوشکێکی کە بە نهێنی پەیوەندییان هەبوو، شەوێک تەلەفۆنی بۆ دەکات و دەڵێت: براکانی زانیویانە کە تۆ جیابوویتەتەوە و شووت کردووە، ئەمشەو دێن و دەتکوژن، بۆیە ئاشتی دەترسێ و پەنا بۆ خانەی داڵدەدانی ئافرەتان دەبات. ئاشتی کە لە دادگا بوو، گوتی: "دوای دوو ڕۆژ مانەوە لەوێ، کوڕەکانی مێردە پیرەکەم هاتن و پەنجەمۆریان بۆ کردم کە لەلای ئەوان پارێزراو دەبم، ئێستاش لە دادگام بۆ ئەوەی گەرەنتی ژیانم بکەن".



## پزیشکەکان دەڵێن کەمتر لە دوو مانگی دیکە دەژی

# براکانی ناهێڵن خەڵک هاوکاری بکات

**هەڵۆ محەممەد**
**ڕووداو — کەلار**

(ب.ف.ع) تەمەن 40 ساڵ، لەسەر قەرەوێڵەیەکی نەخۆشخانەی کەلار کەوتووە و هیچ هاوەڵێکی لەگەڵ نییە، دەنگی ئامێری شووشتنی گورچیلەکانی تێکەڵی ئەو کزی و بێدەنگییەی ئەو دەبوو، جار جار سەری بادەدا و خەیاڵەکانی دەپچڕان و سەیری دەستی خۆی دەکرد کە خوێنی لەشی تێکەڵ بە ئامێرەکە دەبوو.

(ب) ساڵی 1998 شووی کردووە، خۆی بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ شووکردنەکە نەبوو، بەڵام باوکی بە زۆر دای بە پیاوێک کە 10 ساڵ لەخۆی گەورەتر بوو. ئەو ئێستا بەدەست نەخۆشییەوە دەناڵێنێ و چاوی لە دەستی خێرخوازانە، بەڵام براکانی ناهێڵن کەس هاوکاری بکات و خۆشیان یارمەتی نادەن.

(ب) تەمەنی 20 ساڵ بووە کاتێک باوکی بە زۆر بەشووی داوە. ئەو بە (ڕووداو)ی گوت: "باوکم گوتی ئەگەر شوو بەو کوڕە نەکەی خراپت بەسەر دێنم. هەموویان لەگەڵ شووکردنەکە بوون، تەنیا برایەکم نەبێ کە ئێستا لە هەولێر دەژی".

سەرەتا (ب) منداڵی نەدەبوو، بەهۆی ئەوەوە لەلایەن ماڵە خەزوورانی کێشەی بۆ دروست دەکرا و دواجار گوشاریان بۆ هاوژینەکەی هێنا ژنی دووەم بهێنێ. (ب) گوتی "کێشەکە زۆر گەورە بوو، ماڵی باوکیشم تەدەخولیان کرد، برا گەورەکەم کێشەی زۆر بۆ دروستکردین، دواتر ماڵی خەزوورم نەیانهێشت من هاتوچۆیان بکەم، پاشان خودا دوو منداڵی پێدام، بەڵام برا گەورەکەم هەر وازی نەدەهێنا و بەردەوام کێشەی دروست دەکرد، دواتر مێردەکەشم هەڵوێستی گۆڕا و منیش لێی جیابوومەوە. لەسەر ئەوە کەسوکارەکەم حاشایان لێکردم".

لەو قسانەدا بوو زەنگی مۆبایلەکەی لێیدا و کەسێک گوتی: ئامادەی بێم بەدواتدا؟. ئەویش گوتی :"مام سۆفی گیان بەجێم مەهێڵە دێمەوە بۆ دەربەندیخان چونکە پارەم پێ نییە بگەڕێمەوە".

دوای جیابوونەوەی لە هاوژینەکەی، چووە لای ئەو برایەی کە دژی ئەوە بووە خوشکەکەی بە زۆر بەشوو بدرێ، بەڵام چەند ڕۆژێکی کەم لەلای مایەوە. (ب) گوتی "تەنیا چوار ڕۆژ لەلای ئەو بووم، منی دایە پیرە پیاوێک، دوای چوار مانگ تەڵاقیدام، بەڵام بەهۆی ئەوەی گرێبەستی مارەبڕینم لە دادگا نەکردبوو، نەمتوانی داوای مافی خۆم بکەم".

(ب) هیچ کەس شک نابات پەنای بۆ ببات، تەنیا ماڵی خاڵێکی نەبێ، بەڵام نەخۆشیی گورچیلە ڕۆژ بە ڕۆژ تین بۆ (ب) دێنێ، بە جۆرێک توانای بەخێوکردنی دوو منداڵەکەی نابێ و دەیاننێرێتەوە بۆ لای باوکیان.

(ب) چاوی لە هاوکاریی خێرخوازانە بۆ ئەوەی بتوانێ نەشتەرگەری گۆڕینی گورچیلە بکات، بەڵام براکانی ڕازی نین هاوکاری بکرێ. (ب) گوتی "براکانم دەڵێن ئێمە خاوەنی ئابڕووین، نابێ هاوکاری بکرێی، کەچی خۆشیان هاوکاریم ناکەن، بیستوومە گوتوویانە دکتۆر دوو مانگی بۆ داناوم ئەگەر چارەسەر نەکرێم دەمرم".

گورچیلەکانی (ب) بە تەواوی لاواز بوون، هەفتانە دەبێ سێ جار لە دەربەندیخانەوە بچێتە کەلار بۆ ئەوەی گورچیلەکانی بشوات. (ب) دەڵێ "خێرخوازێک ئامادەیی خۆی نیشاندا پارەی کڕینی گورچیلە و نەشتەرگەرییەکەم بۆ دابین بکات، بەڵام براکانم هەڕەشەیان لێکرد و نەیانهێشت هاوکاریم بکات".

پزیشکەکان لە سەرەتای ئەم مانگەوە بە (ب)یان ڕاگەیاندووە ئەگەر تاوەکو دوو مانگی دیکە گورچیلەی نەگۆڕێ، ئەوە ئەگەری زیندوومانەوەی لە ژیاندا زۆر کەمە، بۆیە (ب) داوا لە ڕێکخراوەکان و حکومەت و خێرخوازان دەکات گوێ بە هەڕەشەی براکانی نەدەن و فریای بکەون.

دکتۆر کارزان محەممەد، بەڕێوەبەری سەنتەری گورچیلەی کەلار بە (ڕووداو)ی گوت :"ئەو ژنە کە سەرەتا سەردانی کردین داوای وەلی ئەمریمان کرد، چونکە کرداری شووشتنی گورچیلە سەختە، هەندێکجار دەبێتە هۆی مردن، بەڵام ئەو کەسی نییە لەگەڵی بێ، بەپێی پشکنینی پزیشکیش بێت ئێستا کەمتر لە دوو مانگی ماوە لە ژیاندا، چونکە گورچیلەکانی زۆر لاواز بوون و توانای پاڵاوتنی خوێنیان نەماوە، تەنیا چارەسەر گۆڕینی گورچیلەیەتی".

نەشتەرگەرییەکەی (ب) کەمتر لە 6000 دۆلاری تێدەچێ، بەڵام ئەگەر براکانی ڕازی نەبن، ڕەنگە کەسێک نەبێ ریسک بە ژیانی خۆی بکات و فریای ئەو ژنە نەخۆشە بکەوێ.



نەشتەرگەرییەکەی (ب) کەمتر لە 6000 دۆلاری تێدەچێ، بەڵام براکانی ڕازی نین هاوکاری بکرێ



## لە چەمچەماڵ گەنجێکی 18 ساڵان خۆی دەکوژێ

**ڕووداو- سلێمانی**

پۆلیسی سلێمانی ڕایگەیاند، ڕۆژی هەینی 2018/6/22 لە قەزای چەمچەماڵ گەنجێک کۆتایی بەژیانی خۆی هێنا. بە گوتەی پۆلیس گەنجەکە ناوی (ش،ع،ع)ە و تەمەنی 18 ساڵ بووە، دانیشتوی گەڕەکی ئاسوودە. بووە لە قەزای چەمچەماڵ. لە ڕاگەیێندراوێکدا پۆلیسی سلێمانی دەڵێت، پاش ڕووداوەکە، دەستبەجێ تیمی بەڵگەکانی تاوان و مەفرەزەکانی بەشی پۆلیس چەمچەماڵ گەیشتوونەتە شوێنی ڕوداوەکەوە و لێکۆڵینەوەکان دەستپێکردووە. بەپێی لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکانی پۆلیس، شوێنی دوو فیشەک بە جەستەی گەنجەکەوە دیاربووە.

# سەمیر بۆ 1500 دۆلار کوژرا

**دیمەن بورهان**
**ڕووداو- هەولێر**



سەمیر بۆ سوڵحێک بانگ کرا، بەڵام لەلایەن هاوڕێکانییەوە کوژرا

سەمیر بە پلانی هاوڕێیەکی بانگ دەکرێت بۆ سوڵحێک، بەڵام لەوێ گوللەیەک لە سەری دەدرێت و جەستەی سارد دەکرێتەوە. پۆلیس دوای ڕووداوەکە دوو کەسی دەستگیر کردووە، بەڵام کەسوکاری سەمیر دەڵێن بکوژانی ڕاستەقینەی کوڕەکەیان دەستگیرنەکراون و لە پەنای سەرۆک عەشیرەتێک خۆیان شاردووەتەوە.

سەمیر، تەمەن 28 ساڵ، سێ ژن و هەشت منداڵی هەبوو. نزیکەی دوو مانگە ژنی سێیەمی هێنابوو، هەموویان پێکەوە لە گەڕەکی سێبەردانی شاری هەولێر دادەنیشن.

سەمیر نزیکەی چوار مانگە نووسینگەی گۆڕینەوەی دراوی داناوە، ئەو ڕۆژە لەگەڵ عەبدولڕەحمانی باوکی لە پرسەی خزمێکیان دەگەڕێنەوە، تەنیا دوو کاژێری دەمێنێ بۆ بانگی ئێوارە، هاوڕێیەکی بەناوی (د) زیاتر لە 20 جار پەیوەندیی پێوەدەکات و پێیدەڵێت وەرە بۆ کۆمپانیاکەمان، کێشەیەکمان هەیە لەسەر فرۆشتنی مولیدەیەک و بۆمان چارەسەر بکە.

ئەمیری تەمەن 32 ساڵ کە برای سەمیرە، بە (ڕووداو)ی گوت: "براکەم زۆر هەولێدابوو نەچێت و گوتبووی بەڕۆژووم و ماندووم، سەریشم ئازاری هەیە، بەڵام ئەو هاوڕێیەی وازی لێ نەهێنابوو، بۆیە سەمیر بەناچاری ڕۆیشتووە. کاتێک دەچێتە کۆمپانیاکە، لەوێ دەبێت بە دەمەقاڵێ، براکەم دەیەوێت کێشەکە بزانێت و پێیاندەڵێت کێشەتان چییە؟ ئەوانیش دەڵێن تۆ هیچ قسە نەکەی، براکەم دەڵێت کاکە من نە ئاغام نە دیوەخانم هەیە، لەبەر ئەو هاوڕێیانە هاتووم تا کێشەکەتان چارەسەر بێت، ئەوانیش لێی هەڵدەستن و دەڵێن تۆ یەک وشە مەڵێ، دەبێت ئێستاش 1500 دۆلارمان بدەیتێ، ئەگینا دەتکوژین".

> **براکەم یەک سەنت قەرزار نەبوو، تەنیا ئەنگوستیلەکەی دەستی بایی 350 هەزار دۆلار بوو**
>
> برای سەمیر

ئەمیر پێیوایە براکەی بە فرتوفێڵ براوەتە ئەو شوێنە و ئەوانەشی لەوێ بوون، ئامانجیان وەرگرتنی پارە بووە لە سەمیر. ئەمیر گوتی: "براکەم بە فێڵ لەلایەن هاوڕێکەیەوە دەبرێتە نێو ئەو کەسانە، ئەگینا کێشەی مۆلیدە و شت نەبووە، بەڵکو بۆ ترساندن و وەرگرتنی پارە لە براکەم بووە، چونکە ئەگەر براکەم بۆ شەڕ بڕۆیشتبایە، خۆ دەمانچەی پێبووە، دەیتوانی تەقە بکات، بەڵام ئەوان 15 کەس بوونە و پلانیان بۆی داناوە، ئەوانە تۆڕێکی مافیان لە هەولێر پەیدابوون، ئێستاش خۆیان لە پاڵ بەرپرسی گەورە و سەرۆک عەشیرەت حەشارداوە".

لەبارەی بکوژەکانی براکەشیەوە، ئەمیر دەڵێت: "ئەو کەسەی کە پەیوەندی بە سەمیری برامەوە کردووە، هاوڕێی منداڵییەتی، بەڵام بە فێڵ پەیوەندی پێوەکردووە، دواتر زانیومانە کاری ئەم کەسانە ڕووتکردنەوەی خەڵکییە، چونکە هەر لەم هەفتەیەدا دوو هەزار دۆلاریان لە کەسێکی دیکەش وەرگرتووە".

گوتیشی: "بەهۆی ڕووداوەکەوە تەنیا دوو شایەتحاڵ گیراون و ئەوانەی بکوژی براکەمن دەستگیرنەکراون، ئێمە بکوژەکان دەناسین، هەریەکە لە (م) و (گ) و (ک) چەکیان لەناو ئۆتۆمبێلەکانیان دەرهێناوە و تەقەیان لە براکەم کردووە، بەڵام هیچیان دەستگیرنەکراون، لە 15 کەس کە لە شوێنی ڕووداوەکە بوون، تەنیا دوو شایەتحاڵ دەستگیرکراون".

بە گوتەی سەمیر، ئەوانەی براکەیان کوشتووە، پێشینەیان لە تاواندا هەیە. ئەمیر گوتی "ئەمانە ئیشیان ڕووتاندنەوەی خەڵک بووە. دەمانچە و پارەیان لە خەڵک ستاندووە. ئەو کەسانە پێشتریش دەستگیرکراون، یەکێک لە بکوژەکانیش تەنیا 25 ڕۆژە ئازادکراوە".

باوکی سەمیر بەهۆی مردنی کوڕەکەی باری تەندروستیی خراپە، ئەو زیاتر لە هەموویان پەرۆشی کوشتنی کوڕەکەیەتی، چونکە سەمیر کاتێک دایکی دەمرێت تەمەنی تەنیا پێنج مانگ بووە، باوکی بەخێوی دەکات، ئەو داوا لە حکومەت دەکات بەزووترین کات بکوژانی کوڕەکەی دەستگیربکرێن و بە سزای خۆیان بگەن.

براکەی سەمیر دەڵێت: "ڕاستە پێشتر براکەم کێشەیەکی کۆمەڵایەتی لەگەڵ خێزانێک هەبوو، بەڵام ئەو خێزانە هیچ پەیوەندییەکیان بە ڕووداوی کوشتنی سەمیرەوە نییە، تەنانەت هاوخەمی خۆشیان بۆ کوژرانی دەربڕی".

سەبارەت بەو دەنگۆیانەش کە گوایە سەمیر بەهۆی قەرزارییەوە کوژرابێت، ئەمیر گوتی "ئەمە بەهیچ شێوەیەک ڕاست نییە، سەمیری برام تەنانەت یەک سەنتی هیچ کەسێک قەرزار نەبووە، باری دارایی زۆرباش بوو، ئەنگوستیلە ئەڵماسەکەی دەستی بایی 35 دەفتەر دۆلار بوو".

لەبارەی ئەو ڕووداوە، ڕائید هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر بە (ڕووداو)ی گوت: "کاژێر شەشی ئێوارەی ڕۆژی 2018/6/5 لە گەڕەکی ئەندازیارانی شاری هەولێر کەسێک بە دەستڕێژی گوللە کوژرا، دوو کەس بەهۆی ئەو ڕووداوە دەستگیرکراون، بەڵام بکوژەکان هەڵهاتوون و پۆلیس بەردەوامە لە لێکۆڵینەوە و هەوڵدان بۆ دەستگیرکردنیان".

# گەنجێک لە سیدەکان خۆی دەکوژێ

**تریسکە شێرزاد**
**ڕووداو- هەولێر**

سیروان کە ماوەی دوو ساڵ بوو خێزانی پێکەوەنابوو، لەگەڵ هاوژینەکەی ناکۆک و ناتەبا بوو، کار گەیشتە ئەوەی هاوژینەکەی ماڵ جێبهێڵێت و داوای جیابوونەوە بکات. سیروان دواجار بەرگەی ئەو کێشانەی نەگرت و بە گوللەیەک کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا. کەسوکارەکەی دەڵێن کوڕەکەیان بەهۆی هەڕەشەی ماڵە خەزوورانییەوە خۆی کوشتووە.

سیروان ئیسماعیل، تەمەن 23 ساڵ، دانیشتووی گوندی نزاریەی سەر بە ناحیەی سیدەکان، بەرەبەیانی ڕۆژی 2018/6/8 لە نێو ماڵەکەیدا بە گوللەیەک کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا و لەدوای خۆی کچێکی تەمەن شەش مانگی جێهێشت.

نێچیرڤان ئیسماعیل کە برای سیروانە، باسی هۆکاری خۆکوشتنی براکەی بۆ (ڕووداو) دەکات و دەڵێت "سیروانی برام ماوەی دوو ساڵ بوو خێزانی پێکەوەنابوو، کەسێکی زۆر هێمن و لەسەرخۆ بوو، بەڵام چەند مانگێک پێش ئێستا کێشە کەوتە نێوان براکەم و ژنەکەی، چونکە ژنەکەی دڵی لێی پیس بوو، هەر لە خۆڕایی گێچەڵی پێدەکرد، زۆر هەوڵمان لەگەڵ دا کە کۆتایی بەو کێشانە بهێنن، بەڵام بێسوود بوو".

> **بەهۆی هەڕەشەی ماڵە خەزوورانی، خۆی کوشت**
>
> کەسوکاری کوژراوەک

نێچیرڤان ئاماژە بە یەکێک لە شەڕەکانی نێوان برا و براژنەکەی دەکات و دەڵێت: "ڕۆژێکیان من نەخۆش بووم، لەگەڵ سیروانی برام چووین بۆ لای پزیشک، کە گەڕاینەوە براژنەکەم دەنگە دەنگێکی زۆری کرد و دەیگوت خیانەتم لێدەکەی".

بە گوتەی نێچیرڤان، هەر ئەوکات براژنەکەی پەیوەندی بە برایەکی خۆیەوە کردووە و پێیگوتووە بیباتەوە، چونکە مێردەکەی خیانەتی لێدەکات، براکەشی یەکسەر بەدوایدا هاتووە و بردوویەتیەوە.

نێچیرڤان گوتی: "دوای هەفتەیەک براژنم پەیوەندی بە سیروانەوە کرد و گوتی من تۆم ناوێت، دەمەوێت لە یەکدی جیاببینەوە، وەرە کچەکەت ببەوە من بەخێوی ناکەم، لە نووسینگەی یەکێتی ئافرەتان لە سۆران سکاڵای لەسەر براکەم تۆمار کرد".

گوتیشی: "سیروان چەندینجار پەیوەندی بە ماڵی خەزوورییەوە کرد و داوای لێکردن بەیەکەوە دابنیشن بزانن کچەکەیان چی دەوێت و بۆچی داوای جیابوونەوە دەکات، بەڵام ئەوان ڕازی نەبوون لەگەڵی دابنیشن".

ئیسماعیل خدر کە باوکی سیروانە، دەڵێت: "کوڕەکەم بەهۆی هەڕەشەی ماڵە خەزوورانی خۆی کوشت، ئەگەرنا کوڕی من خاوەن کاری خۆی بوو، هەقی بەسەر کەسەوە نەبوو، زۆر بێ کێشە بوو. ماڵی خەزوورانی پەیوەندییان پێوەکردین گوتیان منداڵەکەمان لەسەر شەقامی لای ماڵی خۆتان فڕێداوە بڕۆن بیبەنەوە، ئێمە بەخێوی ناکەین".

باوکی سیروان دەڵێت دوای ئەوەی ماڵی خەزوورانی منداڵەکەی سیروانیان ناردووەتەوە، سیروان هێندەی دیکە نیگەران بووە و گوتوویەتی من چی لە منداڵێکی ساوا بکەم، پەیوەندی بە ماڵە خەزوورانیەوە کردووە و هەڕەشەی خۆکوشتنی کردووە، دواجاریش قسەکەی خۆی بردەسەر و خۆی کوشت.

کامەران حەمید، بەرپرسی بنکەی تەندروستیی نزاریە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "بەرەبەیانی ڕۆژی 2018/6/8 گەنجێک بەناوی سیروان ئیسماعیل کە ماڵیان چەند مەترێک لە بنکەی تەندروستیی نزاریە دوورە، بە برینداری گەیەندرایە بنکەکە، گوللەیەک بەر سینگی کەوتبوو، بەهۆی سەختیی برینەکەی ڕەوانەی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سۆران کرا، بەڵام دوای کاژێرێک هەر لە نەخۆشخانە گیانی دەرچوو".

هەر لەوبارەوە ڕائید هاوار ئەرگۆشی، گوتەبێژی پۆلیسی سۆران بە (ڕووداو)ی گوت: "دوای ئەوەی لە نەخۆشخانە ئاگادار کراینەوە لە حاڵەتێکی خۆکوشتن کە گەنجێک گوللەیەکی لە سینگی خۆی داوە، پەڕاوی لێکۆڵینەوەمان بۆ ڕووداوەکە کردەوە و تەرمەکەمان بۆ پشکنین ڕەوانەی پزیشکی داد کرد". سەبارت بە هۆکاری ڕووداوەکە، ڕائید هاوار گوتی "قسەمان لەگەڵ کەسوکارەکەی کردووە، ئەوان دەڵێن کێشەی لەگەڵ ماڵە خەزوورانی هەبووە، بۆیە خۆی کوشتووە".



سیروان ئیسماعیل

# نەبی بە بەرچاوی دایــــک و باوکییەوە کوژرا

**دیمەن بورهان**
**ڕووداو- هەولێر**

نەبی، لەسەر خێرا لێخوڕینی ئۆتۆمبێل بە کۆڵانێکدا و بەبیانووی ئەوەی کە گوایە دەستی شکاندووەتەوە سەر منداڵێک، لە بەردەم ماڵەکەی خۆیان، بە بەرچاوی دایک و باوکییەوە کوژرا، بکوژیش دوای تاوانەکە خۆی ڕادەستی ئاسایشی هەولێر کرد.

لەو ڕووداوەدا کە ڕۆژی 2018/6/20 لە گەڕەکی کوورانی عەنکاوەی شاری هەولێر ڕوویدا، گەنجێکی تەمەن 28 ساڵ بەناوی نەبی عەزیز بووە قوربانی.

سەید عەزیز ئەحمەد، تەمەن 60 ساڵ کە باوکی قوربانییەکەیە و تاوانەکەی بەچاوی خۆی بینیوە، بە (ڕووداو)ی گوت: "کوڕەکەم لە بەردەستی من و دایکی لەناو خوێندا گیانی دەدا. ئەو دایکە بەستەزمانەی چەند هاواری کرد دراوسێیەک بەدەنگییەوە نەهات، چونکە لەوکاتەدا گوللە بەسەر ماڵماندا دەباری".

باوکی نەبی بەو ئێشەوە تەنیا داواکاری ئەوەیە خوێنی کوڕەکەی بەفیڕۆ نەڕوات و بکوژ بە سزای یاسایی خۆی بگات. مام عەزیز ڕووداوەکەی ئاوا گێڕایەوە و گوتی: "نزیکی کاژێر 11ی شەو بوو، کەسێک لە دەرگای دا. منیش چووم دەرگام کردەوە. یەکسەر پیاوێک خۆی کرد بەژووردا و گوتی ئەمە ماڵی نەبییە؟ منیش گوتم بەڵێ. گوتی خێرا کوڕەکەتم بۆ بانگ بکە. پێمگوت کاکە خێرە، هیچ بووە؟ گوتی کوڕەکەت بە ئۆتۆمبێلەکەی شکاندوویەتییەوە سەر کوڕە پێنج ساڵانەکەم".

وەک سەید عەزیز باسی دەکات، ئەو لەگەڵ پیاوەکە لەو گفتوگۆیەدا بووە کە نەبی و دایکی هاتوونەتە دەرەوە. سەید عەزیز گوتی: "کاتێک کوڕەکەم گوێی لەو قسانە بوو، سوێندی خوارد و گوتی کاکە گیان وەڵڵا بە ئەنقەست نەبوو، کۆنترۆڵی سوکانم لەدەست دا و ئۆتۆمبێلەکە شکایەوە سەر منداڵەکەت، بەڵام خۆم لە کوڕەکەت لادا".

سەید عەزیز کە گوێی لە قسەکانی کوڕەکەی دەبێ، لە پیاوەکە دەپرسێ: "خوانەخواستە کوڕەکەت هیچی بەسەرنەهاتووە؟ ئەو گوتبووی نەخێر، بەڵام کوڕەکەت چۆن کاری وا دەکات؟" مام عەزیز ڕوومەتی پیاوەکە ماچ دەکات و پێیدەڵێت تۆ هەرچی بڵێی لەخزمەتتدام، بەڵام دەڵێت ئەو هەر وازی نە هێنا و گوتی لە کامێرای چاودێری هەیە کە تۆ خەریک بووە بە ئۆتۆمبێلەکەت لە کوڕەکەم بدەی، بۆیە ڕۆژێکم مابێت هەر تۆڵەت لێدەکەمەوە.

مام عەزیز دەڵێت: "پیاوەکە هەر کە ئەو قسەیەی کرد چەند مەترێک گەڕایەوە دواوە. من وامزانی پێکهاتن، نەبی هەرچەند داوای لێبوردنی کرد، بەڵام ئەو لەبەرچاوی من و دایکی دەمانچەی دەرهێنا و سێ گوللەی بە کوڕەکەمەوە نا، گوللەیەکی لە سنگی دا. تەنانەت ساچمەش بەر دەستی دایکی کەوت. کوڕەکەم نەگەیشتە نەخۆشخانە و گیانی دەرچوو".

دوای ڕووداوەکە بکوژی نەبی خۆی ڕادەستی ئاسایش کرد و لە گوتەکانیدا دەڵێت کە کوژراوەکە ناناسێت و پێشتر هیچ کێشەیەکی لەگەڵیدا نەبووە، هۆکاری کوشتنی نەبیشی بۆ ئەوە گەڕاندووەتەوە کە ئەم کوڕە زۆر بە خێرایی بە گەڕەکەکەیاندا تێپەڕیوە و خەریک بووە لە کوڕەی بدات، بۆیە گەڕاوە بەدوای ماڵی کوژراوەکەدا و دواتر لەبەردەمی باوک و دایکی کوشتوویەتی.

ئەحمەد کە ئامۆزای نەبییە، بە (ڕووداو)ی گوت: "نەبی گەنجێکی هێمن و لەسەرخۆ بوو، لە ژیانیدا کێشەی لەگەڵ هیچ کەسێک نەبووە، کاری جوانکاریی ئۆتۆمبێلی دەکرد، ئەو بەناحەق کوژراوە و داوا دەکەین بکوژەکەی بە سزای خۆی بگات".

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو)، بکوژکە ناوی (س.ق)ە و تەمەنی 30 ساڵە، خێزاندارە و باوکی دوو منداڵە، وەستای گەچکارییە. دوای ڕووداوەکەش خانەوادەی بکوژەکە لە ترسی تۆڵەکردنەوە هەموویان هەڵهاتوون.

ڕائید هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر بە (ڕووداو)ی گوت: "شەوی 2018/6/20 لەسەر شکاندنەوی ئۆتۆمبێل، گەنجێک بەناوی (نەبی عەزیز) لەبەردەم ماڵی خۆیدا کوژرا. دوای ڕووداوەکە بکوژ خۆی ڕادەستی ئاسایشی هەولێر کرد، دۆسیەی لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە کراوەتەوە. دواتر بکوژەکە ڕادەستی پۆلیس دەکرێت و بەپێی ڕێکارە یاساییەکان مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت".



## هونەرمەندە هەڵاتووەکەی دهۆک بۆ (ڕووداو):

# بە مەرج خۆم رادەستی پۆلیس دەکەم



" خوا کوێری کردم و ماڵی خۆم وێران کرد"

**نێچیرڤان حوسێن**
**رووداو- دهۆک**

ئەو هونەرمەندە کۆمیدییەی دهۆک، کە تۆمەتبارە بە کوشتنی خزمێکی نزیکی خۆی و ئێستا لەدەست یاسا هەڵاتووە، دەڵێت ئامادەیە خۆی رادەستی پۆلیس بکات، بەو مەرجەی هەردوو بنەماڵە سوڵح بکەن، دەشڵێت کە لە تاوانەکەی پەشیمانە.

شەوی 2018/5/22 کۆمیدیکاری ناسراوی شاری دهۆک ئەکرەم کۆنفۆ، هێرشی کردە سەر ماڵی کوڕە پوورێکی خۆی بەناوی کەمال رەمەزان حەسەن لە گوندی کورای سەر بە ناحیەی زاویتە. ئەکرەم سێ گوللەی لە کەمال دا و بریندار کرد. دوای نۆ رۆژ کەمال لە نەخۆشخانە گیانی دەرچوو.

ئەکرەم تاهیر ناسراو بە ئەکرەم کۆنفۆ، هەر هەمان شەوی رووداوەکە، لە لایڤێکدا لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک، باسی رووداوەکەی کرد و گوتی کوڕە پوورەکەی جنێوی پێداوە، بۆیە تەقەی لێکردووە.

دوای تێپەڕبوونی مانگێک بەسەر رووداوەکەدا، ئەکرەم هاتە قسە و لە تۆمارێکی دەنگیدا کە بۆ (رووداو)ی ناردووە، داوای لێبووردن لە بنەماڵەی کەمال دەکات و دەڵێت: "من ئامادەم خۆم رادەستی پۆلیس بکەم، بەڵام بەو مەرجەی هەردوو بنەماڵە پێکبێن، بۆ ئەوەی خوێنی دیکە لە نێوانمان نەڕژێ، چونکە بەبێ چارەسەرکردنی کێشەکە، خۆڕادەستکردنی من سوودێکی نابێ".

ئەکرەم سەبارەت بە تاوانەکە دەڵێت: "خوا کوێری کردم، ماڵی خۆم وێران کرد، ئێمە خزمی یەکدین، من حەزم نەدەکرد ئەو تاوانە بکەم، بۆیە داوا لە هەموو لایەک دەکەم هاوکاربن بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە".

کەمال رەمەزان، خێزاندار و باوکی شەش منداڵ بوو، ساڵی 2004 کوردستانی جێهێشت و لە بەریتانیا نیشتەجێ بوو، تەنیا سێ رۆژ بوو بە سەردان گەڕابووەوە کوردستان، بەنیاز بوو مانگێک لە کوردستان بمێنێتەوە.

ئەکرەم کۆنفۆ دان بە هەڵەی خۆیدا دەنێت و دەڵێت: "هەموو مرۆڤێک قابیلی هەڵەیە، بۆیە داوای لێبووردن لە بنەماڵەی قوربانییەکە دەکەم و داوایان لێدەکەم بە چاوی سۆزەوە سەیرم بکەن".

گوتیشی: "هەر کاتێک ئەوان لەگەڵ بنەماڵەکەم پێکهاتن، منیش خۆم رادەستی هێزە ئەمنییەکان دەکەم".

ئەکرەم باسی هۆکاری کوشتنی کەمال دەکات و دەڵێت: "لە کۆمەڵگەیەکی عەشیرەتگەری وەکو کوردستان، پیرۆزترین شت شەرەف و ناموسە، کاتێک باسی شەرەف و ناموست دەکرێ، زۆر زەحمەتە بتوانی خۆت کۆنترۆڵ بکەی. کاتێک کەمال قسەی پێگوتم، بەرچاوم تاریک بوو، من بۆ کوشتنی ئەو نەچووبووم، چونکە ئەگەر مەبەستم کوشتنی بووایە نەدەچوومە بەر دەرگای، بەڵکو بۆسەم بۆ دادەنایەوە و دەمکوشت، بەبێ ئەوەی کەس بزانێ".

سەبارەت بەو کێشەیەی لە نێوانیاندا بوو، ئەکرەم گوتی "سێ مانگ بەر لەوەی کەمال بگەڕێتەوە کوردستان، لە رێگەی تەلەفۆنەوە جنێوی پێدام. منیش پێمگوت کاتێک گەڕایەوە کوردستان یەکدی دەبینین. شەوی رووداوەکە تاکسییەم بەکرێ گرت بەو نیازەی بچم پێی بڵێم بۆچی جنێوم پێدەدات".

کاتێک ئەکرەم دەگاتە بەردەم ماڵی کەمال، بە شوفێری تاکسییەکە دەڵێت بڕۆ بانگی کەمال بکە و پێی بڵێ ئەکرەم ئیشی پێتە. ئەکرەم دەڵێت "کاتێک بینیم لێم پرسی ئەوە بۆچی جنێوم پێدەدەی، دیسان دەستی بە جنێودان کردەوە، ئیدی من تووڕە بووم و سێ گوللەم لێدا".

ئەو شوفێرەی ئەکرەمی گەیاندبووە لای ماڵی کەمال ئێستا لە زیندانە. ئەکرەم دەڵێت ئەو هیوادارە دەرچەیەک بۆ چارەسەری کێشەکە بکرێتەوە، تاوەکو ئەویش خۆی رادەستی هێزە ئەمنییەکان بکات و بەپێی یاسا مامەڵە لەگەڵ دۆسیەکەی بکرێ.

# زیاد و کوڕەکەی بوونە قوربانیی تاوانێکی براکەی

**تریسکە شێرزاد**
**رووداو- هەولێر**

زیاد بۆ ئەوەی خۆی و خێزانەکەی بە ئاگری تاوانی براکەی نەسووتێن، نزیکەی ساڵ و نیوێک خۆی شاردەوە، کاتێکیش بەڵێنی لە دوژمنەکانی براکەی وەرگرت و دڵنیا بووەوە، گەڕایەوە سەر کاری خۆی، بەڵام دوژمنی براکەی بەڵێنەکەی نەبردە سەر و زیاد و کوڕە گەورەکەی خەڵتانی خوێن کرد.

رۆژی 2018/6/22 باوک و کوڕێک بەناوەکانی زیاد عوسمان تەمەن 52 ساڵ و ئاسۆ زیاد، تەمەن 22 ساڵ، لەنێو نەمامگەکەیان لە گەڕەکی شارەوانیی هەولێر دەستدرێژی گوللەیان لێکرا، زیاد هەر لە نەمامگەکە گیانی دەرچوو، کوڕەکەشی لە رێگەی نەخۆشخانە.

نەرمین محەممەد، لە پرسەی هاوژین و کوڕە گەورەکەی دانیشتووە و چاوەکانی دەڵێی گۆمی خوێنن هێندەی بۆیان بگری. نەرمین بە دەم گریانەوە گوتی:"مێردەکەم و کوڕەکەم هیچ تاوانیان نەبوو، ئەوان بوونە قوربانیی تاوانی شووبراکەم". گوتیشی: "لەوەتەی شووبراکەم ئەو تاوانەی کردووە، ئێمە لە رۆژێکی وەها دەترساین، بەڵام ئەو رۆژە هەر هات و ترسەکەمان بوو بەڕاستی".

دوو ساڵ لەمەوبەر لەسەر قەرز کێشە دەکەوێتە نێوان برایەکی زیاد و چەند شەریکێکی، براکەی زیاد دوو لە شەریکەکانی خۆی لە نێو ماڵەکەیدا دەکوژێ و هەڵدێ. ئیدی زیادیش لە ترسی تۆڵەکردنەوە ناچار دەبێ هەڵبێ و روو لە شارۆچکەی کۆیە بکات.

شیلان ئەنوەر، ئامۆزای زیاد باس لەو تاوانە دەکات کە دووساڵ لەمەوبەر روویدا و دەڵێت "ئامۆزایەکەم لەگەڵ ئەو دوو کەسە شەریک بوون، نووسینگەی کڕین و فرۆشتنی خانوو و زەوییان هەبوو، لەسەر پارە تووشی کێشە بوون، ئامۆزاکەم قەرزداری ئەوان بوو، ئەوانیش داوای پارەکەیان دەکردەوە، بەڵام ئامۆزاکەم پارەی نەبوو بیداتەوە".

وەک شیلان ئاماژەی پێدا، ئامۆزاکەی زۆر لەبەر شەریکەکانی پاڕاوەتەوە کە لە ماڵەکەی بڕۆن و دواتر قەرزەکەیان بداتەوە، بەڵام ئەوان نەڕۆیشتوون و هەڕەشەیان لێکردووە. بۆیە یەکسەر دەستڕێژی گوللە دەکات و هەردوو شەریکەکەی بەناوەکانی زەنون سەلاحەددین و فەخرەدین فەریق دەکوژێ و هەڵدێ.

دوای ئەو رووداوە، ئیدی زیادیش لە ترسی تۆڵەکردنەوە هەڵدێ و بۆ ماوەی ساڵێک و شەش مانگ لە کۆیە خۆی حەشار دەدات، بەڵام دوای ئەوەی کەسوکاری دوو کوژراوەکە پێیدەڵێن ئەوان پەیوەندیان بە ئەوەوە نییە، چوار مانگ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە هەولێر و لە نەمامگەکەی خەریکی کاری خۆی دەبێتەوە، تا ئەو رۆژەی لەگەڵ کوڕەکەی لە شوێنی کارەکەیان دەکوژرێن.



خێزانی زیاد بەهۆی تاوانی براکەیانەوە ساڵ و نیوێک خۆیان شاردەوە

ئاشنا زیاد، تەمەن 25 ساڵ، هێشتا باوەڕ بە مەرگی باوکی و ئاسۆی برای ناکات و دەڵێت: "ئێمە بێ پشت و پەنا ماینەوە، لەوانەیە ئێمەش بکوژن، ساڵ و نیوێکە ئێمە بەهۆی مامم لە ماڵی خۆمان هەڵاتووین، کەچی دواتر بووینە قوربانیی تاوانەکانی ئەو، ئێستاش نازانین لە کوێ خۆی شاردووەتەوە".

(ب، ی) دانیشتووی شارۆچکەی خەبات بە (رووداو)ی راگەیاند: "پێش دوو ساڵ دوو کوڕی ئەو بنەماڵەیە لەلایەن برای زیادەوە کوژران، ئەوانیش تۆڵەی خۆیان کردەوە. دوای کوشتنی کوڕ و باوکەکە، لەنێو خەبات گوتیان تۆڵەی ئێمە کرایەوە و خوێنی کوژراوەکانمان بەفیڕۆ نەچوو".

(ە،ع) کوڕی پووری ئەو دوو کەسەی کە دوو ساڵ لەمەوبەر لەلایەن (ن)ی برای زیادەوە کوژراون، بە (رووداو)ی گوت "(ن) شەریکی کوڕە پوورەکانم بوو، نزیکەی 350 هەزار دۆلار قەرزداری ئەوان بوو، زیاتر لە ساڵێکی بەسەردا تێپەڕی، ئەوان چوون بۆ ئەوەی داوای مافی خۆیان بکەنەوە، بەڵام بە غەدر ئەوانی کوشت، پەیوەندیان پێوەکردین پێیانگوتین بریندار بوونە، کاتێک گەیشتینە ماڵەکە، بینیمان هەردووکیان لەسەر ئەو کورسیانە کوژرابوون کە لەسەری دانیشتبوون، چایەکانیشیان هەر لە بەردەم بوو".

گوتیشی: "زیاتر لە دوو ساڵ بەسەر ئەو تاوانەدا تێپەڕیوە کەچی بکوژ هێشتا دەستگیر نەکراوە، بۆیە ئەوانیش بەشێوەی عەشایەری تۆڵەی خۆیان کردەوە".

# موقەدەمێکی پێشمەرگە دەکوژرێت

**دیمەن بورهان**
**رووداو- هەولێر**

شێخ عوسمانی مەلا عەبدوڵڵای دالاوە، تەمەنی 50 ساڵ بوو، مانگی رەمەزانی رابردوو لەدوای نوێژی تەراویح لە مزگەوت دێتە دەرەوە و لەلایەن گەنجێکی دراوسێیانەوە دوو گوللەی لێ دەدرێت، گوللەکان بەر دڵ و سەری دەکەون و هەر لە بەردەم مزگەوتەکە گیانی دەردەچێ.

کاروان کە خۆی تەرمەکەی باوکی شووشت، بە گەرووی پڕ لە گریانەوە باسی ئەوەی کرد کە باوکی جگە لە مۆبایل و قەڵەم و دەفتەرێک، لەکاتی رووداوەکەدا هیچی دیکەی پێنەبووە. تەنانەت ئەوەندە سادە بووە، ئەگەرچی پلەی سەربازیشی هەبوو، بەڵام چەکی هەڵنەدەگرت. کاروان دەڵێت: "باوکم بە پلان کوژراوە و هەفتەیەک پێش کوشتنی، (ە) بە ماڵی خۆیانی گوتووە کە شێخ عوسمان و کەسێکی دیکەش دەکوژێت، باوکی (ە) ئەو کەسەی دیکەی ئاگادار کردووەتەوە کە کوڕەکەی سەرشێتە و بەتەمای شتێکی وایە، بەڵام ئێمەی ئاگادار نەکردەوە، تەنانەت (ە) بە کەسوکارەکەی گوتووە کە پێمگوتراوە شێخ عوسمان بکوژم".

شێخ عوسمان، خاوەنی حەوت منداڵ بوو، نەشیملی هاوژینی، دوای تێپەڕبوونی دوو هەفتە هێشتا وا دەزانێ تازە مێردەکەی کوژراوە، ئەو کە 30 ساڵ لەگەڵ شێخ عوسمان ژیاوە، دەڵێت وەک هاوڕێیەک ژیاون و هیچکات لێی دڵگران نەبووە، دوای ئەوەی منداڵەکانی گەورەبوون و خێزانیان پێکەوە ناوە، رێگەی نەداوە لێی دووربکەونەوە، هەمیشە حەزی لە پێکەوەبوونی خێزانەکەی کردووە.

کاروان شێخ عوسمان باس لەوە دەکات کە سێ ساڵ پێش ئێستا لەگەڵ (ە.م)ی تەمەن 28 ساڵ، دراوسێی دیواربەدیوار بوون.

کاروان دەڵێت "(ە) پاش هاتنەوەی لە دەرەوەی وڵات، پەیوەندی بە فەرمانی برامەوە دەکات بیبینێ، بەڵام فەرمان بەهۆی کارەوە دەڵێت ناتوانم بتبینم، رۆژێک دێتەپێش دەرگامان و بانگی دەکات، کاتێک براکەم دەچێتە دەرەوە، سێ چەقۆی لێدەدات و برینداری دەکات. سەرەڕای ئەوەش دوای 15 رۆژ مانەوە لە زیندان بەکەفالەت ئازاد کرا و لەکاتی دانپێدانانی پۆلیسدا گوتبووی هیچ هۆکارێک و کێشەیەکم نەبووە لەگەڵیدا و تەنیا بە مێشکمدا هاتووە لێی بدەم. دواتر لەڕێگەی سوڵحەوە لێیان خۆش بووین، دوای کوژرانی باوکم زانیمان کە باوکم پارەی سوڵحەکەشی بۆ ناردوونەتەوە".

کاروان لەبارەی باوکیشییەوە دەڵێت: "ئەو باوک نەبوو، هاوڕێ بوو لەگەڵمان، لە ژیانیدا تەنیا غەدرلێکراو بوو، غەدری لە کەس نەکردووە، باوکی من فەرماندە بوو لە لیوای یەکی کەرکووک، لەپێشەوەی هەموو شەڕەکان بوو، بەڵام لەوێش غەدری لێکرا و ماوەی دوو ساڵە نێردراوەتەوە ماڵەوە".

کاروان داوا دەکات یاسا کاری خۆی بکات، بکوژی باوکیان لەسێدارە بدرێت.

عەقید لوقمان مەحموود هاوڕێی نزیکی شێخ عوسمان، دەڵێت: "پیاوێکی زۆر بە ورە و مەرد بوو، ئەوەی بەرامبەری کرا تەعەدایەکی ئاشکرا بوو، بۆیە پێویستە یاسا سەروەر بێت و بکوژەکەی سزای لەسێدارەدانی بۆ دەربکرێت، هەتا ببێت بە پەند و کەسی دیکە نەوێرێت بەناهەق کەس بکوژێ".

منداڵانی گەڕەک زیاتر لە گەورەکان پەرۆشی کوژرانی شێخ عوسمان بوون، چونکە ئەو وەک مامۆستایەک کۆیدەکردنەوە و وانەی پێدەگوتن، نیشانەی زیرەکی پێوەدەکردن.

بەشێک لە کەسوکاری بکوژەکەش دراوسێی ماڵی شێخ عوسمانن، ئەوانیش بەتاسەوە بۆ شێخ عوسمان گریاون، بەڵام بەهۆی رووداوەکەوە ئەوانیش وەک هەموو خانەوادەکانی ئەو خێزانە هەڵاتوون. کاروان سەبارەت بە ئەوان گوتی "ئێمە پەیوەندیمان بە ماڵی کاک حەیدەرەوە کرد کە ئامۆزای بکوژن، پێمانگوت بۆ کوێ دەڕۆن؟ باوکم رێزی ئێوەی وەک ئێمە ویستووە، ئێمە کارمان بەوە نییە بچین کەسێک لە ئەوان بکوژین، چونکە پەروەردەی دەستی پیاوێکی بەڕەوشتین، بەڵام ئەگەر حکومەت بڕیارەکەی نادادپەروەرانە بێت، ئێمەش بیرکردنەوەمان دەگۆڕێت و بڕیاری خۆمان دەدەین".



بکوژ پێشتریش کوڕێکی شێخ عوسمانی بە چەقۆ بریندار کردووە

رائید هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر بە (رووداو)ی راگەیاند "رۆژی 2018/6/12 ئاگادارکراینەوە لە رووداوێکی تەقەکردن لە نزیک مزگەوتێکی کەسنەزان، گەنجێک بەناوی (ە.م) تەقە لە موقەدەمێک بەناوی عوسمان عەبدوڵڵا دەکات و دەیکوژێت، دوای رووداوەکە تۆمەتبار خۆی رادەستی پۆلیس کرد و بەپێی ماددەی 406 لە یاسای سزادانی عێراقی دەستگیرکراوە".

# ئەو خۆراکانەی گەنجێتی پێست دەپارێزن



**ڕووداو - DW**

خۆراکی دروست هاوکاری نوێبوونەوەی خانەکانی پێست دەکات و بەرگرییان لە بەرامبەر تیشکە زیانبەخشەکانی خۆر زیاد دەکات.

پسپۆڕانی زانستی خۆراکناسی دەڵێن پێستیش وەک هەموو ئەندامانی دیکەی جەستە پێویستی بە خۆراکە بۆ بەهێزبوونی لە بەرامبەر پرۆسەی چوونە تەمەن و ژاکان و نەخۆشکەوتن.

بۆ نموونە پێست پێویستی بە ڤیتامین (A) هەیە بۆ بنیاتنانی خانەی نوێ و جێگرتنەوەی خانە ژاکاو و مردووەکان. پێست بەردەوام لە بەردەم مەترسیی ژاکاندایە بەهۆی تیشکە زیانبەخشەکانی خۆر و دۆخە ناهەموارەکانی دیکەی ژینگەی دەوروبەر. بۆ ئەوەی بڕی پێویستی ئەم ڤیتامینەت دەستبکەوێت، هەندێک خۆراک لەبیر مەکە، وەکوو: جگەر، ماسی و گێزەر.

شتیڤان کابیش، خۆراکناسی ئەڵمانی دەڵێ پێست پێویستی بە ڤیتامین "C" هەیە بۆ پاراستنی پاراوی و نەرمونیانیی خۆی. ئەم ڤیتامینە هەروەها دژی توخمە بەرەڵاکانە کە پەلاماری خانەکانی پێست دەدەن و تووشی ژاکان و پیربوونیان دەکەن و وادەکەن کەسەکە پێستێکی چرچ و لۆچی هەبێ. سەرچاوە سەرەکییەکانی ئەم ڤیتامینە بریتین لە میوە مزرەمەنییەکان، بیبەر و سەوزەکانی دیکە.

هەروەک ڤیتامینەکانی (B) و (E) ڕۆڵی گرنگیان هەیە لە نوێبوونەوەی خانەکانی پێست و جێگرتنەوەی خانە ژاکاو و پیرەکان، بە تایبەت کاتێک بەهۆی برین و زەبرەوە خانەکانی پێست تووشی ژاکان دەبن. ئەم ڤیتامینانەش لە دانەوێڵەکان، سەوزەکان و شیرەمەنییەکاندا هەن. ڕەگەزی خۆراکیی لایکۆپین گرنگە بۆ پاراستنی پێست لە مەترسی شەپۆلەکانی سەروو وەنەوشەیی جۆری A و B کە یەکێکیان پێست پیر دەکات و ئەوی دیکەش ئەگەری تووشبوونی بە شێرپەنجە زیاد دەکات. تەماتە و شووتی بەم ماددەیە دەوڵەمەندن و دەگوترێ ڕەنگە سوور و ئاڵەکەیان بەهۆی ماددەی لایکۆپینە لە پێکهاتەیاندا.

پسپۆڕانی ئەڵمانی دەڵێن ئەو کەسەی تەندروستە و خۆراکی باش دەخوات، پێویستی بەوە نییە مەلتی ڤیتامین و تەواوکەرە خۆراکییەکانی دیکە بخوات. ئەگەر هەر بڕیاریشت داوە ئەم ماددانە بەشێوەی حەب یان هەر شێوەیەکی دیکە بخۆی، ئەوە ڕاوێژ بە پزیشک بکە، چونکە بەشێک لە ڤیتامینەکان ئەگەر زیاتر لە پێویست بەشێوەی دەرمان بخورێن، ئەوە دەبنە هۆی ژەهراویبوون و زیانیان لە سوودیان زۆرتر دەبێ. بۆ نموونە زۆر خواردنی ڤیتامین A بەشێوەی دەرمان و بەدەر لە شێوازە خۆراکی و سرووشتییەکە، زیان لە جگەر و پێست و چاو و تەنانەت ئێسکیش دەدات.

جگە لە ڕەگەزە خۆراکییە ناوبراوەکان، خواردنەوەی بڕی پێویستی ئاو پێویستە بۆ پاراستنی بریقە و گەنجیی پێست.

# باشترین خۆراک بۆ کۆئەندامی بەرگری

**ڕووداو- تایمز**

خواردەمەنی تەنیا بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییە خۆراکییەکان و دابینکردنی وزە بۆ جەستە نییە. بەڵکو بەشێکیان هاوکاریی جەستە دەکەن لە جەنگی دژی نەخۆشییەکاندا.

ئەمانە بەشێک لەو خۆراکانەن:



### 1 بیبەری تیژ:

هۆکاری تیژییەکەی بیبەر، ماددەیەکە بەناوی (کاپسایسین). دەرکەوتووە دژی هەوکردنە و جومگە هەوکردووەکانی جەستە هێور دەکاتەوە، بۆیە ئێستا بەشێوەی جێل و کرێم ئامادە دەکرێ و جومگەکانی پێ چەور دەکرێ.



### 2 لیمۆ:

لیمۆ بە ڕەگەزێکی تایبەت دەوڵەمەندە کە پێیدەگوترێ "فلاڤیونۆیدە زیندەگییەکان". ئەمە دوژمنی ئەو ڕەگەزە بەرەڵایانەیە کە ڕێگا خۆشدەکەن بۆ تووشبوون بە شێرپەنجە. هەروەها بە ڤیتامین (C) دەوڵەمەندە کە ئەویش دژەئۆکسێنە و دەرکەوتووە گرنگە بۆ بەهێزکردنی بەرگری لە دژی هەڵامەت و ئەنفلۆنزا. خواردنەوەی شەربەتی لیمۆ لە ڕێگا هەرە ئاسانەکانە بۆ دەستکەوتنی بڕی پێویستی ڕۆژانەی ڤیتامین C.



### 3 سێو:

توێژینەوەیەک کە ساڵی 2015 کراوە، دەریخستووە ئەو کەسانەی ڕۆژانە سێوێک دەخۆن، کەمتر لە لە کەسانی دیکە پێویستیان بە دەرمانە بۆ پاراستنی تەندروستییان، هەروەک هەوادارانی سێو کەمتر بە نیشانەکانی ڕەبۆ هەراسان دەبن.

سێو هەروەها بە ریشاڵی خۆراکی دەوڵەمەندە، دەریشکەوتووە ریشاڵەکان خاسیەتی ڕووبەڕووبوونەوەی هەوکردنە درێژخایەنەکان لە جەستەدا بەهێز دەکەن، ئەوە جگە لەوەی هەستی تێربوون دەبەخشن و ئارەزووی مرۆڤ بۆ شیرینییە دەستکردەکان کەمدەکەنەوە کە هۆکارێکی لاوازیی سیستمی بەرگریی جەستەیە.



### 4 سیر:

بۆنە ناخۆشەکەی سیر بەهۆی ماددە گۆگردییەکانی وەک (ئەلیسین)ە کە دژی ئەنزیمەکانی هەوکردنە، هەروەک لە پێکهاتەی سیردا ڕەگەزگەلی دژە شێرپەنجە هەن، ئەوە جگە لەوەی سیر دژی مەیینی خوێنە و بەوەش بۆ ڕێگرتن لە جەڵتەی دڵ و مێشک بەسوودە.



### 6 سندی:

یەک سندی، دەتوانێ بەشی شەو و ڕۆژێک ڤیتامین C بە جەستەت ببەخشێ کە دژە ئۆکسێنە و پشتیوانی کۆئەندامی بەرگرییە، هەروەها یارمەتی هەڵمژرانی ئاسن لە ریخۆڵەکاندا دەدات کە ئەوەش لە کەمخوێنی دوورت دەخاتەوە و بڕی ئۆکسجینی ڕۆیشتوو بۆ خانە و شانەکانی جەستە زیاد دەکات و ئەوەش ڕێگایەکی دیکەی بەهێزکردنی بەرگریی جەستەیە لە دژی نەخۆشییەکان.



### 5 زەنجەبیل:

زەنجەبیل دژەئۆکسێنە و دژی هەوکردنە لە جەستەدا، هەروەها لە ڕێگای بەخشینی بێتاکارۆتین و کاپاسیسین پشتیوانییەکی زیاتر دەداتە کۆئەندامی بەرگریی جەستە. زەنجەبیل هەروەها دژی دڵتێکهەڵاتن و رشانەوەیە و ڕێگرە لە قەڵەوبوون و تووشبوون بە شەکرە و نەخۆشییەکانی دڵ.



### 7 ڕازیانە:

ڕازیانە دژی هەڵامەتە، لینجاوی لوولە هەوکردووەکانی هەناسە دەکاتە دەرێ و هەوکردنی قوڕگ هێوردەکاتەوە، هەروەک بە پۆتاسیۆم دەوڵەمەندە و ڕێگا لە شکبوونەوەی جەستە دەگرێ، ئەوانەش هەموو ڕێگای جیاوازن بۆ بەهێزکردنی بەرگریی جەستە لە دژی چەندین نەخۆشی.

# پێنج پرسیار پێش چاندنەوەی قژ

**ڕووداو- دەیلی تەلەگراف**

ئەگەر قژت تەنک بووە و بڕیارت داوە بیچێنیتەوە، ئەوە بەر لە چاندنەوە ئەم پرسیارانە لەخۆت بکە:



### 1 بۆ ئەم پزیشکە؟

هەڵبژاردنی پزیشکێکی کارامە بۆ پرۆسەکە کارێکی گرنگە، دەبێ ئەستۆپاک بێ لە کارەکانی پێشووتری و کەسانی پێش تۆ لێی ڕازی بووبن. بەر لە پرۆسەکەش گفتوگۆی تەواوی لەگەڵ بکە، لەگەڵ ئەو کەسانەش قسە بکە کە پێش تۆ لەلای ئەو قژیان چاندووەتەوە، وێنەی کەسەکان بەر لە پرۆسەکە و دوای ئەوە ببینە و بزانە تۆش ڕازیت بە گۆڕانکاری لەو جۆرە لە ڕوخسار و قژتدا؟

### 2 ئایا ڕێگەچارەی دیکە هەن؟

بەڵێ دەرمانی بەهێزکردنی قژ و کەمکردنەوەی ئەگەری وەرینی قژ هەن، بزانە قژی تۆ لە بارێکدایە بەو دەرمانانە باری لاری ڕێک ببێتەوە؟ چونکە دەرمانەکان بۆ کەسێک کارا نین کە قژی لە ڕادەبەدەر رووتابێتەوە.

### 3 چ جۆرێکی ڕواندنەوەی قژ بۆ تۆ گونجاوە؟

سێ جۆری سەرەکیی ڕواندنەوەی قژ هەن:

– دەرهێنانی سەلکە موو: لەمەیاندا بە ئامێرێکی تیژ مووەکە بە خۆی و بنەچەکەیەوە لە ناوچەیەکی بەخشەری سەر هەڵدەکەنرێن و لە شوێنە کەچەڵەکەی سەر دەچێنرێن.

– دەرهێنانی ڕیزە موو: لەمەیاندا ڕیزێک موو هەڵدەکەنرێن و پاشان پزیشکەکە جیای دەکاتەوە بۆ تاڵی جیاجیا. ئەمەیان ئاسانترە و پارەی کەمتری تێدەچێ، بەڵام ئاسەوار لەسەر پێستی سەرت بەجێدەهێڵێ و ئەگەر دیقەتی کەللەسەرت بدەن ڕەنگە شوێنی دەرهێنانەکە ببینن.

– تاتۆی تریکۆ: لەمەدا کەسانی کارامە و شارەزا بەشێوەی تاتۆ قژێک لەسەر شوێنە کەچەڵەکە دەنەخشێنن کە زۆر لە ڕاستی دەچێت و تاوەکو بە وردی سەرنج نەدرێ، نازانرێ کە ئەوە تاتۆیە، نەک قژێکی سرووشتی.

### 4 ئایا چاندنی موو هەمیشەییە یان تەمەنی دیاریکراوە؟

لەگەڵ بەرەوپێشچوونی تەمەندا قژە چێنراوەکەش لاواز و تەنک دەبێ، چونکە ئەویش دواجار سەلکەمووی سرووشتی و ڕاستییە و وەک هەر شانەیەکی دیکەی جەستە پیر دەبێ، بۆیە دوور نییە پاش چەند ساڵ پێویستت بەوە بێ کە جارێکی دیکە مووی دیکەت بۆ بچێننەوە، واتە چاندنی قژ هەمیشەیی نییە و تەمەنی هەیە.

### 4 تێچووەکەی چەندە؟

مەرج نییە ئەو پزیشکەی بە گران کار بکات، ئەنجامی باشتری هەبن. ڕاددەی سەرکەوتوویی پرۆسەکە بەندە بە کارامەیی پزیشکەکە و سروشتی پێست و مووی تۆ، نەک نرخی قژ چاندنەوەکە.



هونەر ڕێبوار

# مورافیقێکی ناحاڵی

لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی ڕۆژئاوای هەولێر، دوو کوڕی گەنج لەگەڵ دایکە پیرەکەیان هاتنە ژوورەوە، دایکەکە لە حەوشەی ماڵەکەیاندا کەوتبوو، کەوتنێک کە وەک خۆی دەیگوت تەواوی جەستەی بە ئازار خستبوو.

کاتێک لە نەخۆشخانەی فریاکەوتن کاردەکەیت، لە هەر بەشێک بیت، هەست دەکەی شارەکە تەواوی نەخۆشە، چونکە تەنیا حاڵەتێک و دوو حاڵەت و سێ نین، ڕۆژانە چەندین حاڵەتی کەوتنە خوارەوە، ڕووداوی هاتوچۆ و برینداری و شەڕکردن دەبینی، هۆکارەکەیان هەرچییەک بێت، بەر لە تووشبوون بە ڕووداوەکان زۆریان تەنیا خۆپاراستنی دەوێت. چونکە ئەو ڕووداوانەی ڕۆژانە بەرچاو دەکەون، زۆربەیان هۆکاری دووبارەیان لەپشتە.

کوڕەکان دایکە پیرەکەیان هێنایە ژوورەوە، لەنێو قەرەباڵغی ژوورەکە لەژێر باڵی خۆیان هەڵیانگرتبوو، دایکی هاواری قاچی دەکرد و بەردەوام دەیگوت: "قاچم شکاوە".

داوام لە کوڕەکان کرد دایکیان بخەنە سەر تەختی نەخۆش. دوای پشکنینی فیزیکی و زانینی حاڵەتەکەی، بەپێویستم زانی کە ئەشیعەیەک بۆ نەخۆشەکە بنووسم، تاوەکو زیاتر لە حاڵەتەکە دڵنیاببمەوە.

گرفتێکی نەخۆشخانەکانی فریاکەوتن ئەوەیە، هەرچی نەخۆش کە دێت، بۆ خۆی هەم پزیشکە و هەمیش نەخۆش، هەم دەردی هەیە و هەمیش خۆی بڕیار لە دەرمانەکە دەدات. دەڵێت ئازارم هەیە و بەر لەوەی تۆ قسەیەک بکەیت، دەڵێت ئەشیعەم دەوێت، بەر لەوەی بپرسی میزکردنت چۆنە، ئەو دەڵێت فەحسێکی میزم بۆ بنووسە. ئەمە جگە لەوەی نەخۆشخانەکە قەرەباڵغە و زۆربەی ئەوانەی کە دێن نەخۆشی کتوپڕ نین، واتە نەخۆش نین بۆ نەخۆشخانەی فریاکەوتن، کارەکەیان دەبێت لە نەخۆشخانەیەکی ڕاوێژکاری بکرێت.

ئەشیعەم بۆ نەخۆشەکە نووسی و گوتم فەرموو ئەشیعەیەک بگرە، تاوەکو لە حاڵەتەکەی دڵنیاببینەوە، بزانین گرفتەکەی چییە، من ئەوەندەم گوت و ڕووم کردە نەخۆشێکی دیکە و چوومە لای نەخۆشەکانی دیکە.

سەرقاڵی چارەسەری نەخۆشەکانی دیکە بووم، یەکێک لە کوڕەکان دەستی بە ژاوەژاو کرد، بە هاوار هاوارەوە هاتەوە و گوتی: "دکتۆر چووم ئەشیعە بگرم، کەچی دەڵێن دەبێت نەخۆشەکە بهێنیت، ئەی تۆ ئەوت فەحس نەکرد و گوتت ئەشیعە بگرن؟! واتە من دەبێت نەخۆشەکەش ببەم بۆ ژووری ئەشیعە؟! ئەگەر لاقی شکابێت چۆن دەتوانین ئەشیعەی بۆ بگرین؟!".

پزیشکی نیشتەجێی خولاو، ئەو کاتەی لە بەشی فریاکەوتن لە نەخۆشخانەکان کار دەکات، چەندە پێویستی بەوەیە کە زانیاری پزیشکی هەبێت بۆ چارەسەری نەخۆشەکانی، دەبێت هێندە زیاتر بتوانێت دەروونی ئەو کەسانە ئارام بکاتەوە کە لە ئازارێکی جەستەیی خۆیان، یان بەهۆی نەخۆشیی کەسێکیانەوە بە دەست ئازارێکی دەروونییەوە دەناڵێنن، ئەگەر یەکێک نەتوانێت ئەوە بکات، هەر ئەوە ڕوودەدات کە چەندینجار بیستوومانە لە فڵان نەخۆشخانە لە فیسار دکتۆر دراوە!

هەرچۆنێک بێت کوڕی دایەپیرەم هێورکردەوە و داوام لە یەکێک لە کارگوزارەکانی نەخۆشخانە کرد یارمەتی بدەن بە عارەبانەکە نەخۆشەکە ببات بۆ ژووری ئەشیعە، ئەشیعەکەیان گرت و بەداخەوە وەک گومانمان دەکرد، قاچی شکابوو. بەڵام دوای بڕیاری پزیشکی نیشتەجێی دێرینی شکان، قاچە شکاوەکەی نەخۆشەکە ڕاکێشرا و گەچ کرا، دوای ئەوەی بەپێکەنینەوە سوپاسی کردین، گەڕانەوە ماڵەوە.

# باشووری ڕۆژئا


تەلەڤیف سەرهەڵدانی شەڕ لە باشووری ڕۆژئاوای سووریا بە مەترسییەکی گەورە بۆ سەر ئاسایشی نیشتمانی خۆی سەیر دەکات

**رووداو– هەولێر**

ماوەی چەند هەفتەیەکە هێزەکانی لایەنگری ڕژێمی سووریا لە نزیک درعا لە باشووری ڕۆژئاوای سووریا کۆبوونەتەوە و هێرشی هەمەلایەنە بۆ سەر ئەو ناوچەیە لە ئانوساتدایە. خاڵی کێشەساز لەو ئۆپەراسیۆنەدا بەشداریکردن یان نەکردنی هێزە ئێرانییەکانە کە لەلایەکەوە ئەگەری شەڕی ڕاستەوخۆی ئێران و ئیسرائیل زیاد دەکات و لەلایەکی دیکەشەوە هاوپەیمانێتیی نێودەوڵەتی لایەنگری ئەسەد لاواز دەکات.

باشووری ڕۆژئاوای سووریا بەهۆی ڕێککەوتنی پارساڵی ئەمریکا، ڕووسیا و ئوردن بە ناوچەی ئارام دانراوە. ئەو ناوچەیە بەسەر بەرزاییەکانی جۆلان لەسەر سنووری نێوان سووریا و ئیسرائیلدا دەڕوانێت، هەر بۆیەش لەڕووی جیۆپۆلیتیکییەوە هەستیارە.

هەفتەی رابردوو شەڕ و پێکدادانێکی کاتی لەو ناوچەیە ڕوویدا، کاتێک هێزی ئاسمانیی سووریا شارۆچکەکانی ژێر دەسەڵاتی ئۆپۆزیسیۆنی بۆردومان کرد و بەمەش ڕێککەوتنی ناوچەی ئارام پێشێل کرا. سام هێلەر، لێکۆڵەر لە گروپی قەیرانی نێودەوڵەتی، پێیوایە سێ وڵاتەکەی ناو ڕێککەوتنی ناوچەی ئارام لەگەڵ ئیسرائیل و سووریاش کاتی ئەوەیان لەبەردەستە بۆ ئەوەی لە چوارچێوەی ڕێککەوتنێکی نوێدا ڕێگە لە شەڕی خوێناوی لە باشووری ڕۆژئاوای سووریا بگرن کە دەشێت پریشکەکەی بەر هەموو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بکەوێ.

ڕێککەوتنی ناوچەی ئارام کە بە ڕەزامەندی و دەستپێشخەریی ڕاستەوخۆی سەرۆکی ڕووسیا و ئەمریکا هەنگاوی بۆ نراوە، کۆمەڵێک خاڵی ئەرێنی تێدایە کە دەکرێ وەکو نموونەیەک بۆ هەوڵەکانی کۆتاییهێنان بە کوشتاری حەوت ساڵەی شەڕی نێوخۆی سووریا سەیری بکرێ، لە

# مۆسکۆ و ئەو ڕێگرانەی کە ناهێڵن جێی واشنتن لە ڕۆژهەڵاتی ناوین بگرێتەوە


پەیوەندیی ڕووسیا و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەس

**رووداو – هەولێر**

نزیکەی سێ ساڵ بەسەر بەشداریی ڕاستەوخۆی ڕووسیا لە شەڕی نێوخۆی سووریادا تێدەپەڕێت، ئەم هەنگاوە نەک هەر ڕژێمی سووریای لە کەوتن پاراست، بەڵکو مۆسکۆشی کردەوە بە یەکێک لە ئەکتەرە نێودەوڵەتییە سەرەکییەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست. بەم حاڵەشەوە شارەزایان بڕوایان وایە ستراتیژی ڕووسیا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لەگەڵ کۆمەڵێک بەربەستدا بەرەوڕووە کە ناهێڵێ ڕووسیا بەمزووانە شوێنی ئەمریکا لە ناوچەکەدا بگرێتەوە.

لەدوای هەڵگەڕانەوەی باڵانسی هێز لە قازانجی ڕژێمی سووریا و جێگیرکردنی بنکە سەربازی و ئاسمانییەکانی ڕووسیا لەو وڵاتە، ژمارەیەکی زۆر لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کە لەسەردەمی سۆڤیەتدا دژی مۆسکۆ بوون، ئێستا هەوڵی نزیکبوونەوە لە ڕووسیا دەدەن، لەوانەش تورکیا، ئیسرائیل، سعودیە و میسر، هەرچەندە هیچکام لەو وڵاتانەش بەرەی ئەمریکایان بۆ ڕووسیا جێنەهێشتووە. پەیوەندیی ڕووسیا و وڵاتانی ناوچەکە دەستکەوتی ئابووری بۆ ڕووسەکان هەبووە، بەڵام دەستکەوتە سیاسییەکەی سنووردارە.

ئالێکسی خلێبینکۆڤ، شارەزا لە ئەنجوومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ڕووسیا، سەبارەت بە هەوڵەکانی ڕووسیا بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی ئەمریکا لە ناوچەکە بە ڕۆژنامەی (وۆڵ ستریت جورناڵ)ی ئەمریکی ڕاگەیاند "هیچکەس ئەمریکای لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەرنەکردووە، بەڵکو ئەوە ئەمریکییەکان خۆیانن کە دوور دەکەونەوە و بەمەش بۆشاییەک لەدوای خۆیان جێدەهێڵن. بەم حاڵەشەوە ڕووسیا هیچ هاوپەیمانێکی لە ناوچەکەدا نییە، بەڵکو کۆمەڵێک هاوبەشی هەیە کە دەتوانێت بازرگانییان لەگەڵ بکات، ئەگەرچی لە زۆر خاڵی سیاسیشدا ناکۆکن".

لە خولی دووەمی سەرۆکایەتی باراک ئۆباما، سەرۆکی پێشووی ئەمریکا بەدواوە، سەرمایەگوزاری سیاسی و سەربازیی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە کزیی داوە. کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق و خۆبەدوورگرتن لە بەشداریی سەربازی لە قەیرانی سووریا، دوو ئاماژەی ڕوون بوون کە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لای ئیدارەی ئەمریکا ئەو بایەخە ستراتیژییەی جارانی نەماوە. ئیدارەی نوێی ئەمریکا نەک هەر درێژەی بەو سیاسەتەی ئۆباما دا، بەڵکو کێشەیەکی زۆریشی لەگەڵ ئەوەدا نییە کە ڕووسیا بەشێک لەو بۆشاییە پڕ بکاتەوە.

ڕۆبین میلز، بەڕێوەبەری گشتیی کۆمپانیای ڕاوێژکاریی قەمەر ئینێرجی لە دوبەی، بە ڕۆژنامە ئەمریکییەکەی ڕاگەیاند: "لای زۆربەی وڵاتانی ناوچەکە، پەیوەندی لەگەڵ ڕووسیا نیشاندەری جۆرێک لە سیاسەتی دڵنیایی بووە، ئەمریکا تاوەکو ئێستا دژی ئەو پەیوەندییانە نەوەستاوە و هەوڵی دەرکردنی ڕووسیای لە ناوچەکە نەداوە".

لەگەڵ ئەمەشدا کۆمەڵێک فاکتەر هەن کە ڕێگرن لەوەی ڕووسیا بتوانێت ئەو پەیوەندییە ئابووری، دیپلۆماتیک و هەواڵگرییانەی بۆ پەرەپێدانی دەسەڵاتی سیاسی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بەکاربهێنێ، بەتایبەتیش لە داهاتوویەکی نزیکدا.

بێن کۆنابڵ، لێکۆڵەر لە پەیمانگای لێکۆڵینەوە و پەرەسەندن (RAND) لە ڕاپۆرتێکدا دەڵێت، یەکێک لە ڕێگرەکان ستراتیژەکەی ڕووسیا خۆیەتی کە لەسەر کۆمەڵێک هەنگاوی تەکتیکیی کورتخایەن دامەزراوە و تێیدا ئامانج لە پەیوەندی و دەستتێوەردان، بەرزکردنەوەی دەستکەوتە کورتخایەنە ئابووری، سەربازی و سیاسییەکانی ڕووسیایە.

کۆنابڵ دەڵێت کورتخایەنی و سنوورداربوونی پەیوەندییەکانی ڕووسیا لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە، ئەو دەرفەتەی بە مۆسکۆ داوە بەئاسانی لە پەیوەندییەکان بکشێتەوە، یان مانۆڕ بدات، بەڵام ئەمجۆرە پەیوەندییە بەهایەکی کەمتریشی هەیە، هەر ئەمەش وادەکات ڕووسیا نەتوانێت "ئەڵتەرناتیڤێکی سەرنجڕاکێش"ی درێژخایەن بێت بۆ وڵاتانی ناوچەکە. لەلایەکی دیکەوە ڕووسیا (بە پێچەوانەی یەکێتی سوڤیەت) پەرەپێدانی هیچ ئایدیۆلۆژیایەکی وەکو بناغەی سیاسەتی دەرەوە و ناوچەیی خۆی دانەناوە، بۆیەش "ناتوانێت هاوپەیمانی درێژخایەن دروستبکات".

میخائیل بۆگدانۆڤ، جێگری وەزیری دەرەوەی ڕووسیا بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئەفریقا، وێڕای پشتڕاستکردنەوەی ئەو بۆچوونەی کۆنابڵ دەڵێت: "ڕووسیا لە هەلومەرجێکی نوێدایە، چونکە ئێمە پشتگیریی ئایدیۆلۆژی پێشکەش بە کۆمەڵێک هێزی چەپ یان کۆمۆنیست ناکەین. ئەمانە هەمووی هی ڕابردوون، ئێستا ئێمە لەسەر کۆمەڵێک بیرکردنەوەی عەقڵانی هەنگاو دەنێین و پێمانوایە هاوکارییەکان دەبێ بەرژەوەندیی هەردوولای تێدا بێ".

بەپێی ڕاپۆرتەکەی (RAND)، توانای ئابووریی ڕووسیاش بەربەستێکی دیکەیە لەبەردەم ئەو وڵاتەدا بۆ ئەوەی بتوانێت کار بۆ پەیوەندیی درێژخایەن لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە بکات. ئەم تایبەتمەندییەی ڕووسیا وایکردووە زیانی کشانەوە لە پەیوەندییەکان بۆ وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کەم بێت، هەر ئەمەش یەکێکە لەو فاکتەرانەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست وا لێدەکات لە چوارچێوەیەکی کورتخایەندا بیر لە پەیوەندی خۆیان و ڕووسیا بکەنەوە، بەپێچەوانەی ئەو پەیوەندییانەی لەگەڵ ئەمریکادا هەیانە.

لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا پەیوەندییەکانی ڕووسیا لەگەڵ تورکیا و ئیسرائیل یەکجار نزیکبووەتەوە، سووریا خاڵی سەرەکیی ئاڵۆگۆڕی بەرژەوەندییەکانە لەو پەیوەندییەدا. تورکیا کۆمەڵێک ڕێککەوتنی لەبواری وزە و چەکدا لەگەڵ ڕووسیا واژۆ کردووە، جیا لەمە لە سووریاش لێکتێگەیشتنی زۆر لەنێوان هەردوو وڵاتدا هاتووەتە ئاراوە. نزیکبوونەوەی تورکیا لە ڕووسیا نەک هەر دووبەرەکی گەورە لە ناتۆدا دروستدەکات و کێشەش بۆ سیستەمی بەرگریی ناتۆ دەنێتەوە، بەڵکو دەرگای نزیکبوونەوە لەدەریای سپی (واتە سنووری باشووری ڕۆژهەڵاتی ناتۆ) لە ڕووسیا دەکاتەوە.

جیا لەمە ئیسرائیلیش بۆ جڵەوکردنی ئێران و میلیشیا شیعەکانی سەر بەو وڵاتە ئەوەندەی پشت بە هاوکاری و هاوئاهەنگیی ڕووسیا دەبەستێت، ئەوەندە

# حودەیدە چارەنووسی شەڕی نێوخۆی یەمـ

**رووداو – هەولێر**

لە ماوەی دوو هەفتەی ڕابردوودا لەگەڵ نزیکبوونەوەی هێزەکانی هاوپەیمانی عەرەبی لە شاری حودەیدە، شەڕی نێوخۆی یەمەن لە قۆناغێکی هەستیار نزیک بووەتەوە کە ئاکامی سیاسی و مرۆیی گەورەی بەدواوە دەبێت. فڕۆکەخانەی شارەکە کەوتووەتە دەست هێزەکانی نزیک لە سعودیە و ئیمارات، بەڵام گرتنەوەی هەموو شارەکە کارێکی ئاسان نابێ و دەکرێت کارەساتی مرۆیی گەورەی بەدواوە بێ.

### ◄ بۆچی حودەیدە؟

حودەیدە کە دەکەوێتە ڕۆژئاوای یەمەن و زۆرینە سوننەیە، گەورەترین بەندەری یەمەن و چوارەم گەورەترین شاری ئەو وڵاتەیە، هەر بۆیەش بە "گەروو"ی یەمەن ناوی دەرکردووە. لە نێوان 70% بۆ 80%ی کۆی هاوردەی خۆراک و پێداویستییە سەرەکییەکانی یەمەن لە ڕێگەی ئەم بەندەرەوەیە کە لە ساڵی 2014ەوە لە ژێر دەسەڵاتی حووسییەکاندایە.

ئەو شارە کە 700 هەزار دانیشتووی هەیە، سەرچاوەی سەرەکیی داهاتی هێزەکانی حووسییە کە لەلایەن ئێرانەوە پشتگیری سەربازیی و لۆجیستیکییان پێشکەش دەکرێت. حووسییەکان لەبەرامبەر مۆڵەتی لەنگەردانانی هەر کەشتییەکی بارهەڵگر 100 هەزار دۆلاریان دەستدەکەوت. بۆیەش گرتنی ئەو شارە نەک هەر کاریگەریی ڕاستەوخۆ لەسەر ژیانی ڕۆژانەی ملیۆنان یەمەنی دادەنێ و لەوێشەوە دەسەڵاتێکی سیاسی گەورە بە لایەنی باڵادەست لەو شارە دەدات، بەڵکو سەرچاوەیەکی دارایی گەورەش لە حووسییەکان دەستێنێتەوە.

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕایگەیاندووە کە شەڕی حودەیدە گواستنەوەی خۆراک و پێداویستییە پزیشکییەکان بۆ زۆربەی بەشەکانی یەمەن دەوەستێنێ، ئەمەش لە کاتێکدایە کە هەر ئێستا زیاتر لە 22 ملیۆن دانیشتووی یەمەن لەسەر هاریکاریی مرۆیی دەژین و 8.5 ملیۆن کەسیش لە دۆخێکی مەترسیداری کەمخۆراکی یان بەدخۆراکیدان، چاوەڕێش دەکرێ لەگەڵ نزیکبوونەوەی شەڕ لە سەنتەری شارەکە، هاوردەی خۆراک و دەرمان کێشەی گەورەی بۆ دروست ببێت.

بۆیە (UN) پێشنیاری بە حووسییەکان کردووە بەندەری شارەکە ڕادەستی لایەنێکی نێودەوڵەتی بکات، بۆ ئەوەی لە کاتی شەڕدا هاریکارییە مرۆییەکان بۆ حودەیدە و بەشەکانی دیکەی یەمەن نەوەستن، بەڵام حووسییەکان گومانی ئەوەیان هەیە نەتەوە یەکگرتووەکان لایەنگری لە سیاسەت و پلانی سعودیە و ئیماراتییەکان بکەن.

### ◄ گرتنی حودەیدە ئاسان نابێ

هاوپەیمانێتی وڵاتانی عەرەبی کە پشتگیریی شاراوەی ئەمریکا و ناتۆشی لەگەڵە، بەڵێنیان داوە ئۆپەراسیۆنەکانی کۆنترۆڵکردنی بەندەری حودەیدە بە خێرایی و بێ چوونە ناو سەنتەری شارەکە بەڕێوەبچن، تاوەکو ژمارەی قوربانیانی مەدەنی شەڕەکە کەم بکەنەوە.

هێزەکانی هاوپەیمانی عەرەبی دوو ڕێگەیان بەدەستەوەیە بۆ ئەوەی دەست بەسەر بەندەرەکەدا بگرن: یەکەمیان لە ڕێگەی فڕۆکەخانەیە، بۆ ئەمەش دەبێ بەناو شارەکەدا بڕۆن و لەو حاڵەتەشدا هێزی ئاسمانیی سعودیە و ئیمارات کاریگەرییەکی ئەوتۆیان نامێنێ. ڕێگەی دووەم بریتیە لە گواستنەوە و دابەزاندنی هێز لە ڕێگەی دەریای سوورەوە، بەڵام لەو حاڵەتەشدا هێزەکانی حووسی دەتوانن بە مووشەک و هاوەن مەترسی لەسەر هێزەکانی نزیک لە سعودیە و ئیمارات دروست بکەن.


کۆنترۆڵکردنەوەی بەندەری حودەیدە ڕێگەی سەرەکیی گواستنەوەی پاڵپشتییەکانی ئێران بۆ حووسییەکان دەپچڕێنێ

مایکڵ نایتس، شارەزای کاروباری سەربازیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، پێیوایە ئەگەری سەرکەوتنی هێزەکانی هاوپەیمانی لەو ئۆپەراسیۆنەدا زۆرە. نایتس دەڵێت ئەوەی زۆربەی شارەزایان سەرنجیان نەداوەتێ، ئەوەیە "ئیماڕاتییەکان و هاوبەشە یەمەنییەکانیان لە ساڵی 2016ەوە ئامادەکاری دەکەن بۆ ئەوەی حووسییەکان لاواز بکەن". بۆ ئەم مەبەستەش ڕێگەکانی گواستنەوەی چەک و هاوکاریی سەربازیی ئێران بۆ حووسییەکانیان لاواز کردووە.

بەپێی ڕاپۆرتەکەی نایتس لە شاری حودەیدە "نزیکەی 2000 چەکداری حووسی هەن کە لەلایەن 25 هەزار چەکداری دژی حووسییەوە گەمارۆ دراون". لە کاتێکدا بەشێکی زۆری

# ...وای سووریا لەسەر لێواری شەڕێکی نوێ

چوارچێوەی ئەو ڕێککەوتنەدا هەرسێ وڵات لەسەر بنکەیەکی چاودێری لە عەممان ڕێککەوتوون، هەروەها ناوچەیەکی دژەشەڕ و دژەفڕینیش دانراوە کە میلیشیاکانی سەر بە ئێران نابێ لێی نزیک ببنەوە و قۆناغ بە قۆناغیش گروپە توندئاژۆ جیهادییەکان لە ناوچەکە دەربکرێن.

## نیگەرانییەکانی ئوردن و ئیسرائیل

ئوردن و ئیسرائیل هەردووکیان هاوسنووری ئەو ناوچەیەن. ئوردن کە ئێستا بەدەست قەیرانی داراییەوە دەناڵێنێ، نیگەرانە لەوەی سەرهەڵدانی شەڕ لەو ناوچەیە لێشاوێکی دیکەی کۆچبەرانی سووری ئاوارەی ئەو وڵاتە بکات. لەلایەکی دیکەشەوە تۆڕی گروپە سەلەفییە جیهادییەکان و میلیشیا شیعەکانی سەر بە ئێران لە ناوچە سنوورییەکانی ئوردن بەهێز ببن.

بەڵام نیگەرانییەکانی ئیسرائیل ڕیشەییترن و تەلەڤیڤ سەرهەڵدانی شەڕ لەو ناوچەیە وەکو مەترسییەکی گەورە بۆ سەر ئاسایشی نیشتمانی و تەنانەت مانەوەی خۆیان سەیر دەکات. ئیسرائیل لە چەند ساڵی ڕابردووی شەڕی نێوخۆی سووریادا بەردەوام ڕایگەیاندووە کە ڕێگە نادات ئێران بنکەی سەربازیی هەمیشەیی لەسەر خاکی سووریا هەبێت، کۆمەڵێک هێڵی سووریشی بۆ ڕژێمی سووریا و ئێران داناوە، یەکێک لەو ناوچانەش کە ئەم هێڵە سوورە دەیگرێتەوە، باشووری ڕۆژئاوای سووریایە. هێرشەکانی چەند مانگی ڕابردووی هێزی ئاسمانیی ئیسرائیل بۆ سەر بنکە سەربازییەکانی ئێران و میلیشیاکانی لە سووریا هەر بۆ جەختکردنەوە لەو هێڵە سوورە بووە.

## سیاسەتی ئەمریکا

بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی هەفتەی ڕابردووی گروپی قەیرانی نێودەوڵەتی، سیاسەتی ئەمریکا لە سووریا لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا هۆکاری لاوازبوونی "ڕێککەوتنی ناوچەی ئارام" بووە. لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا ئەمریکا هاوکارییە نهێنییەکانی بۆ گروپەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سووریا وەستاند کە چەک و هاوکاریی دارایی لەخۆدەگرت، هاوکاریی مرۆیی ئەمریکا بۆ ناوچەکەش سڕکراوە. ئەم بڕیارە بەرەی ئۆپۆزیسیۆن لە باشووری ڕۆژئاوای لاواز کرد و دەرگای دەستتێوەردانی گروپە جیهادییەکانی وەکو هەیئەی فەتحی شامی لەو ناوچەیە کردەوە.

جیا لەمە ئەمریکا ڕێگەی لە کردنەوەی خاڵی سنووریی نەسیب لە نێوان ئوردن و سووریا گرت، ئەم خاڵە سنوورییە نەک هەر بۆ ئۆپۆزیسیۆنی ئەو ناوچەیە گرنگ بوو، بەڵکو بۆ ئابووریی لەرزۆکی سووریا و ئابووریی قەیراناوی ئوردنیش ڕۆڵی جەوهەریی دەگێڕا. کردنەوەی ئەو خاڵە سنوورییە بۆ هەر سێ وڵاتی بەشدار لە ڕێککەوتنی ناوچەی ئارام وەکو بەرهەمێکی گرنگی ڕێککەوتنەکە سەیر دەکرا، بەڵام بڕیاری کۆشکی سپی بۆ نەکردنەوەی ئەو خاڵە سنوورییە زیانی گەورەی بە هاوپەیمانەکەی واشنتن و سووریای هاوپەیمانی ڕووسیا گەیاند.

## ئێران و ڕووسیا چی دەکەن؟

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی گروپی قەیران، گرتنی ناوچەی باشووری ڕۆژئاوا بۆ هێزەکانی ڕژێم کارێکی سەخت نابێت، بەتایبەتیش ئەگەر هێزی ئاسمانیی ڕووسیا پشتیوانی پێشکەش بکات. بەڵام مۆسکۆ لە یەک ساڵی ڕابردوودا سەرمایەگوزارییەکی زۆری لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ تەلەڤیڤ و عەممان کردووە.

ژمارەیەک بەرپرسی ئیسرائیلی بە گروپی قەیرانیان ڕاگەیاندووە کە ئیسرائیل و ڕووسیا ڕێککەوتنێکی بەراییان کردووە لەسەر ئەوەی هێزەکانی حکومەتی سووریا بگەڕێنەوە باشووری ڕۆژئاوا، بەو مەرجەی ئێرانییەکان و میلیشیا شیعەکان لە ناوچەکە نزیک نەکەونەوە. ڕووسەکان قایلیش بوون بەوەی ڕێگە بە ئیسرائیل بدەن ئازادانە ئاسمانی سووریا بۆ لێدانی بنکە سەربازییەکانی ئێران و حیزبوڵڵا بەکاربهێنێ.

چاوەڕێ دەکرێ ڕووسیا هەموو هەوڵی خۆی بخاتە گەڕ بۆئەوەی ئێرانییەکان لە ئۆپەراسیۆنەکەدا بەشداری نەکەن، هەرچەند ئێرانییەکان خۆیشیان باسیان لەوە کردووە کە هێز ڕەوانەی ئەو ناوچە سنوورییە هەستیارە ناکەن. بیلال سەعب، لێکۆڵەر لە پەیمانگای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە ئەمریکا، لە ڕاپۆرتێکدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئێران سێ بژارەی لە سووریا لەبەردەستە: یەکەم: داوای ڕووسیا بۆ بەشدارینەکردن لە ئۆپەراسیۆنی گرتنەوەی درعا و قونتەرییە لە باشووری ڕۆژئاوای سووریا پشتگوێ بخات و بەدزییەوە و لەناو هێزەکانی سووریادا میلیشیای شیعە ڕەوانەی ناوچەکە بکات، ئەم بژارەیە کەلێنی گەورە لە پەیوەندییەکانی تاران و مۆسکۆ لە سووریا دروستدەکات و تەنانەت مەترسیش لەسەر دەستکەوتەکانی ئەسەد دەهێنێتە ئاراوە، لە هەموو ئەم ئەگەرانەش بەهێزتر شەڕی ڕاستەوخۆی نێوان ئیسرائیل و ئێرانە.

دووەم: هێزەکانی نزیک لە خۆی بەتەواوەتی لەو ناوچەیە بکێشێتەوە و ڕوو لە ناوچەی دیکەی سووریا بکەن. بیلال سەعب پێیوایە ئەم بڕیارە بۆ ماوەیەک تووڕەیی ئیسرائیل دادەمرکێنێ، بەڵام لەدرێژخایەندا جارێکی دیکە ئەگەری شەڕی نێوان هەردوو وڵات سەرهەڵدەداتەوە.

بژارەی سێیەمیان بریتییە لە هەوڵدان بۆ دروستکردنی گروپێکی بەهێزی هاوشێوەی حیزبوڵڵای لوبنان لە سووریا. ئەم بژارەیە ئەگەری جەنگی نێوان ئێران و ئیسرائیل ناهێڵێ، بەڵام ڕێگەی ئەوەش لە ئێران دەگرێ بنکەی سەربازیی جێگیری لە سووریا هەبێ.




...ستکەوتی ئابووری بۆ ڕووسەکان هەبووە، بەڵام دەستکەوتە سیاسییەکەی زۆر سنووردارە

چاوی لەدەستی ئەمریکا نەبووە. بەڵام شارەزایان پێیانوایە هەموو ئەو جۆرە نزیکبوونەوانە لە ڕووسیا بۆ دروستکردنی گوشارە لەسەر ئەمریکا.

یووری باریمان، ڕاوێژکارێکی ئەمنیی ڕووسیا و شارەزای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، لەمبارەیەوە دەڵێت: "زۆر وڵاتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست سەرمایەگوزاریی سنووردار لە پەیوەندییەکانی خۆیان و ڕووسیادا دەکەن، تەنیا بۆ ئەوەی بە ئەمریکییەکان بڵێن ئەگەر فڵانە بەرژەوەندیمان نەپارێزی، ئەوە داوا لە ڕووسیا دەکەین بیپارێزێ". باریمان دەشڵێت:"هەموو ئەو وڵاتانە زۆر بە باشی دەزانن نفووزی ڕووسیا لە ناوچەکەدا زۆر سنووردارە".

# ئەنجوومەنی هاریکاریی کەنداو هەڵدەوەشێتەوە؟

**ڕووداو- هەولێر**

لە هەفتەی یەکەمی مانگی حوزەیراندا، سعودیە و ئیماراتی عەرەبی یەکەم کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی هاوئاهەنگی سعودیە و ئیماراتیان سازدا، پێکهێنانی ئەم ئەنجوومەنە نوێیە لە لایەکەوە گوزارشت لە دروستبوونی درزی گەورە لە پەیوەندییەکانی نێوان وڵاتانی کەنداو دەکات و لەلایەکی دیکەشەوە ئاماژەیە بۆ ئەوەی گۆڕانی گەورە لەو واقیعە سیاسی و ئەمنییەدا دروستبووە کە لە سەرەتای هەشتاکاندا دامەزراندنی ئەنجوومەنی هاریکاریی کەنداوی کرد بە زەروورەتێک.

ئەنجوومەنە نوێیەکە لە بنەڕەتدا بیرۆکەی محەممەد بن سەلمان، شازادەی جێنشینی پاشای سعودیە و محەممەد بن زاید، شازادەی جێنشینی پاشای ئیماراتە. هەردوو شازادەکە لە یەک ساڵی ڕابردوودا سیاسەتی توندیان بەرامبەر ئێران و قەتەر و هەموو ئەو لایەنانە گرتووەتەبەر کە دەکەونە ناو بازنەی دۆستایەتی ئەم دوو وڵاتەوە.

سیمۆن هێندەرسن، شارەزای کاروباری کەنداو لە پەیمانگای واشنتن، پێیوایە ئەنجوومەنە سعودی و ئیماراتییەکە "زەنگی مردن"ی ئەنجوومەنی هاریکاریی کەنداوە کە لە شەش وڵات پێکدێت.

ئەنجوومەنی هاریکاریی کەنداو (GCC) کە ساڵی 1981 دامەزراوە، هەموو وڵاتە عەرەبییەکانی کەنداو لەخۆدەگرێت جگە لە عێراق. ئەنجوومەنەکە لە بنەڕەتدا بۆ پاراستنی وڵاتە عەرەبییەکانی کەنداو بوو لە ئاگری شەڕی ئێران و عێراق.

لە دەیەی ڕابردوودا چەند هەوڵێک بە دەستپێشخەریی سعودیە هەبووە بۆ ئەوەی ئەنجوومەنی هاریکاریی کەنداو بۆ "یەکێتیی کەنداو" بگۆڕێت. گەورەترین نموونەی ئەو هەوڵەش لە 2011 بوو کاتێک ریاز لە ترسی ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبی و فراوانبوونی بازنەی نفووزی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست پێشنیازی پێکهێنانی ئەو یەکێتییەی کرد کە بیرۆکەکەی لەسەر بنەمای بیرۆکەی "یەکێتیی ئەورووپا" دانرابوو. ئەو کات ئیمارات، کوێت و عوممان بەهۆی لاوازبوونی سەروەریی وڵاتەکانیان دژی پێشنیازەکە بوون.

بەڵام کێشەی پێکهێنانی یەکێتیی کەنداو لەوە قووڵتر بوو تەنیا لە کێشەی پاراستنی سەروەریدا کورت بکرێتەوە. هەرچەندە هەموو وڵاتانی ئەندامی ئەنجوومەنی هاریکاریی کەنداو پاشایەتین، بەڵام سێ فۆرمی جیاوازی پاشایەتی لەو وڵاتانەدا پەیڕەو دەکرێت، جیاوازیی نێوان فۆرمەکانیش ئاستەنگی گەورە بۆ نزیکبوونەوەی زیاتری کەنداوییەکان دروست دەکات.

کوێت، قەتەر و بەحرەین سیستەمی پاشایەتی دەستوورین، لەکاتێکدا سعودیە و عوممان سیستەمی پاشایەتی ڕەها پەیڕەو دەکەن و ئیماراتی عەرەبی بەپێی سیستەمی پاشایەتی فیدراڵی بەڕێوەدەبردرێت کە تێیدا حەوت ئیمارەتی خاوەن دەسەڵاتی فیدراڵ هەن و هەرکامیان بە سیستەمی پاشایەتی ڕەها بەڕێوەدەچن. ئەو کات زۆربەی وڵاتانی کەنداو نیگەرانی ئەوە بوون بەهۆی دروستبوونی ئەو یەکێتییەوە شوناسی سیاسی و ئیداری خۆیان لەدەست بدەن. ساڵی 2011 حکومەتی کوێت ڕایگەیاند، ناکرێ یەکێتییەکی قووڵ لە نێوان کۆمەڵێک وڵاتدا پێکبهێنرێ کە ئاستی جیاوازی کرانەوەی سیاسی و کولتووری و ئیدارییان هەیە. جیا لەمەش پێکهاتە و تایبەتمەندی و سەرچاوەی جیاوازی ئابووری و پێگەی جیۆپۆلیتیکی وڵاتانی ئەندامی ئەنجوومەنەکە وایکردووە هەرکام لە وڵاتەکان پەیوەندیی دیپلۆماسی جیاوازیان لەگەڵ ئێراندا هەبێت.

لە چوار دەیەی ڕابردوودا ئەنجوومەنی هاریکاریی کەنداو ئامانجە سەرەکییەکانی خۆی پێکاوە، لەلایەکەوە هیچ وڵاتێکی ئەنجوومەنەکە نەکەوتووەتە ژێر هەژموونی سیاسەتەکانی ئێران، هەروەها ئەنجوومەنەکە ڕۆڵی گەورەی لە پرۆسەی ئازادکردنی کوێت لە 1991 و هەوڵەکانی هەڵسانەوەی حکومەتی ئەو وڵاتەدا هەبوو.

بەڵام واقیع و پێویستیی ستراتیژیکی نوێ لە کۆی ناوچەکەدا هاتووەتە ئاراوە کە کۆمەڵێک هۆکاریان لە پشتە، لەوانەش بەهاری عەرەبی، سەرکەوتنە یەک لەدوای یەکەکانی تاران لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، بەهێزبوونی گروپە ئیسلامییە سوننەکانی وەکو ئیخوان موسلیمین (کە قەتەر پشتگیریان دەکات و دژی سیستەمی پاشایەتی ڕەهان) و گروپە توندئاژۆ سوننەکانی وەکو قاعیدە و داعش (کە لە شەڕە نێوخۆییەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بەهێزبوون).

> **ئەنجوومەنی سعودی و ئیماراتی "زەنگی مردن"ی ئەنجوومەنی هاریکاریی کەنداوە**

لە سەرووی هەموو ئەمانەشەوە، لە یەک ساڵی ڕابردوودا قەیرانی پەیوەندییە دیپلۆماسی و بازرگانییەکانی قەتەر لەگەڵ وڵاتانی کەنداو هاتووەتە ئاراوە کە هیچ ئاسۆیەک بۆ چارەسەرکردنی بەدی ناکرێت. لەم ناکۆکییە قووڵەدا کوێت و عوممان بە بێلایەنی ماونەتەوە، بەڵام سعودیە، ئیمارات، بەحرەین و تەنانەت میسریش قۆڵیان لە ملەکچکردنی قەتەر بەرامبەر بە داواکارییەکانی خۆیان هەڵماڵیوە.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی ئامانجی بنەڕەتیی دامەزراندنی ئەنجوومەنی هاریکاریی کەنداو بەرەنگاربوونەوەی ئیسلامی سیاسی شیعیی ئێران بووە، کەلێنی دیپلۆماسیی ئێستای کەنداو هەلێکی گەورەش بۆ ئێران دەڕەخسێنێ تاوەکو لە غیابی هەڵوێستێکی یەکگرتووی کەنداودا پەرە بە سیاسەتە فراوانخوازییەکەی خۆی لە ئەفغانستانەوە بۆ کەنارەکانی دەریای نێوەڕاست بدات.

سعودیە و ئیمارات نیوەی دانیشتووانی وڵاتانی ئەندامی ئەنجوومەنی هاریکاری پێکدێنن و دوو بەهێزترین وڵاتی ناو ئەنجوومەنەکەشن. بناغەی ئەنجوومەنە نوێیەکە لە مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ڕابردوو دانرا، کاتێک ڕۆژێک پێش کۆبوونەوەی لوتکەی (GCC)، شێخ خەلیفە بن سوڵتان، سەرۆکی ئیمارات دامەزراندنی ئەنجوومەنەکەی ڕاگەیاند.

پێکهێنانی ئەم هاوپەیمانێتییە نوێیە کە ماوەی پێنج ساڵ بۆ جێبەجێکردنی هەموو خاڵەکانی دانراوە، ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ ئەوەی سعودی و ئیماراتییەکان گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی ئەنجوومەنی هاریکاریی کەنداو کە زیاتر لەسەر بنەمای زمان و کولتوور و ناوچەی جوگرافیی هاوبەش دامەزراوە، چیدی ناتوانێت لە بواری سەربازی و ئەمنی و سیاسیدا ئامانجەکانی هەرکام لەو دوو وڵاتە بپێکێت، بەتایبەتیش لەو قۆناغەی ئێستا کە بەهۆی کێشەکانی قەتەرەوە ئەگەری ڕێککەوتن لەسەر نەخشەڕێگەیەکی هەمەلایەنە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئێران مەحاڵە، بۆیەش پێکهێنانی ئەنجوومەنێکی دوولایەنەی سعودی- ئیماراتی لەسەر بنەمای بەرژەوەندی ستراتیژیی ناوچەیی لە ڕوانگەی هەردوو شازادە گەنجەکەوە، حاشاهەڵنەگرە.

بڕیارە مانگی ئەیلول و لە کەمپ دەیڤدی ئەمریکا، ئەندامانی ئەنجوومەنی هاریکاریی کەنداو لەگەڵ دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا کۆببنەوە. چاوەڕێ دەکرێ ئەو کۆبوونەوەیە ئەگەر نەتوانێت کێشەکەش چارەسەر بکات، ئەوە بتوانێت بەئاراستەیەکیدا ببات کە شیاوی ئیدارەکردن بێت. هێندەرسن بە دووری دەزانێ لە دۆخێکی سیاسی و دیپلۆماسی وەکو ئێستای کەنداودا، وڵاتانی ئەندامی (GCC) بتوانن لەسەر بەشداریکردن لەو کۆبوونەوە لوتکەیەشدا ڕێکبکەون، بڕیارێک کە لە ساڵانی ڕابردوودا ئاسانترین بڕیار بوو.



کەلێنی دیپلۆماسیی ئێستای کەنداو هەلێکی زێرینی بە ئێران بەخشیوە

# ...ـەن دەگۆڕێ

دانیشتووانی شارەکەش دژی حووسییەکانن، بەتایبەتیش دوای ئەوەی لە کانوونی یەکەمی 2017 عەلی عەبدوڵڵا ساڵح، سەرۆکی پێشووی یەمەن، لەلایەن حووسییەکانەوە کوژرا.

ئەنوەر قەرقاش، وەزیری دەرەوەی ئیمارات، پاش کۆنترۆڵکردنەوەی فڕۆکەخانەی حودەیدە بە ئاژانسی (ڕۆیتەرز)ی ڕاگەیاند، پلانیان ئەوەیە بازنەی گەمارۆ لەسەر حووسییەکان بەرتەسک بکەنەوە، بەڵام هیچ وردەکارییەکی نەخستەڕوو. ئیماراتی عەرەبی ڕۆڵی سەرەکیی هەبووە لە ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی حودەیدەدا. بۆ ئەم ئۆپەراسیۆنە ئیمارات هێزێکی لە لایەنگرانی سەرۆکی یەمەن، لایەنگرانی سەرۆکی پێشووی وڵاتەکە و تەنانەت جوداخوازەکانی یەمەنیش پێکهێناوە، بۆیە ئیماراتییەکان نیگەرانن لەوەی درێژەکێشانی شەڕەکە ناکۆکی لەناو هاوبەشە یەمەنییەکانیدا دروست بکات.

نایتس دەڵێت پێش گەیشتنی هێزەکانی هاوپەیمانان بۆ حودەیدە، کۆمەڵێک فاکتەر هەن کە ئیماراتییەکان نیگەران دەکەن، گرنگترینیان خێرایی ئۆپەراسیۆنەکەیە، خاڵی دووەم ئەوەیە ئاخۆ بەندەرەکە و کاناڵە ئاوییەکان بۆمبڕێژ کراون یان نا، ئەگەر ئەم ناوچانە بۆمبڕێژکرابن، ئەوە ئەرکی هاوپەیمانی لە قۆناغی دوای کۆنترۆڵکردنەوەی بەندەرەکە سەخت دەبێت، چونکە بەربەستی گەورە بۆ هاتوچۆی کەشتییەکان دروستدەکات. خاڵی سێیەمیش ئەوەیە لە ماوەی شەڕەکاندا هاریکارییە مرۆییەکان دەتوانن لەو ئاستەدا بن کە لە ماوەی ئۆپەراسیۆنەکاندا خەڵکی یەمەن تووشی قاتوقڕی زیاتر نەبن.

کۆنترۆڵکردنەوەی بەندەری حودەیدە نەک هەر شادەماری دارایی حووسییەکان دەبڕێ، بەڵکو ڕێگەیەکی سەرەکیی گواستنەوەی چەک و پێداویستییە سەربازییەکانی ئێرانیش بۆ حووسییەکان دەپچڕێنێ، بەتایبەتیش ئەو مووشەکە دوورهاوێژانەی لە یەک ساڵی ڕابردوودا حووسییەکان بۆ لێدانی جومگە ئابووری و سیاسییەکانی سعودیە بەکاریان هێنابوون. وەکو نایتس دەڵێت، کۆنترۆڵکردنەوەی ئەو بەندەرە لەمپەرێکی گەورە دروست دەکات "تاوەکو حووسییەکان نەبن بە حیزبوڵڵایەکی دیکە لە دیوی باشووری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست".

بروس ریدڵ، شارەزای کاروباری هەواڵگری و سەربازی لە پەیمانگای بروکینگزی ئەمریکی، پێیوایە "تەنانەت ئەگەر حووسییەکان دواجار حودەیدەش لەدەست بدەن، شەڕی یەمەن هەر بەردەوام دەبێت". لە کاتێکدا حووسییەکان تاوەکو ئێستاش ناوچە شاخاوییەکانی باکووری ڕۆژئاوای یەمەنیان بەدەستە کە شەڕ لێیان قورسترە لە ناوچە دەشتاییەکانی دیکەی یەمەن.

پرسیارێک کە بۆ دوای کۆنترۆڵکردنەوەی حودیدە دەمێنێتەوە، ئەوەیە ئاخۆ ئیماراتی و سعودییەکان دەتوانن "سەرکەوتنی حودەیدە" بکەن بە سەرەتایەک بۆ دەستپێکردنەوەی دیالۆگی نیشتمانی لە نێوان لایەنە ناکۆکەکان؟ ریدڵ پێیوایە بۆ ئەم ئامانجەیان پشتگیری نێودەوڵەتی و زلهێزەکانی جیهان پێویستە، بەڵام قووڵبوونەوەی ناکۆکییەکانی نێوان ئەمریکا و زلهێزە ئەوروپییەکان دەتوانێ بەربەستی گەورە بێت لەبەردەم ئەو هەوڵەدا.




عارف قوربانی

arifqurbany@yahoo.com


# ڕێگەی گەیشتنەوە بە کەرکووک

کەرکووک بە حوکمی خەسڵەتە تایبەتییەکەی کە لە کۆنەوە شارێکی فرەڕەنگی ئایینی و ئیتنیکی بووە، وەک هەر شارێکی تری هاوشێوەی لەم کۆمەڵگایانەی ڕۆژهەڵاتدا هەڵگری کۆمەڵێک کێشەی تایبەت بەخۆی بووە، بەڵام بەهۆی کێشەگەلێکی زۆریش لە نێوان کورد و دەوڵەتی عێراق، کەرکووک جیاواز لە کێشەکانی تایبەت بەخۆی، بووە بە ناسنامەی کێشەیەکی گەورەتر کە ئەویش کێشەی کوردە لە عێراق. واتا پرسی کەرکووک بووە بە قەزییەی کورد لە عێراق.

بە درێژایی سەرهەڵدان یان دروستبوونی ئەم کێشەیەش کەوا نزیک دەبێتەوە لە سەدەیەک، کێشەکانی تایبەت بە کەرکووک کاریگەرییان خستووەتە سەر مەسەلەی کورد، هەروەک کێشەی کوردیش لە عێراق ڕاستەوخۆ کاریگەریی هەبووە لەسەر کێشە تایبەتەکانی کەرکووک. ئەم تێکەڵبوونە لە کێشەکان و وابەستەبوونیان بەیەکترییەوە، ڕێگاکانی چارەسەری بۆ کێشەکانی تایبەت بە کەرکووک و بۆ کێشەی کوردیش لە عێراق ئاڵۆز کردووە. هەردوو لایەنی تەرەفی کێشەکەش هەمیشە کەرکووکیان وەک کارتێکی بەهێز بینیوە لە ململانێ گشتییەکەی نێوانیاندا.

بۆیە دەبینی لە هەر دۆخێکدا کورد یان عەرەب هەر کامیان هەژموونی بەسەر کەرکووکدا زاڵ بووبێت، هەوڵی ئەوەی داوە لە کێشەکانی تایبەت بە کەرکووکەوە قورسایی خۆی بخاتە سەر کێشەکانی نێوان کورد و بەغدا. لە 16ی ئۆکتۆبەرەوە هاوکێشەکانی کەرکووک بە قازانجی عەرەب گۆڕاون، دەبینی بەغدا قورسایی زۆری خستووەتە سەر کەرکووک و بە لاوازکردنی هەژموونی کورد لە کێشەکانی تایبەت بە کەرکووک، دەیەوێ پێگەی کەرکووک لەسەر کێشەی کورد لە عێراق لاواز بکات.

ئێستا کەرکووک وەک شارێکی ئاسایی لە پرۆسەی بەڕێوەبردن و هەستکردن بە پێکهاتەکان، کورد هەست بە کەمی و لاوازی دەکات لە بەرانبەر عەرەب و تورکمان، هەرچەندە لە ڕووی ژمارەوە کورد بە جیا جیا زۆر لەوان زیاتر و پێکیشەوە ئەوان بە هەردوولایان بە ئەندازەی کوردن. بەهۆی نەمانی هەژموونی کوردەوە لە کەرکووک، ئێستا کورد لەسەر ئاستی ململانێ گشتییەکەشی لەگەڵ بەغدا لاوازە. ڕێگەی بەهێزبوونەوەی لەو هاوکێشەیەدا بە کەرکووکدا تێپەڕ دەبێت، تا کورد لە کەرکووک بەهێز نەبێتەوە، لەململانێی لەگەڵ بەغدا بە لاوازی دەمێنێتەوە.

کورد نە لە هەولێر و نە لە بەغداوە ناتوانێ پێگەی خۆی لە کەرکووک بەهێز بکاتەوە، بۆ ئەوەی لە کەرکووک بەهێز بێت، دەبێ دەستی بگاتەوە بە کەرکووک. ڕێگەی گەیشتنەوەش بە کەرکووک پێویستی بە پلان و بەرنامەیەکی هەمەلایەنەی کوردانە هەیە، وەک ستراتیجێک کە هەموو هێزە سیاسییەکانی کورد پێوەی پابەند بن، نەک بەم شێوەیەی ئێستا کە هەر هێزە و لە ئاوازێک دەخوێنێت. ئەم پەرتەوازەییەی ئێستای کەرکووک و ئەو سەنگەربەندییەی هێزە کوردییەکان لە یەکتری، نەک دەستی کورد ناگەیەنێتەوە بە کەرکووک، بگرە دەستی بە یەکجاری لە مەسەلەی کەرکووک بەردەدات.

لە دوای ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەری 2017 وە تا 20ی کانوونی یەکەمی 2018، پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق و ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک، دەکرا کورد وەک دەرفەتێک بیانبینێت بۆ خولێکی تری سیاسەتکردن لە کەرکووک و بیانکات بە ئامراز یان ڕێگەی گەیشتنەوەی بە کەرکووک. بەڵام ئەوەی لە پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق و بەتایبەت لە کەرکووک بینیمان، ئاماژەی دڵخۆشکەر نین بەوەی کورد دووربینانە لە کەرکووک بڕوانێت. چ بەهۆی ناکۆکی و ململانێی ناوخۆییەوە نەتوانرا کورد یەک لیست یان یەک هەڵوێستی هەبێ لە چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم بارودۆخەی کەرکووکدا. هەروەها ئەنجامی پرۆسەکە و مامەڵەکردنەکانی دوای پرۆسەکە، ڕۆڵ و پێگەی کوردیان لە دەستڕاگەیشتنەوە بە قەزییەی کەرکووک، لاوازتر کرد.

هیچ لایەنێکی کوردی بە تەنها بەرپرس نییە لەوەی بەسەر کەرکووک هاتووە، هەروەها هیچ لایەنێکیش بە تەنها ناتوانێ باری کورد لە کەرکووک ڕاست بکاتەوە، هەر لایەنە و بەشێکی بەرپرسیارێتی دەکەوێتە ئەستۆ لە شکست و لە هەستانەوەش.

(ی.ن.ک) گەمەیەکی باشی کرد لەوەی پێش هەڵبژاردنەکان گوشاری خستە سەر بەغدا کە ئەگەر پێگەی کورد لە هەڵبژاردن بە پارێزراوی نەهێڵدرێتەوە، دەچێتە پاڵ بایکۆتەکەی پارتی و بە ڕێگەی تر هاوکێشەکە رادەگرن. بەڵام یەکێتی لەوەدا کورتبینانە مامەڵەی کرد کە ژمارەی کورسییەکانی کوردی تەنها بە کاندیدەکانی حیزبەکەی خۆی بەخشی، ئەمەش زەمینەی ناکۆکی و ململانێکانی نێوماڵی کوردی قووڵتر کردەوە و کاریگەرییە خراپەکانی لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک دەردەکەون ئەگەر چارەسەری بۆ نەدۆزرێتەوە.

دەرفەتی یەکەم لەدەستچوو کە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بوو، دەکرا کورد وەک کارتێکی بەهێز بەکاری هێنابا و نەیکرد. ئێستا لەبەردەم دەرفەتێکی تردایین کە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگایە لە کەرکووک. بەپێی یاسا کارپێکراوەکانی تایبەت بە ئەنجوومەنی پارێزگاکان، لە دوای ئەم هەڵبژاردنەوە ئیدارەی کەرکووک دەسەڵاتێکی فراوانتری دەبێت لەچاو رابردوو، بۆ کورد هەڵبژاردنێکی زۆر گرنگتر و چارەنووسسازترە لە هەڵبژاردنەکانی رابردوو، چ بەهۆی ئەو دۆخە تایبەتەی ئێستای پێگەی کوردەوە لە کەرکووک و هەروەها بەهۆی لاوازیی پێگەی کوردیشەوە لە بەغدا.

دەکرێت ئەم هەڵبژاردنە بۆ ڕاستکردنەوەی هەردوو هاوکێشەکەی کورد لە کەرکووک و کورد لە عێراق بەکارببرێت و بەهۆیەوە کورد ببێتەوە بە بەشێکی گرنگ و بەهێزی کێشەکان. بەڵام نابێ ئەوە لەبیر بکرێت بە هەمان ئەندازە بۆ تورکمان و عەرەبیش هەڵبژاردنێکی چارەنووسسازە، ئەوان لە کورد زیاتر بە پلان کاردەکەن و لە کوردیش زیاتر خاوەنیان هەیە، دوور نییە توانا و هەڵوێستەکانیان یەکبخەن بۆ ئەوەی بتوانن ئیدارەی داهاتووی کەرکووک بگرنە دەست، یان وابکەن بێ مەرجەکانی ئەوان نەتوانرێت ئیدارە پێکبهێنرێت.

کورد پێویستی بەوەیە لە مەسەلەی کەرکووکدا یەک هەڵوێست و یەک ئیرادە بێت، هەڵەکانی ڕابردوو هەموو دیارن و دەبێت کەڵکیان لێ وەربگیرێت کە دووبارە نەکرێنەوە. ئەمەش پێش هەر شتێک هەستکردن بە بەرپرسیارێتی نەتەوەیی و نیشتمانی دەخوازێت کە جێگەی داخە ئێستا لەناو هێز و کارەکتەرە سیاسییەکاندا ئەم هەستە لاواز بووە.

کورد بەگشتی لەسەر ئاستی هەرێمایەتی لەبەردەم گەلەکۆمەکێ و پیلانی مەترسیدارادایە، دەوڵەتانی سەردەستەی ناوچەکە کە کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە، هەموو کێشە و ناکۆکییەکانی خۆیان بەلاوەناوە و لەسەر مەسەلەی کورد و سەرکوتکردنی، یەک هەڵوێستن. پێویستە کوردیش لانیکەم لەسەر پرسە نەتەوەیی و چارەنووسسازەکان خاوەن یەک ستراتیژ بێت، کەرکووک بەم دۆخەی ئێستایەوە و لەم قۆناغەدا لە ئەولەوییەتی پرسە گرنگ و چارەنووسسازەکانی میللەتەکەماندایە. بۆیە دەبێ هەر ڕێگایەک بمانگەیەنێتەوە بە کەرکووک، ئەو ڕێیە بگرینە بەر کە بۆ ئەمڕۆ جگە لە یەکهەڵوێستی، هیچ ڕێگەیەکی دیکە نییە.




زوبێر ڕەسوڵ

دکتۆرا لە زانستە سیاسییەکان، زانکۆی ئێکستێر


# هۆکارەکانی پشت لەشکرکێشیی تورکیا بۆ سەر قەندیل

ئەگەرچی کرانەوە بەڕووی جیهانی ئیسلامیدا تا ئێستا کۆمەڵێک کێشەی بۆ تورکیا خولقاندووە بە تایبەتی دوای سەرهەڵدانی ئەوەی پێی دەگوترێت بەهاری عەرەبی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تورکیا توانیویەتی زۆربەی ئەو کێشانە بەرلەوەی ببنە مەترسیی گەورە لەسەر ئاسایشی خۆی، لە بەرژەوەندیی خۆی یەکلایی بکاتەوە. بە تایبەتیش پاش ئەوەی ئانکەرە بەبێ ڕەچاوکردنی ڕەزامەندیی هەریەکە لە ئەمریکا و عێراق و ئێرانیش، توانی بێتە ناو خاکی عێراق و سووریاوە. هەر لە کردنەوەی کەمپی سەربازییەوە لە بەعشیقە و دواتریش بۆردومانی شەنگال، تا دواجار خۆی لە لەشکرکێشیەکەی سەر عەفرین بینییەوە، ئەمە لە کاتێکدا بوو کە هێزەکانی سووریای دیموکرات تاکە هێزی دەستی ئەمریکا بوو لە گۆڕەپانی سووریا و شەڕ لە دژی داعش. بەڵام تورکیا بەبێ گوێدانە کۆمەڵێک حساباتی سیاسی و سەربازی، توانی شوێنپێی خۆی لەسەر گۆڕەپانی جەنگی نێوان هێزە نێودەوڵەتی و هەرێمییەکان بکاتەوە و ئەمریکا ناچار بکات کە داوا لە هێزەکانی سووریای دیموکرات بکات مەنبج بەجێبهێڵن. دەتوانین بڵێین ئەم ڕووداوانە هەموویان پاڵنەر بوون بۆ ئەو لەشکرکێشیەی کە ئێستا تورکیا بۆ سەر قەندیل ئەنجامی دەدات، ئیتر هەر لەو کاتەوە تورکیا گەیشتە ئەو باوەڕەی کە ئەم ئەزموونە دەکرێت لە قەندیلیش دووبارە بکرێتەوە. بەڵام ئەوەی ئاماژەمان بۆ کرد، تەنیا نیوەی هاوکێشەکەیە و فاکتەری دیکەی سەرەکیتر هەن بۆ ئەو لەشکرکێشەی دەوڵەتی تورک بۆ سەر قەندیل کە دەتوانین لە چەند تەوەرێکدا کورتیان بکەینەوە.

کێبڕکێی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی و پارلەمانی لە تورکیا کە یەکشەممەی ڕابردوو بەڕێوەچوو، یەکێک بوو لەو فاکتەرە سەرەکیانەی کە تەکانێکی تری دا بە ئەردۆگان بۆ ئەوەی دەنگی بەرزتر بێت بەسەر ڕکابەرەکانیدا. چونکە پێشتریش هەریەکە لە لەشکرکێشیەکەی تورکیا بۆ سەر قوبرس لە ساڵی 1974 و هەروەها دەستگیرکردنی سەرۆکی پارتی کرێکاران عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە 1999 ، دەسکەوتی زۆریان هەبوو بۆ پارتە فەرمانڕەواکان بۆ ئەوەی سەرنجی دەنگدەری تورکی پێ ڕابکێشن.

وەزیری ناوخۆی تورکیا سلێمان سۆیلو لە دووی ئەم مانگە گوتی کە هێزەکانیان "بە قووڵایی 30 کیلۆمەتر چوونەتە باکووری عێراقەوە و بەرەو قەندیل دەڕۆن". ئەردۆگانیش لە کاتی کەمپینی هەڵبژاردنەکان لە ئامەد گوتی: "نۆرەی قەندیلیش دێت". هەڵبەتە بەپێی چەند ڕیپۆرتێکی ڕۆژنامەوانی، هێزە سەربازییەکانی تورکیا چەند مانگێکە لەناو سنووری عێراق خەریکی ئامادەکارین بۆ ئەو ئۆپەراسیۆنە، بە تایبەتی لە ناوچەکانی سیدەکان و خواکوڕک، ئامانجیشیان کردنەوەی ڕێڕەوێکە بۆ هێرشکردنە سەر قەندیل.

لەشکرکێشیی تورکیا بۆ سەر قەندیل هەرچەندە دەمێکە لە گوتاری سیاسی ئاکپارتی و ئاردۆگاندا ئامادەیە، بەڵام پێناچێت ئامادەکارییەکی هەرێمی بۆ کرابێت، چونکە ئەنجامدانی هەر ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی بۆ سەر پێگەکانی پارتی کرێکاران لە جوگرافیایەکی سەختی وەک قەندیلدا، هەماهەنگیی حکومەتی هەرێم و ئێران و عێراق و ئەمریکاشی دەوێت ئەگەرنا ئەستەمە سەرکەوتوو بێت. هەر بۆیە وەزیری دەرەوەی تورکیا تەئکیدی لەسەر ئەو هەماهەنگیە هەرێمیە کردەوە و ئاماژەی بەوە دا کە هەر ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی بۆ سەر قەندیل بە تەنسیق لەگەڵ چوار جەمسەری سەرەکی: ئەنکەرە، واشنتن و بەغدا و هەولێر دەبێت، بەتایبەتی لەڕووی هەواڵگرییەوە، بەڵام لە واقیعدا پێناچێت ئەو هەماهەنگیە هەرێمیە هەبێت.

هۆکارێکی تری پشت ئەو ئۆپەراسیۆنە سەربازییە ئەوەیە کە تورکیا پێیوایە هێزەکانی پەکەکە شکستیان هێناوە لە بنیاتنانی هەرێمێکی خۆسەری لە "باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا" و زیانی گیانیی زۆریشیان هەبووە، بۆیە ئەستەمە بەرگەی ئەو هەموو گوشارە سەربازییە بگرن لە قەندیل. هەرچەندە ئەمە بە تەواوی ڕاست نییە چونکە بەشێکی زۆری هێزەکانی سووریای دیموکرات خەڵکی سووریا بوون و پێموانییە هێزەکانی پارتی کرێکاران بە چەکداری زۆر بەشدارییان کردبێت لە سووریا.

بێجگە لەم هۆکارانەی ئاماژەمان بۆ کردن، لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە کە خەریکە هەماهەنگییەکی تازە لە نێوان ئەمریکا و تورکیا دروست دەبێت لە سووریا. کشانەوەی هێزەکانی سووریای دیموکرات لە مەنبج پێدەچێت سەرەتای دەرکەوتنی ئەو هەماهەنگیە بێت. ئەمەش بەپێی بەشێک لە چاودێرانی سیاسی لەوانەیە بەشێک بێت لەو جموجوڵ و گوشارەی کە ئیدارەی ترەمپ دەیەوێت ئامادەکاری بۆ بکات بۆ دەورەدانی ئێران، بە جۆرێک کە هیچ نەبێت تورکیا ڕازی بکات ئەگەر نەشیەتە ناو بەرەی دژی ئێران، بەڵام بەربەستیش بۆ سیاسەتەکانی ئەمریکا لە ناوچەکە دروست نەکات.

هەڵبەتە ناکرێت ئەوەش نادیدە بگرین کە لەڕووی سیاسی و سەربازیشەوە ئەستەمە ئەم ئۆپەراسیۆنەی تورکیا بۆ سەر قەندیل بتوانێت سەرکەوتوو بێت، تورکیا خۆیشی ئەم ڕاستیە دەزانێت، بەڵام مەبەستی تورکیا ئەوەیە کە ئێستا دۆخی زاتی و بابەتی زۆر لەبارە بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنێکی لەم جۆرە، بە تایبەتی کە ئەمە ڕۆڵی دەبێت لە داڕشتنەوەی ئەو دەسەڵات و دەوڵەتەی ئەردۆگان چەند ساڵێکە دەیەوێت دەستکاری بکات. ئەردۆگان دەیەوێت هەم بە ئیسلامیستەکان و هەمیش بە عەلمانییەکانی تورکیا بڵێت کە ئەو سەرکردەیەکە لەسەر میراتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و بنەماکانی دەوڵەتەکەی ئەتاتورک دەڕوات. ئەمە لەلایەک، لەلایەکی ترەوە تورکیا دەیەوێت هێزەکانی پەکەکە دووربخاتەوە لە سنوورەکانی خۆی و پەرژینێکی سەربازی دروست بکات بۆ ئەوەی بە ئاسانی نەتوانن هێرش بکەنە سەر تورکیا. بەڵام لەڕاستیدا خۆ تورکیا لە ساڵی 1990 ـەوە هێزە سەربازییەکانی لە خاکی هەرێمی کوردستانن و تا ئێستاش نەیانتوانیوە ئەو پەرژینە سەربازییە دروست بکەن، چونکە هێزەکانی پارتی کرێکاران سەرەڕای شارەزاییان لە شەڕی شاخ، بە جۆرێک لە جۆرەکان لەگەڵ کۆمەڵگای هەرێمی کوردستانیش تێکەڵن و خەڵک ئەگەر لە چەند شوێنێکیش دڵگران بن بە وجودیان، بەڵام بەگشتی گەر بێتە سەر هەڵبژاردن لە نێوان سوپای تورک و گەریلاکانی پەکەکە، باوەڕ ناکەم زۆرینەی کوردی باشوور مانەوەی سوپای تورکیایان پێ باشتر بێت لە گەریلا.

لێکەوتەی ئەم ئۆپەراسیۆنە لەسەر هەرێمی کوردستان ئەوەیە کە ئەم لەشکرکێشیە بەهیچ جۆرێک لە بەرژەوەندی ئاسایشی هەرێمدا نییە، بەتایبەت لە کاتێکدا ئەگەر تورکیا بیر لەوە بکاتەوە گروپە ئیسلامییە توندئاژۆکانی سووریا بخزێنێتە ناو ئەو ململانێیە و دواجاریش بیەوێت بیانکات بە جێگرەوەی پەکەکە لە قەندیل، چونکە ئەگەر ڕێککەوتنەکەی تورکیا و ئەمریکا بەتەواوی لە مەنبج جێبەجێ بکرێت، ئەوا تورکیا چیتر ناتوانێت ئەم گروپانە داڵدە بدات و دەبێت دەستیان لێ بەربدات. حکومەتی هەرێم دەبێت بە وریایی ئاگاداری ئەم بیرۆکە دۆزەخیە بێت. هەرچەندە بیرۆکەیەکی لەم شێوەیە تا ئێستا لەئارادا نییە، بەڵام وەک دەڵێن هیچ شتێک لە سیاسەتدا مەحاڵ نییە، بە تایبەتی لەگەڵ هێزێکی وەک تورکیا کە سڵ ناکاتەوە لە گرتنەبەری هەر وەسیلەیەک بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکانی کە خۆی لە لەناوبردنی پارتی کرێکاراندا دەبینێتەوە.




عەبدوڵڵا ڕێشاوی

abdulla.reshawi@gmail.com


# لەبارەی چەکدارکردنی بزووتنەوەی گۆڕانەوە

لەپاش دۆسیەی ساختەکاری لە هەڵبژاردنی 12ی ئایار و، پێشتریش لە پاش دەرکردنی بزووتنەوەی گۆڕان لە حکومەت و پارلەمان لە 12ی ئۆکتۆبەر، لەناوەوە و دەرەوەی ڕیزەکانی ئەم بزووتنەوەیەدا بیرۆکەی چەکدارکردنی گۆڕان سەریهەڵدا.

ئایا ئەمە بیرۆکەیەکی دروستە، یان کاردانەوەیەکی سۆزدارانەی ناستراتیژیی حساب بۆ نەکراوە؟ من لەم نووسینەدا بەکورتی رای خۆم لەسەر ئەمە دەخەمەڕوو.

من یەکێکم لەوانەی کە بەهەموو شێوەیەک دژی چەکدارکردنی بزووتنەوەی گۆڕان و هەر هێزێکی دیکەی ناچەکدارم لە هەرێمی کوردستان. زیاد لەمەش بەپێویستی دەزانم بەهەموو شێوەیەک ئیش بۆ لێدان و هەڵوەشاندنەوەی ئەو فۆرمە چەکدارییەی پارتی و یەکێتی بکرێت و بیر لەوە بکەینەوە چۆن ئەو دوو هێزەش ناچار بە چەکدانان بکەین.

بیرۆکەی چەکدارکردنی هێزەکانی دیکە کە ناوە ناوە سەرهەڵدەدات، لەڕاستیدا هیچ ئاکامێکی نییە جگە لە بەخشینەوەی شەرعییەت بە چەکی پارتی و یەکێتی.

بزووتنەوەی گۆڕان و پارتە سیاسییەکانی دیکەش دەبێت هەموو ڕێگا پارلەمانی و یاسایی و دەستوورییەکان بگرنەبەر بۆ ناچارکردنی پارتی و یەکێتی بە چەکداماڵین، نەک بیر لەوە بکەنەوە چۆن وەک ئەوان چەکدار بن.

بۆ نموونە دەبێت پارلەمان و کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردن بۆ ئەم مەبەستە بەکار بهێنن، واتە پێویستە کۆمیسیۆن بەو ئاراستەیەدا بڕوات کە مەرجی وەرگرتنی ناوی قەوارەکان بۆ هەڵبژاردن ببەستێتەوە بە ناچەکداریی ئەو هێزانە.

یەکێک لە کورتبینییەکانی بیرکردنەوە لە چەکدارکردنی بزووتنەوەی گۆڕان ئەوەیە کە ئەم ئارگۆمێنتە دێت و "چەمکی هێز" لە چەکدا کۆدەکاتەوە، لەکاتێکدا دەکرێت هێز لە دەرەوەی چەکەوە بێت.

دروستکردنی دەیان و سەدان کادیری دڵسۆز و خۆبەخش و دیموکراتخواز، یەکێکە لەو مەجالی ئیشکردنانەی کە یەک دنیا "هێز "پاوەر" دەبەخشێتە هەر هێزێکی سیاسی.

ئەمە ئەو مەجالەیە کە هێزێکی وەک گۆڕان یان هەر پارتێکی سیاسی دەبێت وەبەرهێنانی تێدا بکات، بەڵام پارت و هێزە سیاسییەکانی هەرێم لەم ڕووەوە مایەپووچن.

مێژوو، بەتایبەتی مێژووی نوێ پڕیەتی لە چیرۆکەکانی سەرکەوتنی هێزی ناچەکدار و مەدەنی بەسەر هێزی چەکدار و سەربازیدا.

ئەسڵەن لە مێژووی نوێدا زۆرینەی ئەو خەباتە چەکدارییانەی بەرامبەر دەسەڵاتە چەکدارەکان سەرپێخراوە، لە ئاکامدا هێزە چەکدارە خەباتگێڕەکان ناچار بوون چەکەکانیان لە پێناوی درێژەدان بە خەباتی خۆیان فڕێدەن.

یەکێکی دیکە لە کورتبینییەکانی دیدگای چەکدۆست، ئەمەیە کە بێ ئەوەی بەخۆی بزانێت، حیزبی سیاسی لە ئامرازەوە دەکات بە ئامانج، واتە ئەگەر خەباتی هێزێکی مەدەنی بۆ ئەوە بێت پرەنسیپەکانی دیموکراسی و ململانێی ئاشتیانە و مەدەنیانە لە وڵاتدا بچەسپێنێت، ئەوا بە چەکدارکردنی ئەم هێزە، خۆبەخۆ هەموو کاری دەبێتە پاراستن و هێشتنەوەی خۆی .

بۆ نموونە هێزێکی وەک گۆڕان دەبێت ببێتە قوربانی لەپێناوی چەسپاندن یان سەلماندنی پرەنسیپەکانی دیموکراسیی ڕاستەقینە، نەک ئەوەی گۆڕان و مانەوەی گۆڕان خۆی ببێتە ئامانج.

کاتێک گۆڕان چەکدار بێت، ئەوا دەتوانێ خۆی بپارێزێت- هەرچەندە ئەمەش لە ڕووی سەربازییەوە گەرەنتیکراو نییە- بەڵام ئەگەر واشبێت، ئەوا ئەم خۆپاراستنە لەسەر هەژماری پرەنسیپە دیموکراتییەکان تەواو دەبێت.

بەڵام ئەگەر گۆڕان وەک هێزێکی مەدەنی بمێنێتەوە، ئەوا دەکرێ گزی و فزی لێبکرێت، دەکرێ دەنگەکانی بەتەواوی هەژمار نەکرێت، دەکرێ لە پارلەمان و وەزارەت دەربکرێت، بەڵام سەرەنجام ئەنجامی هەموو ئەمە خزمەتکردنە بە پرەنسیپە دیموکراسیەکان.

هەندێک دەڵێن ئەگەر گۆڕان چەکدار بووایە لە پارلەمان و حکومەت دەرنەدەکرا، تەزویری لێ نەدەکرا، بەڵام ئەمە خوێندنەوەیەکی سادەیە.

ئەمانە ناپرسن گۆڕان بۆچی دەرکرا؟ هەر لەبەر ئەوە نەبوو کە سازشی لەگەڵ هێزەکەی بەرامبەر نەکرد؟ دەی ئەگەر گۆڕان چەکدار بووایە زۆر زووتر دەبوو سازش بکات، بۆ؟ چونکە دوو هێزی چەکدار جگە لە سازش و ڕێککەوتن، یان شەڕی ناوخۆ هیچ بژاره‌یەکی دیکەیان لەبەردەست نییە. ئەوەی کە گۆڕان ڕێکناکەوێت و شەڕیش ڕوونادات، هی ئەوەیە کە گۆڕان ناچەکدارە.

گۆڕان بۆیە توانی لە 19ی ئابدا لەسەر یاسای سەرۆکایەتی لەگەڵ پارتی سازش نەکات- جا باشی کرد یان خراپ ئەوە مەسەلەیەکی ترە- بەڵام بۆیە توانی "عیناد" بێ، چونکە چەکدار نەبوو.

خۆ ئەگەر بزووتنەوەی گۆڕان چەکدار بووایە، ئەوە جگە لە ئیتیفاق، یان شەڕی ناوخۆ ڕێگەیەکی دیکەی لەبەردەم نەبوو، هەروەک یەکێتی.

هەر ئەم خاڵەیە وا لە یەکێتی دەکات کە لەگەڵ پارتی ئیتیفاقی ستراتیژی بکات، چونکە هەردووکیان دوو هێزی چەکدارن.

هەڵگرانی بیری چەکدارکردنی هێزی ناچەکدار، پێیانوایە ئەم چەکدارکردنە بۆ پاراستنی پرەنسیپە دیموکراتیەکانە، دەڵێن: ئەوان تەزویر دەکەن ئێمە ناهێڵین، ئەوان زوڵممان لێدەکەن ئێمە وەڵامیان دەدەینەوە، لە خۆپیشاندەر دەدەن قبوڵی ناکەین!

ئەم هاوکێشەیە بە قسە ئاسانە، بەڵام بە پراکتیکی تەواو پێچەوانەیە، ئەمە ڕێک کۆتاییهێنانە بە خەباتی مەدەنی و لەڕووی پراکتیکییەوە شەڕی ڕاستەقینەی ناوخۆیە، یاخود لەباشترین حاڵەتدا ڕێککەوتنە لەگەڵ هێزەکەی بەرامبەر و هیچ سپەیسێک بۆ خەباتی مەدەنی نامێنێتەوە.


ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# ئەو شەڕەشیان بە پارتی کرد!

1

بڕیاری دادگای دەستووری لە بەغدا سەبارەت بە هەمواری یاسای هەڵبژاردنەکان وەڵامدانەوەی تانەیەکی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو لە هەمبەر پووچەڵکردنەوەی دەنگی ئاوارە، دەنگی دەرەوە و دەنگدانی تایبەت لە کوردستان و، لەو کەیسەدا پارتی بردییەوە. بەڵام لە ڕاستیدا ئەگەر پارتی نەشیبردبایەوە، زەرەرێکی ئەوتۆی نەدەکرد، بگرە زیانمەندی سەرەکی لەو بڕیارە یەکێتی دەبوو. حیزبەکانی سلێمانی و بەتایبەتیش گۆڕان (بە بیانووی ئەوەی کە دەنگدەرانیان لە دەنگدانی تایبەت بێبەش کراون) بێباکانە پەنایان بردە بەر ورووژاندنی هەستی خەڵکی کوردستان و، لەسەرێکی دیکەشەوە هاوکار بوون لە پێشێلکارییەکی دەستووری کە بریتی بوو لە زەوتکردنی مافی دەنگدەر.

یەکێتی باش دەیزانی کە پارتی ناتوانێ لەو کەیسەدا بێدەنگ بێت، بۆیە لەسەر ئاستی سەرۆکایەتیی کۆمار و بە خۆپێشاندان لە سلێمانی، تانەی لە هەمواری یاساکە دا و کاردانەوەی هەبوو، بەڵام بەکردەوە ئەوە پارتی بوو کە خۆی کردە خاوەنی مەسەلەکە.

ماڵباتی خیانەتی 16ی ئۆکتۆبەر یارییەکی زۆر زیرەکانە دەکەن، قەت ڕێگە نادەن حیزبەکانی دیکەی سنووری سلێمانی دەرفەتێکیان بۆ نزیکبوونەوە لە پارتی بۆ هەڵکەوێ و ببنە ئەڵتەرناتیڤی ئەوان لە حوکمڕانیدا. بۆیە لەو مەسەلەیەشدا، سەرباری ئەوەی کە پارتی لە ڕۆژی یەکەمەوە لە پشت غەدرلێکراوەکانی هەڵبژاردن بووە، پارتییان کردە تەڕەفی ئەو تەزویراتەی کە کردوویانە و، هاوکات کەسانێک لەناو گۆڕان و کۆمەڵ بە ئاشکرا و بە بەرنامە ئاو دەکەنە ئاشی ئەو ماڵباتەوە و وا دەکەن کە پارتی قەت لە حیزبەکانی دیکە نزیک نەبێتەوە. چونکە کێرڤی جەماوەریی ئەوان بەندە بە دژایەتیکردنی پارتی و، بەردەوامیی ڕێککەوتنی نێوان پارتی و یەکێتی، ئەگەرنا کەرەستەی کاری سیاسییان کۆتایی دێت. مەیلی پارتی بۆ نزیکبوونەوە لە حزبەکانی دیکەی دەرەوەی یەکێتی زۆر بەهێزە، بەڵام لەناوخۆی ئەو حیزبانەدا کەسانێک هەن کە ڕێک کار بۆ ئەجێندای ماڵباتی خیانەتی 16ی ئۆکتۆبەر دەکەن، لە جیاتی ئەوەی بیر لە تابلۆی حوکمڕانیی داهاتووی کوردستان بکەنەوە، ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر و زیاتر پارتی لە خۆیان سارد دەکەنەوە و بەرەو باوەشی یەکێتی پاڵیان پێوە دەنێن.

## بزمارێکی دیکە لە تابووتی جەلالیزم

2

وەک چۆن نەکرا و قەبوڵ نەکرا کە هەڵبژاردنە گشتییەکان لە هەرێمی کوردستان بە بیانووی ئەوەی تەمەنی پەرلەمان درێژ کراوەتەوە، پێش بخرێن، ئێستاش هیچ بیانوویەک نییە بۆ ئەوەی هەڵبژاردنەکانی کوردستان دوابخرێ و جارێکی دیکە تەمەنی پەرلەمان درێژ بکرێتەوە. دەبێ پێش هەموو کەسێک لایەنە ناڕازییەکان و حیزبەکانی سلێمانی دژی ئەو بۆچوونە بوەستنەوە، چونکە یەکێتی و بە تایبەتیش ماڵباتی خیانەتی 16ی ئۆکتۆبەر، سوودمەندی سەرەکین لە هاوکێشەی هەڵبژاردنەکانی بەغدا و هەولێر و، باش دەزانن چۆن یاری بەو کارتانە بکەن؛ وەک لە ڕابردوودا هەبووە.

بێدەنگی و بێمەیلیی حیزبەکانی سلێمانی بۆ هەڵبژاردنی کوردستان، نەدیتنی پێداگیری لەسەر وادەی دیاریکراو و خۆمژووڵکردنیان بە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی 12ی مایس، کارێکی ناواقیعییە و، ئەوە نیشان دەدات کە ئەوانیش بەشێکن لەو هاوکێشەیەی خزمەت بە مانەوەی ماڵباتی خیانەتی 16ی ئۆکتۆبەر دەکات لە حوکمڕانیی کوردستاندا. ئەگەرنا پێداگیری و گوشاری ئەوان بۆ ئەو وادەیەی کە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان دیاریی کردووە، گۆڕانێکی مێژوویی لە هاوکێشەی حوکمڕانی لە کوردستاندا دروست دەکات.

بەستنەوەی هاوکێشەی حوکمڕانیی کوردستان بە فاکتەری بەغداوە (کە دیارە ئەنجامەکانی چۆن دیاری دەکرێن) تەنها و تەنها خزمەتکردنە بەو حوکمڕانییە تەقلیدییەی کە لە کوردستاندا هەیە. بۆیە ئەگەر حیزبەکانی سلێمانی دەیانەوێ ئەو واقیعە بگۆڕن دەبێ جوڵەیەک بکەن.

## هەڵوەشاندنەوەی کۆمیسیۆن

3

ئەڵبەتە کۆمیسیۆنی باڵای (بەناو سەربەخۆ)ی هەڵبژاردنەکان کە تەمسیلی حیزبە سیاسییەکانی وڵات دەکات و حیزبە دەسەڵاتدارەکان پشکیان تێدا هەیە، بە پلەی یەکەم نیشانەی نەبوونی متمانەیە بە دەزگای دادوەری و بێلایەن نەبوون و ناسەربەخۆیی ئەو دەسەڵاتە. ئەگەرنا لەو وڵاتانەی کە پێڕەوی لە سیستەمی دیموکراسی دەکەن، وادەی ئەنجامدانی هەڵبژاردن دیاری کراوە و ئەسبابی دواخستنیشیان ڕوون کراوەتەوە. ئەوە جێگە بۆ هیچ تەئویل و تەفسیرێک ناهێڵێتەوە. کۆمیسیۆن یان شتێک بەناوی دامەزراوەی سەرپەرشتیکردنی هەڵبژاردن، جگە لە گەندەڵی و تەزویر هیچ شتێکی دیکە بەرهەم ناهێنێت. بیهێننە پێش چاوی خۆتان، کابرا چوار ساڵ جارێک ئیشیان پێیەتی، جا چ کۆمیسیار بێت یان کارمەند و لە هەمانکاتیشدا نوێنەرایەتی لایەنێکی سیاسی دەکات، ئایا دەتوانێ بێلایەن و سەربەخۆ بێت؟

هەڵبژاردنی 12ی مایس دەبێ ببێ بە وانەیەک بۆ ئەزموونی کوردستان و دوای ئەو هەڵبژاردنەی کە بڕیارە لە ئەیلولی ئەمساڵ بەڕێوەبچێ، ئەو دەستەی باڵایە (وەک هەمواری یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی بەغدا) هەڵبوەشێندرێتەوە و لە جێی ئەوان ئەو کارە بە دەسەڵاتی دادوەری لە کوردستان بسپێردرێت. لێرەوە گومانەکان سەبارەت بە ئەنجامەکان و چۆنیەتی بەڕێوەچوونی هەر هەڵبژاردنێک کە لە کوردستان دەکرێت، تا ڕاددەیەکی یەکجار زۆر دەڕەوێتەوە، چونکە ئەوکات لە جیاتی ئەوەی حیزبەکان بەشدار بن لە بڕیار سەبارەت بە هەڵبژاردن، تەنها ڕۆڵی چاودێرییان دەمێنێ. ئەزموون و تەجروبەی وڵاتانی پێشکەوتووش دەریدەخات کە بێ دامەزراوەی وەکو کۆمیسیۆنی باڵای بەناو سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانیش و، تەنانەت ئەژمارکردنی دەنگەکان بەدەستیش، دەکرێ هەڵبژاردنێکی نیمچە پاک و بێگەرد ئەنجام بدرێت.



مەجید نیزامەدین گلی
بەرپرسی نووسینگەی ڕووداو لە نەتەوەیەکگرتووەکان

# ئەو ڕاستییەی دەبێت هەمووان قەبوڵی بکەین

دەیان باڵیۆز و بەرپرسی نێودەوڵەتی و دیپلۆماتکار و ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆژنامەنووسان کۆبوونەتەوە.

ڤاسیلی نابینزیا باڵیۆزی ڕووسیا کە دوای باڵیۆزی ئەمریکا دووەم بەدەسەڵاتترین دیپلۆماتکارە لە نەتەوەیەکگرتووەکان، یەک بە یەک بەسەر هەموو میوانەکاندا دەسوڕێتەوە و پێدەکەنێت و گفتوگۆ دەکات و دەیەوێت هەستی برادەرایەتی دروست بکات. بەڵام هەموو ئەوانەی لەو بۆنەیەن، برادەر نین و هەندێکیان دوژمنی یەکترن. بەشار جەعفەری، نوێنەری سووریا، بەهۆی مانگی ڕەمەزانەوە وەکو زۆربەی باڵیۆزانی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی، بە ناچاری خۆی لە خواردن و خواردنەوە بەدوورگرتووە و بە گاڵتەوە توانج لە پەیامنێری ڕووداو دەگرێت کە گڵاسێک ئاوی لەدەستە (ئاگای لەوە نەبوو کە نزیکەی کاژێرێکە بانگی ئێوارە دراوە)، ئەو ئەستەمە هەستی برادەرایەتی لەگەڵ باڵیۆزی ئیسرائیل هەبێت یان دەرببڕێت کە نەک جەعفەری، بەڵکو باڵیۆزی یەک وڵاتی عەرەبیش ناوێرێ سڵاوێکیشی لێبکات. بەڵام ئەوەی ئەم هەموو نەیار و برادەر و ڕۆژنامەنووس و پیاو چاک و خراپەی کۆکردووەتەوە، ڕووسیا و باڵیۆزەکەیەتی کە بە کاڤیار و قسەی خۆش دەیەوێت هەستی برادەرایەتی لەگەڵ هەمووان دروست بکات.

ئەمە وێنەیەکی ڕۆژانەی زۆربەی ڕیسێپشن و بۆنە دیپلۆماسیەکانە کە تێیدا باڵیۆزی وڵاتان دەیانەوێت بە ئێواران تەوقە تەوقە، گفتوگۆ بە گفتوگۆ وێنەی خۆیان باش بکەن، زیاتر بەهیوای ئەوەی کە سبەینێ کاتێک خۆر هەڵات، ئەرکیان ئاسانتر ببێت کە ئەویش بریتییە لە پاراستن و بەرەوپێشبردنی بەرژەوەندیی حکومەت و وڵاتەکەیان. من لە بۆنەی هاوشێوەی ئەمەدا کە دەبینم کەسانی دەسەڵاتدار و "گرنگ" چۆن ئاوا خۆیان هیلاک دەکەن، بیر لەم ڕاستییە دەکەمەوە: پاراستنی وڵات و زیادکردنی دەسەڵاتی هەر کیانێکی سیاسی کارێکی ڕۆژانەیە و کۆتایی نایەت. ئینجا ئەو کیانە سیاسیە ڕووسیای زلهێز بێت یان هەرێمی کوردستان کە دەوڵەتیش نییە.

ئەمە پێچەوانەی بیرۆکەیەکی باو و ناڕاستی نێو ئێمەی کوردە کە ئەگەر سبەینێ ببینە دەوڵەت، یان عێراق لەمە زیاتر بێهێزبێت، ئیتر پێویست ناکات خۆمان هیلاک بکەین و هەڕەشە لەسەر وجود و خۆشگوزەرانیمان نامێنێت. ئێمە هەر بەدوای چارەسەرێکی سیحری و ڕووداوێکی "مێژوویی و چارەنووسساز"ـەوەین بۆ ئەوەی بەیەکجار هەموو کێشەکانمان چارەسەر بکات و لێی پاڵدەینەوە. ئەوەندە بە دوای ئەو ڕووداوە سحریەوەین کە وامان لێهاتووە ڕووداوێکی سیاسی ئاسایی وەکو پێکهێنانی حکومەتی عێراق بە "چارەنووسساز و مێژوویی" وەسف دەکەین. ئەمەش بەشێکی خەتای میدیایە و لە هەموو جیهانیشدا زۆربەی میدیاکان زێدەڕۆیی لە نیشاندانی قەبارەی ڕاستەقینەی ڕووداوەکاندا دەکەن. ئەوەی جیاوازە لە کوردستان کاردانەوەی بینەر و خوێنەرە. هەمووومان بە گشتی چاوەڕێی ئەو ڕووداوە سحریەین کە تەواو ڕزگارمان دەکات لە هەوڵدانی ڕۆژانە بۆ پاراستنی ئەوەی لامان گرنگە لە بەرامبەر بەغدا و هێزە نەیارەکانی دیکە. بەڵام لەڕاستیدا هیچ نەتەوەیەک بێ کێشە و تەحەدا نییە و کەس ناتوانێت پاڵ بداتەوە. ڕاستە کۆسپەکەی ئێمە گەورەترە، بێ دەوڵەتین و سنووری دەریاییمان نییە و چەندین واقیعی جیۆپۆلیتیکی دیکە کە تەحەدایە بۆ بوون و داهاتوومان، بەڵام ناشبێت وا بزانین کە تەنیا ئێمە پێویستمان بەوەیە ڕۆژانە کار بکەین بۆ ئەوەی ئەو کیانە نیمچە سەربەخۆیەی هەمانە لەناو نەچێت. هەوڵدان بۆ خۆپاراستن سوننەتی ژیانە و دەبێت قەبوڵی بکەین، بەتایبەتی لەم قۆناغەی دوای 16ی ئۆکتۆبەر.

ڕووسیا کە لە ئۆکراینەوە بۆ سووریا تەحەدای ئەمریکای زلهێز دەکات، باڵیۆزەکەی لە نەتەوەیەکگرتووەکان دوای ڕۆژێکی پڕ هیلاکی و پێنج کۆبوونەوەی درێژ، ئێوارەکەی ناچار دەبێت میوانداریی سەدان کەس بکات و موجامەلەی گەورە و بچوک بکات. بۆچی؟ چونکە پاراستن و بەرەوپێشبردنی بەرژەوەندیی نەتەوەیەک کارێکی ڕۆژانەیە و بە ڕووداوێکی سیحری "مێژوویی" کۆتایی نایەت.

هەرێمی کوردستان ناچارە بەردەوام بێت لە هەوڵدان بۆ پاراستنی ئەو نیمچە سەربەخۆییەی کە لە بەغدا هەیەتی. ئەمە قەدەر و چارەنسوویێتی و چاوەڕێی هیچ ڕووداوێکی سیحری مەکە کە ئەو هاوکێشەیە بگۆڕێت. بەڵکو قەبوڵی ڕاستییەکە بکە. دەرئەنجامی پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتی عێراق نەک هەر مێژوویی نییە، بەڵکو ئەگەرێکی زۆر کەمی هەیە کە هیچ لە ژیانی تاکی کورد بگۆڕێت و هەمان شت ڕاستە بۆ دەیان ڕووداوی دیکەی سیاسی کە بە "مێژوویی و چارەنووسساز" ناوبران. ئەوەی کە ئەگەری زیاتری هەیە کاریگەری لەسەر ژیانی تاکی کورد هەبێت، کاری ڕۆژانە و ڕۆتینی بڕیاربەدەستانی کوردە بۆ ئەوەی ئەو نیمچە سەربەخۆییە لە بەغدا و نەیارانی دیکەی بپارێزن.

16ی ئۆکتۆبەر چارەنووسساز بوو، گشتپرسی مێژوویی بوو ئەگەر دەرئەنجامەکەی گەیشتن بە دامەزراندنی دەوڵەت بووایە، بەڵام هەڵبژاردنەکانی عێراق و پێکهێنانی حکومەت تەنها وردەکاریەکە کە ئەرکی نیشتیمانی و سیاسی نوخبەی سیاسی کوردە زۆر گرنگیی پێ بدەن وەک چۆن باڵیۆزی ڕووسیا گرنگی بەو بۆنەیەی ڕۆژی نیشتیمانیی ڕووسیا دا.



ئیسماعیل حەمەعەلی خورماڵی
بڕیاردەری ئەنجوومەنی کۆمسیاران، کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی

# دواکەوتنی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان و لێکەوتەکانی

ڕاسپاردنی کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکانی کوردستان بۆ ئامادەکاری بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە ڕۆژی 8ی ئایاری ڕابردوو، مشتومڕی زۆری میدیایی و سیاسی بەدوای خۆیدا هێنا، چونکە چاوەڕوان دەکرا هەرسێ هەڵبژاردنی (پەرلەمانی کوردستان، ئەنجوومەنی پارێزگاکان، سەرۆکایەتی هەرێم) پێکەوە بکرێن.

دوای ئەوەی کۆمسیۆن دەستی کرد بە ئامادەکاری بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بەتەنها، جاروبار لە میدیاکانەوە باس لەوە دەکرێت کە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران کۆمسیۆن بۆ ئامادەکاری بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان ڕادەسپێرێت. بێگومان لە حاڵەتی کردن یان نەکردنی ئەو هەڵبژاردنەدا، کۆمەڵە لێکەوتەیەکی یاسایی و سیاسی و دارایی و کۆمەڵایەتی دەبێت کە لەخوارەوە بەکورتی ئاماژەیان بۆ دەکەین.

### وادەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان لەیاسادا چۆنە؟

لە برگەی (دووەم) لەماددەی چواردەهەم لە یاسای ژمارە (3)ی ساڵی 2009، یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان – عێراق هاتووە: "ماوەی خولی هەڵبژاردن چوار ساڵی ساڵنامەییە لە یەکەم دانیشتنیەوە دەستپێدەکات و بەکۆتاییهاتنی ساڵی چوارەم کۆتایی دێت".

لە برگەی سێیەم، ماددەی سی و یەکەمی یاسای ژمارە (4)ی ساڵی 2009ی هەموارکراو، یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنەکانی پارێزگاکان و قەزاو ناحیەکان لە هەرێمی کوردستانی – عێراق هاتووە: "لە حاڵەتی ئەستەمبوونی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکاندا، ئەنجوومەنەکان لەبەڕێوەبردنی کاروباری خۆیان بەردەوام دەبن تا ماوەیەک لە (90) ڕۆژ زیاتر نەبێت لەڕۆژی کۆتاییهاتنی خولەکەوە".

لەبرگەی یەکەمی هەمان ماددەی یاساکەدا هاتووە: "وادەی هەڵبژاردن بەبڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بەڕاوێژ لەگەڵ دەستە دیاری دەکرێت، لە دەزگا هەمەجۆرەکانی ڕاگەیاندنیشدا بە (90) ڕۆژ بەر لە وادەی دیاریکراو بۆ بەڕێوەچوونی، ڕادەگەیەنرێت".

بەسەرنجدان لەو برگە یاساییانە دەگەینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

1- ماوەی خولی هەڵبژاردن چوار ساڵە پاش یەکەمین کۆبوونەوەی ئەنجوومەن.

2- لەدوای ئەو چوار ساڵە لەحاڵەتی ناچاریدا تەنها (90) ڕۆژ دەتوانن لەکارکردن بەردەوام بن.

3- پێویستە (90) ڕۆژ پێش وادەی هەڵبژاردن بەڕاوێژ لەگەڵ کۆمسیۆن، سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران وادەکە ڕابگەیەنێ.

### هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان کەی ئەنجام دەدرێت؟

لە 2014/4/30 هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان لە هەرێمی کوردستان بەڕێوەچوو، کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی پارێزگاکان زیاتر لە مانگ و نیوێک دواکەوت. دواهەمینیان ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی بوو کە لە 2014/6/24 یەکەمین کۆبوونەوەی خۆی ئەنجامدا.

کەواتە تەمەندرێژترین ئەنجوومەن لە 2018/6/24 چوار ساڵ بەسەر یەکەمین کۆبوونەوەیدا تێدەپەڕێت و ماوەی یاسایی کۆتایی دێت. بە لەبەرچاوگرتنی برگەی سێهەم، ماددەی سی و یەکەمی یاسای ژمارە (4)ی ساڵی 2009ی هەموارکراو، تەنها (90) ڕۆژ دەتوانن بەردەوام بن لەکارکردن دوای ئەو بەروارە. بەمەش لە 2018/9/24 ئەو ئەنجوومەنانە بەسەر دەچن لەڕووی یاساییەوە. کەواتە ئێستا کەمتر لە (90) ڕۆژ ماوە بۆ بەسەرچوونی تەمەنی یاسایی ئەنجوومەنەکان.

بەسەرنجدان لە برگەی یەکەمی هەمان ماددەی یاساکە، دەبوو سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران (90) ڕۆژ بەر لەوادەی تەواوبوونی تەمەنی یاسایی ئەو ئەنجوومەنانە، بەڕاوێژ لەگەڵ کۆمسیۆن، ئەو وادەیەی ڕابگەیەندایە، ئەوەش لەبەرچاو بگیرایە کە لانیکەم دوو هەفتە دابنرایە بۆ ڕاگەیاندنی ئەنجامەکان و یەکلابوونەوەی سکاڵا و تانەکان. بەو مانایەی لە سەرەتای مانگی (9)ی ئەمساڵدا دەبوو هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان بکرێ.

### هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان و پەرلەمانی کوردستان لەهەمان وادەدا دەکرێن؟

کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان زۆربەی ئامادەکارییەکانی بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان تەواو کردووە. بەپێی ڕاگەیەندراوی کۆمسیۆن ئەمڕۆ 2018/6/25 دوا ڕۆژی خۆتۆمارکردنی هاوپەیمانییەکانە. خشتەی کردارەکی کۆمسیۆنیش وا ڕێکخراوە کە لە 2018/9/30 هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت.

ئەگەر ڕاوێژ بەکۆمسیۆن بکرێت و ڕاسپێردرێت بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان، بێگومان ناتوانێت لەسەر ئەو خشتە کردارەکیەی ئێستا بەردەوام بێت و پێویستە گۆڕانکاری تێدا بکات، کۆمسیۆن پێویستی بەکاتی زیاترە بۆ دانانی وادە بۆ سەرلەنوێ خۆتۆمارکردنی قەوارە سیاسییەکان و هاوپەیمانییەکان. چونکە لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا هەموو هەرێمی کوردستان یەک بازنەی هەڵبژاردنە، بەڵام هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان فرەبازنەیە و هەر پارێزگایەک بازنەیەکی هەڵبژاردنە. ئەم پرۆسەیەش زیاتر لە مانگێکی پێویستە. چونکە جگە لەکاتی خۆتۆمارکردن بۆ قەوارەکان، دوای پەسەندکردنیان بەپێی یاسا (3) ڕۆژ هەیە بۆ پێشکەشکردنی تانە و (7) ڕۆژیش بۆ یەکلاکردنەوەی تانەکان. بۆ هاوپەیمانێتیش بەهەمان شێوە، واتە (20) ڕۆژ، زیاتر لە (10) ڕۆژیش پێویستە بۆ خۆتۆمارکردنی قەوارەکان و پاشان هاوپەیمانییەکان، جگە لەزیادکردنی ماوە بۆ دیزاینی پەڕەی دەنگدان و چاپکردنی. کەواتە ناتوانرێت لە 2018/9/30 دا ئەو هەڵبژاردنە بکرێت.

### ئەی کەی لەتوانادایە بکرێ؟

بۆ چارەسەری ئەم حاڵەتە دوو گریمانە هەیە:

یەکەم: هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لەوادەی خۆیدا ئەنجام بدرێت و لە وادەیەکی تردا هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان ئەنجام بدرێ.

دووەم: هەردوو هەڵبژاردنەکە پێکەوە دوابخرێن و لەوادەیەکی تردا ئەنجام بدرێن.

### لێکەوتەکانی ئەم دوو حاڵەتە چین؟

ئەگەر حاڵەتی یەکەم وەرگرین:

یەکەم: لەڕووی یاساییەوە ئەنجوومەنی پارێزگاکان بەسەردەچن و شەرعیەتیان نامێنێت.

دووەم: لەڕووی داراییەوە تێچوونێکی زۆری دەوێت بۆ دوو هەڵبژاردن.

سێیەم: لەڕووی سیاسیەوە دابڕان و گرفت و قەیرانەکان لەسەر ئاستی پارێزگاکان قووڵتر دەکاتەوە.

چوارەم: جەماوەر ئێستا بێئومێدە لەپرۆسەی سیاسی و لە هەڵبژاردنەکان، بۆیە بەزەحمەت دێتەوە سەر سندوقەکانی دەنگدان. ئەگەر بکرێتە دوو هەڵبژاردنیش ئەوا زۆر کارەکە گرانتر دەبێت.

لە حاڵەتی دووەمدا:

یەکەم: بەهەمان شێوەی حاڵەتی یەکەم لەڕووی یاساییەوە ئەنجوومەنی پارێزگاکان بەسەردەچن و شەرعیەتیان نامێنێت.

دووەم: تەمەنی یاسایی پەرلەمان کە بۆ دوو وەرز درێژ کراوەتەوە، ڕاڤەی جیاواز بۆ ئەو دوو وەرزە کرا و درێژترینیان (12) مانگ بوو، بەمەش لە 2018/11/6 دا تەمەنی یاسایی پەرلەمان کۆتایی دێت. پاش ڕۆژی هەڵبژاردن لانیکەم (15) ڕۆژ پێویستە بۆ یەکلاکردنەوەی تانە و سکاڵاکان و ڕاگەیاندنی ئەنجامی کۆتایی. کەواتە 2018/10/20 دوا وادەیە بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان. لەم وادەیەشدا کۆمسیۆن ناتوانێت هەردوو هەڵبژاردنەکە پێکەوە ئەنجام بدات. لەدوای ئەو وادەیەش تەمەنی پەرلەمانی کوردستان بەسەر دەچێت و پێویستە لانیکەم پەرلەمان بۆ وەرزێکی تر تەمەنی خۆی درێژ بکاتەوە کە (6-4) مانگە بەپێی ڕاڤەی جیاواز. ئەمەش پێویستی بەدەنگی زۆرینەی پەرلەمانە. جگە لەو بارگرانیەی لەسەر شانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە کە دەبێت تاکۆتایی ئەو وەرزە بەردەوام بێت. بێگومان شەپۆلێکی تری ناڕەزایی میدیایی و جەماوەری بەدوای خۆیدا دەهێنێت و قەیرانەکان قوڵتر دەکاتەوە.

سێیەم: لەڕووی سیاسیەوە بێمتمانەیی زیاتر دەکات لەنێوان جەماوەر و لایەنە سیاسییەکاندا کە هەڵبژاردنەکان لەکاتی خۆیاندا ئەنجام نادرێن و گرفتیان بۆ دروست دەکرێ.

### لەکۆتاییدا:

ئێستا زۆر درەنگە بۆ بڕیاردان لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان، هەر بڕیارێکیش بۆ دیاریکردنی وادەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان یان دواخستن و نەکردنی، چەندین بەربەست و قەیرانی یاسایی و سیاسیی و دارایی و جەماوەری و میدیایی زەق دەکاتەوە و دەیکاتە سەرباری ئەو هەموو قەیرانەی ڕووبەڕووی هەرێمی کوردستان بووەتەوە، کە دۆزینەوەی ڕێگاچارە بۆیان زۆر سەختترە لەجاران، بەتایبەت پاش هەڵبژاردنی 2018/5/12 کە کۆمەڵە دەرهاوێشتەیەکی نەرێنی تری هێنایە پێش و لەو کاتە بەدواوە سەرجەم حیزبە ناڕازیەکان دژی هەر گفتوگۆیەکن لەگەڵ دوو هێزی دەسەڵاتداری هەرێمی کوردستان کە ئێستا بەتەنها لەحکومەتدا ماون.

بەداخەوە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ قەیرانەکان زیاتر کەڵەکە دەبن و ئاسۆیەکیش بەدی ناکرێت بۆ چارەسەریان، تەنها هیوایەک مابێت گۆڕانکاری ئەرێنیە بەقازانجی دەنگ و کورسی حیزبە ناڕازیەکان، لە ئەنجامی سەرلەنوێ هەژمارکردنەوەی دەنگەکان بەدەستی، کە هاندەربێت بۆ یەکریزی و گفتوگۆی جدی، ئەمەش ئەگەرێکی دوورە و نزیکە لە مەحاڵەوە، بۆیە بینەری گەرێکی تری کێشمەکێش و لێکترازانی زیاتری حیزبەکان دەبین لەداهاتوودا.

ئەم وتارانە گوزارشت لە ڕای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW

Rudaw Media Network

Rudaw readers know more



سەحەر

## شەیدای سەمای عەرەبییە

10 »

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو

سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net

جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net

بەڕێوەبەری نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net

بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیمەتی hhimati@rudaw.net

ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قڕگەیی

دیزاینەران : هونەر مەرجان، ئاکار جەلیل

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات

نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997

ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی 0750 488 56 96 - Tel ل: 0750 486 34 12

rudaw@rudaw.net








